رۆلان بارت

# دەروازەیەك بۆ
# شی کردنەوەی بنیاتگەرانەی چیرۆك

# ڕۆلان بارت

# دەروازەیەك بۆ
# شی کردنەوەی بنیاتگەرانەی چیرۆك

**تاریق کارێزی**

**لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی**

**پێداچوونەوە**

**د. نەجم ئەڵوەنی**

**د. مونزر عەیاشی**

**لە فەرەنسییەوە کردوویە بە عەرەبی**

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە**

● **دەروازەیەك بۆ شی کردنەوەی بنیاتگەرانەی چیرۆك**

● رۆلان بارت

● وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: تاریق کارێزی

● وەرگێڕانی لە فەرەنسییەو بۆ عەرەبی: د. مونزر عەیاشی

● پێداچوونەوە : د. نەجم ئەلوەنی

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: هۆگر سدیق

● نرخ: (٣٠٠٠) دینار

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپخانە: ئازادی (هەولێر)

● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٣٥٢) لەساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٩٦٢)

**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com

**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك

**١- زمانی چیرۆك ........................................ ٣٠**
أ- لەو دیوی رستەوە ........................................ ٣٠
ب- ئاستەكانی واتا ........................................ ٣٢
**٢- ئەركەكان ........................................ ٣٨**
أ- دیاری كردنی یەكەكان ........................................ ٣٨
ب- چینەكانی وشە ........................................ ٤١
ج- سینتاكسی ئەركی ........................................ ٤٨
**٣- كردارەكان ........................................ ٦٠**
أ- بەرەو دۆخێكی بنیاتگەرانەی كارەكتەرەكان ........................................ ٦٠
ب- پرسی پاڵدراو ........................................ ٦٣
**٤- گێڕانەوە ........................................ ٦٨**
أ- گەیاندنی گێڕانەوە ........................................ ٦٨
ب- رەوشی چیرۆك ........................................ ٧٣
**٥- سیستەمی چیرۆك ........................................ ٧٩**
أ- لادان و فراوان بوون ........................................ ٧٩
ب- لاسایی كردنەوە و واتا ........................................ ٨٤

**وشەیەك:**

دەبێ بڵێم، یەکەمین جارە خۆم لە قەرەی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی دەدەم. لە نێو دنیای رەخنەی ئەدەبیشدا، رۆلان بارت چیایەکی سەخت و پڕ لە بژوێنە. نایشارمەوە بە راستی وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە منی شەکەت کرد، ئەوەی بارەکەی راست کردەوە و لە وەرگێڕانەکە دڵنیای کردم، پێداچوونەوەکەی د. نەجم ئەڵوەنی بوو، کە وەك پسپۆرێکی بواری ئەدەب و رەخنەی کوردی و ئەکادیمییەکی چالاك و ناسراوی باشووری کوردستان، وەرگێڕانەکە لە سەر پێشنیاری ئەو بوو، ئەرکی پێداچوونەوەکەشی گرتە ئەستۆ. ئێمە ئەرکی وەرگێڕانەکەمان بەجێ گەیاند، هیوامان ئەوەیە خوێنەر و رەخنەگر و توێژەرانی کورد کەڵکی لێ وەربگرن.

تاریق کارێزی

## ١- چیرۆك لە نێوانی سنووردارییی نموونە و بێ کۆتایی بەرهەمدا:

(بارت دەڵێ: "نە لە رابردوو، نە لە ئێستاشدا، نە لـە هـیچ شـوێنێکدا، گـەلێك نییە چیرۆکی نەبێت"[١].

جا کە چیرۆك ئەم ئامادە بوونەی هەبێت، ئاخۆ دەکرێ بـۆ چـیی بگێڕینـەوە؟ تـۆ بڵێی مەسەلەکە هەر تەنیا ئارەزوویەك بێت بۆ چیرۆك دادان، یان هەر بۆ خۆ خافڵاندن بێت بە قسە و ئاخافتن، یان بۆ تێر کردنی ئارەزوویەکی دەروون بێت؟ ئایا دەکرێ ئـەم شتە بدەینە پاڵ ئەوەی گەلان، بۆیە وا دەکەن تا هەواڵ و رووداوی خۆیان تۆمار بکەن، ئەوەی لـە نـاخ و سـینەیاندا گینگـڵ دەدات، ئاشـکرای بکـەن، کـە بـە جۆرێـك لـەو جۆرانەی قسەکە گوزارشت لە رۆحیان دەکات، (تا) بۆ ئەوانی دیکەی بگوازنەوە؟

رەنگە کارەکە هەر وا بێت. خۆ رەنگە گەلێك هۆی دیکەش هەبن، رەنگە بـێ لـە ئەوانیش هۆی دیکەی نارۆشن و نەناسراویش هەبن. مرۆڤ تا نووکە رازێکی پەنهانـە. لە ئاست دەروازەکـانی داخـراوی نهێنیـی ئـەودا، زانسـت سـەرگەردان رادەوەسـتێت. هەڵبەت سێ و دوو لەوەدا نییە، کە چیرۆك سیستەمێکی زمانییە، لەو دیوی خۆیدا، سیسـتەمی کولتـوور و شارسـتانیەتی ئـەو نەتەوەیـەی دای هێنـاوە، پیشـان دەدات. داستانی ئۆدیسە، زمانێکە سیستەمەکەی نیشـانەیە بـە سیسـتەمی کولتـووری ئـەو نەتەوەیـەی دای هێنـاوە. چـیرۆکەکانی (هــەزار و یـەك شـەوە) زمانێکـە، فاوسـت زمانێکە، برایانی کارامـازۆف، گـەڕان بـە دوای کـاتی ون بـوودا، حـەی بـن یـەقزان، پیرەمێرد و دەریا، شەڕ و ئاشتی، هەروەها گەلێك بەرهـەمی دیکـەی زەبـەلاح، هـەر یەکەیان زمانێکە و سیستەمەکەشی، رەوش و سیسـتەمی کولتـوور و شارسـتانیەتی ئەو نەتەوەیە دەخاتە روو کە دای هێناوە.

بەڵام بەرانبەر بە هەموو ئەمانە و لەگەڵ ئەوانیشـدا، دەکـرێ سـەرنج بـدەین کـە چیرۆك هەر تەنیا تێـر کردنـی ئـارەزوو یـان مـەیلێك نییـە. ئـەو (واتـە چـیرۆك)، بـە دڵنیاییەوە، کارێکە هەر بۆ خۆی ئامانج و مەبەستە. ئەمەش دەیکاتە هونەرێك کـە

له تەلارەکەیدا، تەلارسازیی ئەو عەقڵەی لە نێویدا شاراوەیە، دەخاتە ڕوو. دیسان زەوقێکە ناسکی و وردییەکەی، ناسکی و وردیی ئەو نەتەوەیە ئاشکرا دەکات کە نەتەوەی هونەرمەندەکەیە، واتایەکیشە نهێنییەکەی، نهێنیی ئەو نووسەرە و درەوشانەوەی ئەو کۆمەڵگایە دەخاتە بەر چاو، کە لەبارەیەوە دەنووسێت.

بە گوێرەی ئەم واتایە، چیرۆك ڕووکار و ئاوێنەی گەلانە، نامە و پەیامێکە وردترین سیما و خەسڵەتی گەل وێنا دەکات. ئەو تابلۆ بە زمان هاتووەیە، کە مرۆڤ وێنەی ڕزگار بوونی خود لە یەکانایەتیی خۆی، ڕزگار بوونی لە تاکایەتیی خۆی، ڕزگار بوونی لە زیندانی دیدی تەسکی خۆی و چوونی بۆ نێو پێدەشتی فرەیی و ڕەهایی خۆی، تێدا دەبینێت.

ئەگەر مرۆڤ ئەمە لە چیرۆکدا ببینێت، لەبەر ئەوەیە کە نموونەیەکی زیندووە بۆ کرانەوەی "من" لە ڕووی هونەرییەوە. لە ڕووی ئەفراندنیشەوە چوونیەتی بۆ نێو دیالۆگێك لەگەڵ "تۆ"دا، ئەو "تۆ"یەی لە ئەوی دی، ئەوی دیکەی دوور، نزیك، ئامادە، نائامادە، هاوزەمەن لە ڕووی مێژووەوە، ئامادەی ڕاگوزەر، ئەوەی لە ئاییندەدا دێت، بە هەموو زمانێك، لە هەموو نیشتیمانێکدا، بەرجەستە دەبێت.

ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت، چیرۆك بووەتە هەبوویەکی هەمیشەیی و ئامادە بوونێکی نەبڕاوە. بەڵام، ئەگەر "چیرۆکەکانی جیهان زۆرن"، وەك بارت پێی وایە، ئیدی بۆمان هەیە لەگەڵ ئەودا بپرسین: ئاخۆ جیاوازیی نێوان ئەوەی "گێڕانەوەیە" و ئەوەی "چیرۆکە" چییە؟ ئەدی جیاوازیی نێوان ئەوەی قسەیە و هەواڵێکی تێدا دەگێڕینەوە و چیرۆکێك کە هەر هەواڵێکی تێدا دەگێڕینەوە، چییە؟ ئاخۆ جیاوازیی ئەمیان لە ئەوی دیکەیان چییە؟ چۆن جیاواز دەبن؟ دواجار بۆمان هەیە بپرسین، وەك چۆن بارت بۆ خۆشی هەر دەیپرسی: "چۆن دەکرێ، بە بێ ئەوەی بۆ نموونەیەکی هاوبەش بگەڕێینەوە، بەراورد لە نێوان ڕۆمان و کورتە چیرۆك، لە نێوان حەکایەت و ئەفسانە، لە نێوان کارەسات و تراژیدیادا بکەین؟"

جا، ئەگەر پرسی "نموونە" وەك دیارە خەمێكی گرنگە بە لای (بارت)ــەوە، ئـەو هەروەها سەبارەت بە نووسەر، توێژەر و خوێنەریش، چونیەك خەمێكی کـەم بایـەختر نییە. جا ئەگەر ئەمە وا بێت، لێرەشدا ئێمە بۆمان هەیە، بەر لەوەی یـەك نەفـەس و وەك پارووییەك، وەڵام وەربگرین، بپرسین: ئایا ئەو نموونەیە بۆ بابەت و بیرۆکەیـە؟ یـان ئەو نموونەیە بۆ شتێکی دیکەیە، کە دوور لە بابەت و بیرۆکـە بنیـات دەنـدرێت؟ یـان ئەوەتا بە بابەت و بیرۆکەوە دەبێتە نموونە بۆ قسەی تایبەت؟ یان ئەوەتا نە ئەمیانە و نە ئەوی دی، بەوەی شتێکە رێسای لە رێ و لە کاتی بەجێ گەیاندنیدا بۆ دێت؟

بارت، نە فەرامۆشمان دەکات و نە پێچ و پەنا دەکات. ئەو وەڵاممان دەداتێ. جا بۆ ئەوەی بتوانین شتی بنەڕەتیی لـێ هـەڵوارین، پێمـان باشـە بـە سـەر بـەش و تـەوەردا دابەشیان بکەین. هەر بەش و تەوەرێکیش، جۆری ئەو توێژینەوەیە رادەگەیەنێت، کـە بارت لە شیکاریدا پەیڕەوی دەکات، هەروەها ئـەو تێڕوانینـەش دەخاتـە روو، کـە لـە باسی چیرۆکدا پشتی پێ دەبەستێت.

**نموونە:**

زاراوەی نموونە سەرنج راکێشە. ئەویش لەبەر ئەوەیە بە رواڵەت، یان بە جۆرێك لە مەزەندە، یاخود بە عەقڵێکەوە کە روو لـە لاسـایی کردنەوەیـە و پشـتی بـە لاسـایی کردنـەوە بەسـتووە، رەنگـە تـەفرەمان بـدات، کـە سـپاردە بـە گوژمـەی رێسـاکانی پێوانەسازی و پیـادە کردنـی ئـەوان، هـەروەها رێسـاکانی فێرکارانـەی رێنماییکـەر و نموونەی ئەوانمان بکات، هەر رێك وەك وانەیەکی ئاسایی رێزمـان، یان هەر بە چەشـنی رەوانبێژیی بەسەرچوو. بە کردەنیش، ئەو عەقڵەی دەستی لە خۆی بەرداوە تا وچان لە سایەی نموونەدا بدات، ئەگەر ئەو بێت ئەو رێسایانەی، ئەگەر پیادە بکـرێن، نووسـەر بە سایەی ئەوانەوە بە مەبەست دەگات، توێژەریش لە رێی ئەوانەوە درك بە مەقسـەد دەکات، بەڵام نووسین لە لای (بارت) ئەمە نییە، بەڵکوو دەست پێ کردنێکە لە پلەی سیفرەوە، لە لاپەڕەی سپییەوە. جا رەخنەگرێك ئەمە دیدی بێت، مەحاڵە بۆ دروست

کردنی نووسین زاراوەکانی بە پێوەری پێشینە پڕ بکات، یان بە ڕێسای چەق بەستوو کە تەلاری نووسراوی لە سەر ڕۆ بندرێت.

لە بەکار هێنانی زاراوەیەکی وەك ئەمەی لە لایەن (بارت)ـەوە بەکار هات، بەم جۆرە نییە. بە لای ئەوەوە نموونە کردەیەکە، تا بەجێ نەگەیەندرێت، ناکرێ درکی پێ بکرێت، بۆیە دەبینین لە نێو نووسراودا شوێنێکی بۆ خۆی هەڵبژارد، کە هەرە گونجاوە بۆ چیرۆك نووسین، هەروەها لەگەڵ ڕوانگەی بارت و ڕوانینی ئەودا بۆ چیرۆك جووتە. ئەو شوێنە فۆرمە. جا لێرەوە دەبینین، لەبارەی نموونەوە، کە شوێن و چوارچێوەی دیاری دەکات، دەڵێ: "نموونە لە هەموو قسەیەکدا هەیە، کە (ئەو قسەیە) لەبارەی فۆرمی گێڕانەوەی هەرە تایبەت و هەرە مێژووییەوەیە."

جا ئەگەر ئەمە ڕوانگەی ئەو بێت، ئیدی نموونەی چیرۆك لە لای ئەو، وەك پێشتر گوتمان، لە سەر بابەت یان بیرۆکەکەی بەند نییە. هەروەها قسە کردن لەبارەی نموونەوە بەوەی لە نێو فۆرمی گێڕانەوەدایە، ناگونجێت کە بە قسە کردن لەبارەی بیرۆکەیەکەوە بگۆڕدرێت، ئەویش بە بەهانەی ئەوەی چیرۆك لە جیهاندا بە ژمارە دیاری کراوە، یان وەك بارت دەڵێ: "بە بەهانەی ئەوەی ڕووداوێکی گەردوونییە". ئەگەر توێژەر ئەو بەهانەیە ڕەچاو بکات، هەر لەو کاتەوە کە توێژەران کەوتوونەتە توێژینەوە لە چیرۆك، لە خاڵێکدا دەوەستا و بەرەو خاڵێکی دی تێی نەدەپەڕاند. خۆ حاڵی نووسەر لە حاڵی توێژەر کلۆڵتر و کولەمەرگتر و بەرتەسکتر نەدەبوو. ئەو خۆی لە بەردەم خشتەیەك بیرۆکەی ئامادەدا دەبینییەوە، هەروەها خۆی لە بەردەم پێڕستی بابەتگەلێکدا دەبینییەوە کە تەواو کراون. لەم حاڵەتەدا ئەرکی داهێنەرانەی بەم بیرۆکانەوە بەند دەبێت، جگە لەو بابەتانەی پێشتریش هەبوون. ئیدی لە سەریەتی نموونەیەك لە نێویاندا هەڵبژێرێت، کە بیرۆکە و بابەتی خۆی بەو بپێوێت. جا بەم پێیە بێت، ئەو لە کۆپیکارێك بەو لاوە چی دی نییە، ئەوەی دەینووسێت لاسایی کردنەوەی نووسینی بەر لە خۆیەتی. ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاست بێت، کاری توێژەر کۆتایی پێ دێت، کاری ڕەخنەگریش هەر لەوەدا قەتیس دەبێت، کە ئەو بیرۆکانەی نێو بەرهەمی ئەدەبی

بدۆزێتەوە، کە وەك ئەوانەی لای خشتەکەی ئەون، ئەوانە پێشتر ئامادە کراون و بە سەریشدا پیادە دەبن (جووت دەبن). کار کە وا بێت، ئیدی حاڵی ئەو، چون حاڵی ڕەوانبێژ دەبێت، کە لە دەقدا بە دوای خوازە، یان مەجاز، یان جووت (وەك هەڤ)، یان شتی دیکە کە لە چەشنەکانی ڕەوانبێژیدا ناسراون و حازر و ئامادەن. سوێند بێ، ئەمە سەبارەت بە ڕەخنەگر و نووسەریش ئەرکێکی جێ داخە، کە ڕەوش بەو جۆرە بێت.

هەڵبەت ئەگەر نموونە لە نێو فۆرمەکانی گێڕانەوەدا بێت، ئەمە دەرگای داهێنان بە فراوانی بۆ ڕەخنەگر و نووسەر دەکاتەوە. فۆرم گیاندارێکی زمانییە، زمان بەجێی دەگەیەنێت، پاشان ڕەتیشی دەکاتەوە، ئەوسا بەجێی دەگەیەنێت و پاشتر ڕەتی دەکاتەوە، جا لەگەڵ هەر چیرۆکێکدا کە دەنووسرێت، بەم جۆرە پێدا بڕۆ. ئەمەش ڕووی نەدەدا، لەبەر ئەوە نەبێت کە دەسکەوتی زمانی کۆتایی نایەت. تا ژیان ما بێت، ئەویش هەر بەردەوامە، بێ بڕانەوەشە، هاوکوفی نەبڕانەوەی مرۆڤ بە زیندوویی، گوزارشت لە پێداویستی تازەی (مرۆڤ) و گەشە کردنی بی کۆتایی ژیانەکەی دەکات.

بەم جۆرە، نموونە بنەچەیەکە دووبارە نابێتەوە، سیمایەکە نیشانەی دەگمەنییە، سەرباری ئەوەی لە شرۆڤەدا ئامرازێکی گرنگە.

### بنیات و شی کردنەوە:

ئەگەر شێوە (فۆرم) بنیاتێکی زمانی بێت، کە لەودا نموونە بنەچە و دەگمەنایەتیی خۆی دەبینێتەوە، ئیدی بەدیهییە (بارت) لە پێناوی ئەودا، بە دوای یەکێك لە میتۆدەکاندا بگەڕێت، کە پێشتر وابەستەی ئەو بێت و پتر ڕۆ چووبێتە نێو کەینوونەی ئەوەوە، یان ئەوەتا بەوەی کە میتۆدە، لە ئاراستە و شێوەی کار کردنیدا، لە هەمان کەرەستەی زمانییەوە وەرگیراوە، کە شێوە لەوەوە دروست دەبێت. لەم گۆشەنیگایەوە، زمانەوانی ئەو مەیدانە بوو کە (بارت) دەتوانێت بابەتەکەی خۆی (شێوە)ی تێدا بخاتە ڕوو، تا لەگەڵ زماندا لە پەیوەندیدا بێت، ئەوجا شرۆڤە بکات،

کە لە سەر زمانەکەی خۆی زمانی گوتارێکی دی بنیات بنێت، ئەویش هەمان گوتاری رەخنەیە. لە پێناو بەجێ گەیاندنی ئەو ئامانجەی چاوی تێ بڕیوە، هەروەها بەوەش بگات کە دەخوازێت بیبینێت. ئیدی بنیاتگەریی هەڵبژارد تا بیکاتە دەسپێکی کار و لە رێی ئەویشەوە کار بکات. لەم بارەیەوە (بارت) بۆچوونێکی هەیە. لە پاش ئەوەی دیتی نموونە لە نێو شێوەکانی گێڕانەوەدا بەدی دێت، هەروەها دیتی "ئاساییە کە بنیاتگەریی تازە باو ئەو شێوەیە بکاتە بەرایی بایەخ پێدانی خۆی". هۆی ئەوەش لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە دەڵێ: "ئایا مەبەست سەبارەت بەو (واتە سەبارەت بە بنیاتگەری) ئەوە نییە، کە بە سەر بێ کۆتایی قسە کردندا زاڵ بێت؟ ئەویش بە وەسف کردنی "ئەو زمانە"ی قسەکەی لێ دەردەچێت، ئەوەش کە دەتوانین لەوەوە بیهێنینە ئاراوە."

## ٢- گەڕان بە دوای لە بنیاتی چیرۆکدا:

لە ئەفسانە و حەکایەتدا گێڕانەوە هەیە، وەك چۆن لە کۆمیدیا و تراژیدیادا هەیە. بەدیهییە ئەگەر بڵێین: هەروەها لە رۆمان، چیرۆك و کورتە چیرۆکیشدا هەیە. بەڵکوو لەوەدایە وای دابنێین، نووسینێك نییە، ئەگەر هەر چییەك توخم و جۆری بێت، بە جۆرێك لە جۆرەکان گێڕانەوەی تێدا نەبێت.

ئەگەرچی رەخنەگران چیرۆك (لەوانە رۆمان و کورتە چیرۆکیش)یان لە ئەوانی دی جیا کردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان لە بەردەم ژمارەیەکی بێ کۆتایی چیرۆکدا بینیوەتەوە. ئەو گرفتەی لەم ئاستەدا دەرکەوت، ئەوەیە ئەوان لە بری ئەوەی روو بکەنە داهێنانی میتۆدێك لە پەسن و پۆلێن، کە لە خودی بنیاتی گێڕانەوەی چیرۆك و توێژینەوەوە دەست پێ بکات، دەبینین ئەوان بۆچوونیان - خۆ ئەگەر بێ سوود نەبێت و بایەخدار بێت- لە دەرەوەی بنیاتی چیرۆکەوە هێنا، ئەوسا بە بەری ئەویاندا دووری. ئەو بۆچوونانەیان زۆر بوون، پارچە پارچە بوون، یان وەك بارت دەڵێ ئەو بۆچوونانە: "مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئەتنۆلۆژی، ستاتیکی"ن، هەروەها.. هتد. ئیدی

بە گـوێرەی ئەمــە، توێژینــەوە لـە چیرۆك، بـوو بـە توێژینــەوە لـەم بۆچـوونانە، نـەك توێژینەوە لە خودی چیرۆك.

بەرانبەر بەم رەوشە، ئەگەری ئەوە هەبوو، کە توێژینــەوە رێـی خـۆی بـزر بکـات، هەروەها لە نێو قەرەباڵغیی قەبارەی زۆر و زەوەندی بەرهەمی چیرۆکدا ون بێت، بەڵام زمانناسـی، بـە پەیـدا بـوونی وەك زانسـتێك لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیە (سـەدەی بیستەم)دا، پاشان کرانەوەی بە رووی وێژە و توێژینەوەدا، بووە مایەی هەڵوەشانەوەی گەلێك چەمك و لـەدایك بـوونی هـی دیکـە. (ئـەو) بەشـداریش بـوو لـە پەرەپێـدانی چەندین میتۆد و چـەمکە کەرەسـتەدا، هـەموو ئـەم شـتانەش یارمـەتیـدەر بـوون لـە پێشـکەوتنی توێژینــەوەی زانسـتی لــە بـواری وێـژەدا. لـە سـەروبەندی دەسـپێکدا، گرنگترین شتێك کە هێنایە بەرهەم، هەردوو بنەمای پەسن و پۆلێن بوون.

دەبینین ژمارەیەك توێـژەر لـە روانینیانـدا بـۆ وێـژە، بـە پەخشـان و شـیعرییەوە، سوودیان لەم دوو بنەمایە وەرگرتووە. فۆرمالیستان (شـێوەخوازان)ی رووس و بازنـەی "پراگ"، بۆ نموونە لە پێشەوەی ئەواندا بوون، یان لە رووی سوود وەرگرتنەوە لە ریزی پێشەوەدان. لەو ناوانەی کە ئـەم رەوتـە نوێنەرایـەتیی کـردن، ئەمانـەن: جاکۆبسـون، تۆماشیڤسکی، شکلۆڤسکی، تینیانۆف و هی دیکە. هەڵبەت کۆمۆنیزم دژ بەم رەوتە وەستا، لەناویشی برد، ئەویش بە داخەوە، دوای ئەوەی بە فەرمی رێی کار کردنی لێ قەدەغە کرد. لەم رووەوە دەکرێ بڵێین، بزووتنەوەی فۆرمالیستانی رووس، دووبارە لـە ئەوروپا پەیدا بووەوە.

تیۆریزەکارێکی گەورە لە نێو ئەواندا هەبوو، کـە بـەم ئاراسـتەیە کاریـان دەکـرد. کاریگەرییەکی مەزنی لە هەموو ئەو توێژینەوانەدا جێ هێشت، کە روویان لە بنیاتی گێڕانەوەی چیرۆك کـرد بـوو. ئـەو تیۆریزەکـارەش "ڤلادیمـیر پـرۆپ" بـوو. کتێبێکـی نووسی و ناوی نا "مۆرفۆلۆژیای حەکایەتی خورافی". لەوانەی کەوتنە بن کاریگەریی ئەو، دەکرێ ناوی: بریمۆن، گریماس و هی دیکەش بهێنین. هەڵبەت ئەوانە گەشەیان بە میتۆدەکەی ئەم دا و شتی دیکەیان خستە سەر.

بارت، بێ گومان، یەکێك بوو لەوانەی سوودی لە فۆمالیستانی رووس وەرگرت، بەڵام هەروەها بێ گومان ئەم یەکێك بوو لەوانەی لەو ئاستەدا نەوەستا کە فۆرمالیستانی رووس پێی گەیشتن. بەڵکوو بەشدار بوو لە گەشەپێدانی ئەو میتۆدە بەرەو بنیاتگەری، هەروەها بەشداریش بوو لە گەیاندنی بنیاتگەری بەوەی کە "پاشە بونیاتگەری" ناسراوە.

کەواتە، ئەو هەموو گەشەسەندنە لە روانین بۆ وێژە، بە هۆی زمانناسییەوە، یان لە ئاکامی ئەوەوە، هاتە دی. لە لای زۆربەی توێژەران ئەوە چەسپی کە "کەس ناتوانێت چیرۆکێك دابڕێژێت (بیهێنێتە بەرهەم)، بە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ریزبەندی ناوەوەی ئەو یەکە و رێسایانەی ئەویان هێناوەتە بەرهەم و کاریان بۆ بنیاتنانی کردووە." لێرەوە، سەبارەت بە توێژەر و لێکۆڵەر، بایەخی توێژینەوە لە بنیات، دەردەکەوێت، بەڵام بارت، سەر لە نوێ دەپرسێت و دەڵێت: "کەواتە لە کوێدا بە دوای بنیاتی چیرۆکدا بگەڕێین؟"

ئەو بنیاتە، هەر وەك بارت خۆی بەرسڤی دەداتەوە، لە نێو حەکایەتدایە. جا ئەگەر ئەوە وا بێت، ئەم وەڵامە، چارەسەرێك بۆ ئەو گرفتەی پێشتر خستمانە روو، پێشکەش ناکات. حەکایەت زۆرە، بە تەواوی بۆ توێژەر مەحاڵە کە بە زانین یان خوێندنەوە یان توێژینەوە، ئاگارداری هەموویان بێت. ئەگەر ئەمەش وا بێت، چۆن بۆی دەڕەخسێت، لە کاتێکدا بە تەواوی ناتوانایە لەوەی پەی بە هەموویان ببات، هەڵوەستە لە ئاستی بنیات لە حەکایەتدا بکات؟!

## ٣- بارت و گرفتی میتۆد:

لێرەدا "بارت" هەنگاوێکی دی دێتە پێش تا باز بە سەر ئەو گرفتەدا بدات. دوو میتۆدیش دەخاتە بەردەمی توێژەر: یەکەمیان، دەکرێ بە راست پەسنی بکەین، بەڵام مەحاڵە. دووەمیش، دەکرێ بە مومکین پەسنی بکەین، لەبەر ئەوەی لە پیادە کردندا سەخت نییە، لە جێبەجێ کردنیش بەدەر نییە.

* میتـۆدی یەکـەم، میتـۆدی بەرخوێندنـەوە Inductif (٢). بـەم پەلـە پەلییـە دەتوانین چوار خاڵ دابنێین، کە ئەم میتۆدە پەسن دەکەن و نیشانەشن بۆ ئەو:

١- "بەرخوێندنەوە" لە سـەر زنجیرەیـەك لـە پرۆسـەی درك پـێ کـردن رۆنـراوە. ئـەم پرۆسانەش لە کاتی کرداری پەسن کردندا، یان لـە کـاتی بنیاتنـانی تـەرزێك لـە تەرزەکاندا، بەدی دێت. ئامانجی ئەم پرۆسـانەش پەڕینەوەیـە لـە پێکهاتـەوە بـۆ جۆر، لە پرسێکی تایبەتەوە بـۆ پرسـێکی پـتر گشـتی. بـۆ روون کردنـەوەی ئـەم خاڵەش دەتوانین بڵێین: بەرخوێندنەوە میتۆدێکە رێکاری سەلماندن تێیدا پشت بـە گواستنەوە لە تایبەتەوە بۆ گشت دەبەستێت، لە پاژەییەوە بۆ هەمەکی.

٢- شێوازی کاری بەرخوێندنەوە، لە روانگەی پەیڕەوکەرانییەوە، رێکاری هەرە نزیکە لە دەرهاویشتەکانی ئەزموونەوە. واشی دەبینین کە رێکارێکە بە باشـترین شـێوە واقیع دەنوێنێت. بۆ روون کردنەوەی ئەمە دەتوانین بڵێین: بەرخوێندنەوە، بە تاقی کردنەوەی راستەوخۆ یان دیتنی بەرهەستی هەر تاکێك لە تاکەکانی جۆر نەبێت، بابەتی توێژینەوە و تاقی کردنەوە ناسەلمێنێت.

٣- بەرخوێندنەوە، زانیاری دەربارەی شتێکی خود سـەربەخۆ دەگەیـەنێت، بـەڵام بـە ئەندازەی پێویست رێسا بۆ بەراورد یان نموونادن پێشکەش ناکات. لەم بارەیـەوە باسی نموونەیەك دەکەین کە لـە کتـێبی "کـارڵ پۆپـەر"، "لـۆژیکی دۆزینـەوەی زانستی"یەوە وەرمان گرتووە. بۆ نموونە سەرنجی راسـتەوخۆ بـۆ قـاز، رێمـان پـێ دەدات بڵێین: ژمارەیەکی زۆر قازی رەنـگ سـپی هـەن. ئەمەیـە بەرخوێندنـەوە. بەڵام لە رەخنە گرتن لەو بنەمایە دەتوانین بڵـێین: ئـەم تێبینییـە خـاوەن مـۆرکی ئەزموونییە، بواری گشتاندنمان پێ نادات. ئاخۆ کە ژمارەی قازی سپی زۆر بێت چ بەهایـەکی هەیـە، مـادام کـە هەنـدێك قـازی رەشـیش هـەن؟ هـەروەها، لـە ئاستێکی دیکەی توێژینـەوەدا، دەکـرێ بڵـێین، بـۆ نموونـە لـە زمـانی عەرەبیـدا دیاردەیەك هەیـە، زماننـاسـان ناویـان نـاوە "ئاوەڵنـاوی لێچـوو: پێچـوو". ئـەم چـەمکە زادەی بەرخوێندنەوەیەکـە، کـە ئـەو زماننـاسـانە لـە زمـانی عەرەبیـدا

کردیـان. هەڵبــەت ئــەم بەرخوێندنەوەیــە، بـاوەکوو پـڕ بــە پێســتیش بێـت، یارمەتیدەرمان نابێت لە دامەزرانـدنی چـەمکی "بـەراوردکاری"، کـە بـە سـەر زمـانی دیکـەدا پیـادەی بکـەین. نـەبوونی بـەرواردیش رەنگـە ببێتـە مایـەی گشتاندنی (ئەوەی) ناڕاستە.

٤- دواجـار، دەکـرێ بڵـێین: رێوشـوێنی بەرخوێندنـەوە، بـەکار نایـەت، تـەنیا لـە چوارچێوەی هەڵهێنجان نەبێت، ئەمیش لە سەر گشتاندنێکی گەورە رۆنراوە.

ئەوە یەکەمین میتۆدە کـە "بـارت" قسـەی لـەبارەوە کـردووە. جـا ئەگـەر لەبـەر رۆشنایی ئەوەوە بێینە مەیدانی چیرۆکەوە، تا توێژینەوە لە بنیاتدا بکەین و ئاشکرای بکەین، کارەکە مەحاڵ دەبێت. چونکە لێکۆڵینەوە تێیدا، لەم روانگەیـەوە پێویسـتی بە گەڕانی وردە بە نێو هەرچی چیرۆك هەیە بە هەموو زمانەکان لە جیهاندا. ئەمەش کارێکە بژاردەی خاوەن بڕیار و بەدواداچوون ناتوانێ بیکات.

"بارت" قسە لەبارەی ئەم رەوشەوە دەکات، پێی وایە: "گەلێك لە رەخنەگران کە بیرۆکەی بنیاتی گێڕانەوەیان قبووڵە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن، جیا کردنەوەی شیکاری وێژەیی لە نموونەی زانستگەلی ئەزموونی بسەلمێنن. ئەوان داوا دەکەن، بە سوور بوون و پێداگیرییەوە، میتۆدی ساغە بەرخوێندنەوە بە سەر گێڕانەوەدا پیادە بکرێت."

ئەمەشیان بە بەرخوێندنەوەیەکی تەواو و سەراپاگیری سـێ شـتەوە بـۆ دێتـە دی، "بارت" خاڵەکانی بەم جۆرە دیاری دەکات:

یەکەم: بەرخوێندنەوە بۆ هەموو ئەو چـیرۆکانەی کـە ژانرێـك لـە ژانرەکـانی وێـژە دەیانگرێتە خۆ.

دووەم: بەرخوێندنەوە بۆ چاخێك لە چاخەکان.

سێیەم: بەرخوێندنەوە بۆ جڤاکێك لە جڤاکەکان.

دوای ئـەم هـەنگاوە، هـەنگاوێکی دی دێـت، تێیـدا توێـژەر سـەرقاڵی کێشـانی نیشانەکانی نموونەی گشتی دەبێت.

تێبینی دەکەین کە ئەم ڕەوتە سێ خەسڵەتی هەیە، توێژەری زانست بۆ توێژینەوە لە دیاردەکان، پێویستی پێیان دەبێت.

ئەو خەسڵەتانەش ئەمانەن:

١- تاقی کردنەوە: ئەمەش واتە ئەو دیاردەیەی کە دەخوازرێ بخرێتە بەر توێژینەوە، بەرەو ڕووی ئەزموونێك بکرێتەوە، کە لە پاش تێپەڕ بوون بە سەر هەموو گۆڕانەکانی ئەم دیاردەیە، جا ژمارەیان هەر چەند بێت، ڕاستیی ئەنجامەکانی بسەلمێن.

٢- وردی: ئەمەش واتە دڵنیا نەبوون لە بۆچوونێك، کە دووبارە بوونەوەی دیاردەکە دووپاتی نەکردبێتەوە، توانای ئەوە بە توێژەر دەدات کە لە توێژینەوەی دیاردەکەوە بەرەو گشتاندن بچێت.

٣- گشتاندن: تێکڕای ئەو ئەنجامانە دەگرێتەوە، کە لە پشکنینی هەموو فیگەرەکانی دیاردەیەکەوە بێ هەڵواردن (هەڵاوێرد) وەك ئەوەی کە هەن، گەڵاڵە کراون.

دەبینین ئەم میتۆدە لە توێژینەوەدا مەرجگەلێك دەگرێتە خۆ، کەمترین شتێك کە لەبارەیانەوە بگوترێت، مەرجی ڕاست و دروستییە، بەڵام "بارت" دەڵێ: "ئەم تێڕوانینە دروست تێڕوانینێکی خەیاڵییە". ڕەنگە هۆی ئەمەش، ئەوە بێت -وەك پێشتر گوتمان- کە قابیلی بەدی هاتن نییە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر زمانناسی، کە سەرچاوەی تێڕوانینی "بارت"ـە، دەبینین بە خواستی کەمترەوە لەم میتۆدەوە گۆڕا بە میتۆدێکی دیکە، بەڵام (ئەم میتۆدەیان) پتر قابیلی بەدی هاتن و پەیڕەوی کردنە.

ئەو بۆچوونەی "بارت" دەیخاتە ڕوو (کە دەشبینێ میتۆدی بەرخوێندنەوە ناتوانایە لەوەی ببێتە ئامرازێکی گونجاو بە دەستی ڕەخنەگرەوە، کە لە دۆزینەوەی بنیاتدا یارمەتیدەری بێت)، لەم پرسیارەی دادێی ئەودا خۆی دەنوێنێ: "مرۆڤ لە کاتێکدا

بەرەو رووی ملیۆنان چیرۆك دەبێتەوە، ئاخۆ لـەبارەی شـیکاری گێڕانـەوەوە، دەتـوانێ چی بڵێ؟"

جا کە زمانناسی نەیتوانی ئەم میتۆدە پراکتیزە بکات، بە هـەموو داناییەکـەوە، خۆی کردە میتۆدی هەڵهێنجان. بەم جۆرە، بە بۆچوونی "بارت"، رەخنـەگری توێـژەر هیچ ئەگەرێکی لە بەردەمدا نییە بێ لەوەی هەڵهێنجان بکات."

* کەواتە، میتۆدی دووەمیش میتۆدی هەڵهێنجانە. لێرەدا بۆمان هەیە سێ خاڵ دابنێین، کە ئەم میتۆدە پەسن دەکەن و ئاماژەشی پێ دەکەن:

١- بریتییە لە کۆمەڵێك پرۆسەی درك پێ کردن، کە رێ بۆ گەڵاڵە کردنـی ئـەنجامی ورد خۆش دەکەن. "گریمـاس" لەبارەیانـەوە دەڵـێ: "ئـەو خەسـڵەتی رێوشـوێنی داکشانی هەیـە، کـە لـە گشـتییەوە بـۆ گـەلێك تایبەتمەنـد، لـە جۆریشـەوە بـۆ پیکهاتەکانی دەچـێت". هەڵبـەت سـیمای هـەرە دیـاری لـە بنیاتەکەیـدا خـۆی دەنوێنێ، کە لە هەر چرکەیەك لە چرکەکانیدا، خۆی لـە پشـت بەسـتن بـە تـاقی کردنەوە بە دوور دەگرێت.

٢- "گریماس"یش دەڵێ: "دوو جۆرە رێوشوێنی هـەناوگیری هـەن": یەکـەمیانی نـاو ناوە "هـەناوگیریی یەکلاییکـەرەوە". ئـەمیان بـە گـوێرەی کۆمـەڵێك پێشـنیاز دامەزراوە، کە بە راستەقینە پەسن دەکرێن. دووەمیشـیانی نـاو نـاوە "گریمانـە هەڵهێنجان". ئەو، بەوەندە رازی دەبێت، کە پرسەکان بە هەقیقەت بزانێت. ئـەم رێوشوێنەش، وەك گریماس دەڵێ، ئێسـتا لـە سـیمیۆلۆژیا و زمانناسـیدا پـەیڕەو دەکرێت.

٣- میتۆدی هەڵهێنجان دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە تیۆرییەك بنیات بنێـت ئامـانجی دەستەبەر کردنی وزە بێت، یان کرۆکەکەی بەند بێت بەوەی کـەمترین وزە خـەرج بکرێت. جێی ژمارەیەکی زۆر لە خشتە و داتا دەگرێتەوە، کە توێژەر لە میتۆدی بەرخوێندنەوەدا، ئامادەیان دەکات.

دەتوانین لە ئاست دوو خاڵی لای "بارت"دا، هەڵوەستە بکەین، بۆ ئەوەی بۆمان بلوێت بەو دوو خاڵە میتۆدەکە دیاری بکەین، ئەوە یەك. دووەم، ئەو میتۆدەی چۆن بەکار هێناوە و رادەی سوود لێ وەرگرتنی:

* خاڵی یەکەم: کە خاڵێکی میتۆدە، تێیدا "بارت" وەك خۆی میتۆدی هەڵهێنجانی پەیڕەو کردووە. دەکرێ وێنەی نیشانەگەلێك بکێشین، تێیدا لە لایەك هەنگاوەکانی ئەو لە پەیڕەو کردنی میتۆدەکەدا زەق دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە شێوازەکەی ئەو لەم رووەوە پیشان دەدات:

أ- "بارت" پێی وایە، رەخنەگر یان توێژەر، لە بەردەم زۆر و زەوەندیی چیرۆکدا "هەر لە سەرەتاوە ناچارە، گریمانەی نموونەیەك بۆ وەسف دابهێنێت (زمانناسانی ئەمریکا ناویان ناوە تیۆری)". لێرەدا دەبینین دووەمین جۆری رێوشوێنی هەڵهێنجان پەیڕەو دەکات، کە "گریماس" ئاماژەی پێ کردووە.

ب- "بارت" پێی وایە، ئەمەش هەنگاوی دووەمە، پێویستە توێژەر "پاش ئەوەی، هێدی هێدی بەرەو ئەو جۆرانەی لە یەك کاتدا لەگەڵ ئەودا هاوبەشن، هەروەها لێشی دوور دەکەونەوە، بێتە خوارێ".

ت- "بارت" پێی وایە، ئەمەش هەنگاوی سێیەمە، شی کردنەوە دەبینێت "لە ئاستی تەنیا ئەم هاوجۆری و خزانانەدا، فرەیی چیرۆك و هەمەچەشنیی ئەو لە رووی مێژوویی و جوگرافی و کولتوورییەوە هەیە. جا ئەوسا، تەنیا ئامرازێکی بۆ وەسف کردن پێ دەبێت".

* خاڵی دووەم: خاڵێکە تێیدا دەردەکەوێت چۆن میتۆدی بەکار هێناوە، هەروەها تا چ رادەیەك سوودی لێ وەرگرتووە؟ بە بڕوای "بارت" توێژەر ئەگەر تیۆرییەك نەخاتە بەر دەستی خۆی، ناتوانێت زنجیرەی بێ کۆتایی چیرۆك پەسن و پۆلێن بکات. ئەمەشە ئەو کارەی دەبێ "لە دەسپێکدا پێوەی سەرقاڵ بێت". بەڵام، بۆ ئەوەی ئەمەی بۆ دەستەبەر بێت، لە سەری پێویستە "هەر لە سەرەتاوە" پەیوەست بێت "بە تەرزێکەوە کە زاراوەکانی بەرایی و بنەماکانی بەراییشی پێ دەبەخشێت".

ئەگەر تەرزەکان فرە بوون، ئیدی "بارت" پێی وایە "لە رەوشی ئێستای توێژینەوەدا"، "جێی خۆیەتی زمانناسی بکەینە تەرزێکی بنەڕەت بۆ شی کردنەوەی بنیاتگەرانەی گێڕانەوە".

**ژێدەر و پەراوێز**:

١- هەموو ئەو قسانەی "رۆلان بارت" کە ئاماژەیان پێ کراوە، بە دروستی لە بەرایی ئەو توێژینەوەیەی ئەودا هەن:

"Introduction a Lanalys Structurale des recits"

(دەروازەیەك بۆ شیکاری بنیاتگەرانەی چیرۆك). توێژینەوەیەکە لەگەڵ چەندین توێژینەوەی دیکەی ژمارەیەك نووسەر، لە کتێبێکدا بە ناوی ( Poetique du recit، شیعرییەی چیرۆك) بڵاو کراوەتەوە. ئەم کتێبە لە وەشانی ئەم دەزگایەیە:

"Seuil – paris – 1977"

٢- بڕوانە فەرهەنگی: A. J. Greimas J. Courtes

.Semiotoque-dicionnaire raisonne de theorie du Langage

.Ed. Hachette. Paris. 1979

بابەتی: "P. 187 "iduction

٢- ژێدەری پێشوو: بابەتی: "P. 85. "Deduction

## رۆلان بارت

## دەروازەیەك بۆ شی كردنەوەی بنیاتگەرانەی چیرۆك

چیرۆكەكانی جیهان زۆرن. هەر لە دەسپێكەوە دەكرێ بڵێین، جۆرێكە لـە رەگـەزی بە پەرجوو. ئەو رەگەزانەش لە نێو خۆیانـدا بـە سـەر چـەندین بابـەتی جۆربـەجۆردا، دابەش دەبن. رەنگە وا بێتە پێش چاومان، كە هـەموو بابـەتێك بـۆ مـرۆڤ باشـە، تـا چیرۆكەكانی خۆی بەوان بسپێرێت. چیرۆك چ زارەكی بێـت یـان نووسـراو، بـۆی هەیـە پشت بە زمانێكی تایبەت ببەستێت. هەروەها بۆی هەیە پشت بە وێنەش، چ جوولاو بێت یان وەستاو، ببەستێت. دیسان بۆی هەیە پشت بە جوولەش ببەستێت، هـەروەها پشت بە تێكەڵەی رێك و پێكی هەموو ئەو بابەتانەش ببەستێت. چیرۆك لە ئەفسانە، خورافە، چـیرۆكی ئـاژەڵان، حەكایـەت، كورتـە چـیرۆك، داسـتان، مێـژوو، تراژیـدیا، كارەسات، كۆمیدیا، شـانۆی ئامـاژەیی و وێنـەی رەنگاوڕەنگـدا ئامادەیـە (دەبـا لـە تابلۆی "ئەرسۆلا"ی كەشیش كە بەرهەمی "كارباكسیۆ"یە، رابمێنین). هەروەها ئـەو (چیرۆك) لە رووكاری هەموو جامخانەیەكی نمایش، لە خانەی سوار سوارێن، لە شـانۆی گاڵتە ئـامێز، لـە هەمـەڕەنگ و گفتوگۆشـدا ئامادەیـە. بـە هـەموو ئـەو شـێوە بـێ كۆتاییانە، چیرۆك لە هەموو زەمەنێك، لە هەموو شـوێنێك و لـە هـەموو جڤاكێكـدا ئامادەیە. ئەو لەگەڵ خودی مێژووی مرۆڤایەتییەوە دەست پێ دەكات. هـیچ گـەلێك نە لە رابردوو، نە لە ئێستادا، نە لە هیچ شوێنێكدا نییـە بـێ چـیرۆك بێـت. هـەموو چینەكان، هـەموو گرووپـەكانی مـرۆڤیش چـیرۆكی خۆیـان هەیـە. زۆر جـار بـە گـرد بوونەوەی خەڵكی سەر بە كولتووری جیاجیا، خۆ رەنگە دژ بە یەكیش بـن، چـێژ لـەو چیرۆكانە وەردەگیرێت[1]: چیرۆك گاڵتە بە وێژە، بە چاك و خراپییەوە، دەكـات. لەبـەر

ئەوەی چیرۆك گەردوونییە، دیرۆك و كولتوور تێدەپەڕێنێت، جا ئەو وەك ژیان وایە، ئێستای لێرەدایە.

ئایا دەبێ لەمەوە بەو ئەنجامە بگەین، كە گەردوونایەتیی چیرۆك لە بێ واتاییەكەیدا چڕ دەبێتەوە، یان ئەوەتا گەلێك گشتییە، بەوەی هیچ نەماوە بۆ مرۆڤ كە بیلێت، تەنیا مەگەر پەسنی هەندێك جۆری یەكجار دەگمەنی بكات، وەك ئەوەی مێژووی وێژە دەیكات، بەڵام چۆن دەكرێ بە سەر ئەو جۆرانەدا زاڵ بین؟ ئەدی چۆن دەكرێ مافی خۆمان لە جیا كردنەوە و لە ناسینیان، گەڵاڵە بكەین؟ چۆن دەكرێ بەراورد لە نێوان رۆمان و كورتە چیرۆك، لە نێوان حەكایەت و ئەفسانە، لە نێوان كارەسات و تراژیدیادا بكەین؟ (هەزار جاریش ئەم شتە "بەراورد كردنە"مان كردووە)، بە بێ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر نموونەیەكی هاوبەش. هەڵبەت ئەو نموونەیە، لە هەموو قسەیەكدا كە لەبارەی شێوە هەرە تایبەتەكان، هەرە مێژووییەكانی گێڕانەوە بێت، لە ئارادایە. مادام كارەكە بەم جۆرەیە، ئیدی رەوایە، كە (هەر لە ئەرستۆوە) بەردەوام بایەخ بە شێوەی گێڕانەوە بدەین، دوور لە هەر مەبەستێك كە سڵ لە قسە كردن لەبارەی چیرۆكەوە دەكات، بە بەهانەی ئەوەی رووداوێكی گەردوونییە. جا ئەگەر ئەمە وا بێت، ئیدی ئاساییە كە بونیاتگەریی نوێباو، ئەم شێوەیە بخاتە پێشەوەی بایەخ پێدانی خۆیەوە: ئایا مەبەستەكە سەبارەت بەو، ئەوە نییە كە قسەی بێ كۆتایی كۆنترۆڵ بكات، ئەویش لە رێی پەسن دان (وەسف كردن)ی ئەو (زمان)ـەی قسەی لێوە دەردەچێت، كە دەشتوانین لەوەوە گەڵاڵەی بكەین؟ هەمبەر بە بێ كۆتایی چیرۆك، فرە بۆچوونی (مێژوویی، دەروونی، كۆمەڵایەتی، ئەتنۆلۆژی، جوانناسی) كە دەتوانین قسەیان لەبارەوە بكەین، هێدی هێدی شرۆڤەكار خۆی لەو رەوشەدا دەبینێتەوە، كە (سوسێر) هەمبەر بە تێكەڵەی ناجۆری زمان، خۆی تێدا بینییەوە. جا دەست بە توێژینەوە دەكات، تا لە پەشێویی رواڵەتیانەی نامەكانەوە، بنەمایەك بۆ پۆلێن و پەناگەیەكیش بۆ پەسن دان بەدەست بهێنێت. بۆ ئەوەی لە قۆناغی هەنووكەدا بمێنینەوە، فۆرمالیستان (شێوەخوازان)ی رووس، لە

نموونەی (پرۆپ، لیڤی شتراوس) ئێمەیان فێر کرد کە پەی بەم گرفتەی دادیٚ ببەین: یان ئەوەتا چیرۆك (بریتییە لە) زۆربڵێیەکی رووداو، ئیدی لەم حاڵەتەدا ئێمە ناتوانین قسەی لەبارەوە بکەین، تەنیا بەوە نەبێت کە پەنا ببەینە بەر هونەر، بەهرە، یان بلیمەتیی قسەکەر (دانەر) -واتە هەموو شێوە ئەفسانەییەکانی رێککەوت-[٢]، یان ئەوەتا چیرۆك، بە هاوبەشی لەگەڵ چیرۆکی دیکەدا، کە خاوەن بنیاتێکە، بۆ شرۆڤە لەبەر دەستدایە، هەروەها پێویستیی بە هەندێك خۆراگرییە تا رابگەیەندرێت. پانتاییەك لە نێوان ریٚ تێچووی هەرە ئاڵۆز و پێکهاتەی هەرە سادەدا هەیە. هیچ کەسێك، بە بیٚ گەڕانەوە بۆ ریزبەندێکی ناوخۆی یەکە و رێساکان، ناتوانێت چیرۆکێك دامەزرێنیٚ (بهێنێتە بەرهەم)، بەڵام ئاخۆ لە کویٚدا، بە دوای بنیاتی چیرۆکدا بگەڕێین؟ ئەوە، بیٚ گومان، لە (نێو) چیرۆکەکاندا دەبێت. ئایا ئەوە لە هەموو چیرۆکەکاندا دەبێت؟ گەلێك لەو قسەکەرانەی بیرۆکەی بنیاتی گێڕانەوەیان قبووڵە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن، ددان بنێن بە جیا کردنەوەی شرۆڤەی ئەدەبی لە نموونەی زانستی تاقیگەیی. ئەوان، بە پێداگیرییەوە داوا دەکەن میتۆدی بەرخوێندنەوە بە سەر گێڕانەوەدا پیادە بکرێت. پێشیان وایە دەبیٚ دەسپێك بە توێژینەوەی هەموو چیرۆکەکان بۆ رەگەزێك لە رەگەزەکان و سەردەمێك لە سەردەمەکان و جڤاکێك لە جڤاکەکان بێت. پاش ئەوە، گواستنەوە دەبێت بەرەو نەخشاندنی نموونەیەکی گشتی. هەڵبەت ئەم روانینە دروستە روانینێکی خەیاڵییە. زمانناسی بۆ خۆی ناتوانێت بەوە بگات. ئەو هەر تەنیا دەوروبەری سیٚ هەزار زمانی گرتووەتەوە، بۆیە، بە تەواوی دانایییەوە، خۆی کردە میتۆدێکی نیشانەگەر. ئیدی لەو رۆژەوە بە کردەنی دروست بوو، بە ئەندازەیەکی زەبەلاحیش پێش کەوت. پێشبینیی هەندێك رووداویشی کرد، کە هێشتا ئاشکرا نەبووبوون (کەس پەی پیٚ نەبرد بوون)[٣].

جا ئەگەر رەوش وا بێت، مرۆڤ کە رووبەڕووی ملیۆنان چیرۆك دەبێتەوە، ئاخۆ دەکریٚ چی لەبارەی شی کردنەوەی گێڕانەوەوە بڵێت؟ ئەو هیچ چارەیەکی نییە بیٚ لە رێکاری نیشانەگەرانە. ئەو، هەر لە سەرەتاوە ناچارە نموونەیەکی گریمانە کراو بۆ

پەسن دان بئافرێنێت (زمانناسانی ئەمریکی پێی دەڵێن "تیۆری"). دوای ئەوە لە سەریەتی، کەم کەم دابەزێت بەرەو ئەو جۆرانەی لە یەك کاتدا لەگەڵی هاوبەشن و لێشی دوور دەکەونەوە،. هەر تەنیا لە ئاستی ئەم هاوجۆری و خزانانەدا، شی کردنەوە فرەیی چیرۆك و هەمەچەشنیی مێژوویی، جوگرافی و کولتووریانە دەبینێتەوە[٤]، جا ئەوکات، یەك تاکە ئامرازی بۆ پەسن دان (وەسف کردن) پێ دراوە.

بۆ ئەوەی مرۆڤ پەسن و پۆلێنێك بۆ چیرۆکی بێ کۆتایی دابنێت، ئەوا پێویستی بە "تیۆرییەکە" (بەو واتا پراگماتییەی کە باسمان کرد). جا ئەگەر کارێك هەیە کە یەکەم دەبێ پێوەی خەریك بێت، هەڵبەت ئەو کارەش دەبێ بۆ گەڕان بێت بە دوای تیۆریدا، هەروەها لەبارەی دانانی هێڵکارییەکیش بۆی. دەکرێ ئامادەکاری بۆ ئەو تیۆرییە گەلێك ئاسان بێت، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بە نموونەیەکەوە پەیوەست بووین، کە یەکەمین زاراوە و یەکەمین بنەماشی پێ دەدات. هەڵبەت لە دۆخی هەنووکەی توێژینەوەدا، وا دیارە[٥] دانایییە کە خودی زمانناسی بکەینە نموونەیەکی بنەڕەتی بۆ شی کردنەوەی بونیاتگەرانەی گێڕانەوە.

**پەراوێز:**

(١) دەبێ بڵێین کە ئەمە حاڵی شیعر یان توێژینەوە نییە. ئەمانە شتانێکن دەکەونە بەر ئاستی کولتووریانەی بەکاربەرانەوە.

(٢) وەك دەزانین، هونەری (حەکایەتخوانی) هەیە: بریتییە لە توانای دامەزراندنی چیرۆك (پەیام)، بە پشت بەستن بە بنیات (سیستەم). ئەم هونەرەش لەگەڵ چەمکی گوتن لە لای چۆفیسکی دەگونجێت. ئەم چەمکە لە "بلیمەتی"ی دانەرەوە دوورە، کە رۆمانسیانە دیزاین کراوە، وەك ئەوەی نهێنییەکی تاکە کەسی بێت و لە راڤە کردن نەیەت.

(٣) بڕوانە (ئا)ی حیتی. سوسێر گریمانەی کردووە، لە پاش ئەوە بە پەنجا ساڵ، بنفینیست لە کتێبەکەی خۆیدا "پرس و باس لە زمانناسیی گشتیدا" دۆزییەوە. وەشانی گالیمار. ساڵی ١٩٦٦.

(٤) دەبا مەرجەکانی ئێستای پەسنی زمانناسانە باس بکەین: "بنیاتی زمان هەمیشە تەنیا بە دەرهاویشتەی نووسراوەوە بەند نییە، بەڵکوو هەروەها بەو تیۆرییە بنکەییەی کە وەسفی ئەم دەرهاویشتانە دەکات". (ی. باش: دەروازەیەك بۆ رێساکانی ڤەگوهاستن. نیویۆرك. ساڵی ١٩٦٤. ل ٢٩). هەروەها باسی ئەوەش دەکەین کە بنفینیست گوتوویەتی (پێشتر گوترا. ل ١١٩): "رەنگە بزانین کە دەبێ پەسنی زمان بکەین، وەك ئەوەی فۆرمە بونیاتێکە. بەڵام ئەم پەسنە دەبێ پێشتر مەرجی هەبوونی رێکار و پێوەری گونجاو دابنێ. ئێمە دەشزانین، کە واقیعایەتیی بابەت لە میتۆدی تایبەت بە پەسن کردنی، جیا نابێتەوە".

(٥) بەڵام کارێکی مولزەم نییە (بڕوانە بریمۆن "لۆژیکی مومکینەکانی گێڕانەوە". گۆڤاری "ئیساڵ"، ژمارە ٨، ساڵی ١٩٦٦. توێژینەوەکە: "لۆژیکییە پتر لەوەی زمانی بێت".

**١- زمانی چیرۆك:**

**أ-لەو دیوی رستەوە:**

وەك دەزانین، زمانناسی لە سنووری رستەدا دەوەستێت: ئەو وای دادەنێت کە رستە دوا یەکەیە، کە سەرقاڵ بوون بەو مافێکە لە مافەکان. رستە، وەك دەیبینی، سیستەمە نەك زنجیرەیەك پەیڤ. لەبەر ئەوەی ئەو بە کردەنی وایە، کەواتە بریتییە لە یەکەیەکی رەسەن. هەرچی کۆپلەیە، ئەوا بە پێچەوانەی ئەوەوەیە. ئەو بریتییە لە زنجیرەیەك رستە کە پێکی دەهێنن. هەر بۆیە گوتار، لە روانگەی زمانناسییەوە، شتێکی تێدا نییە، کە لە رستەدا نەبێت: "رستە، وەك مارتینە دەڵێ، چووکترین بڕگەیە، هەر ئەویشە کە بە تەواوی دەتوانێت گوتار بنوێنێت"(٦). کەواتە ئەمە واتای ئەوەیە، زمانناسی ناتوانێت بابەتێك بە خۆی بدات کە لە رستە باڵاتر بێت. هۆیەکەش ئەوەیە، کە ئەو لەو دیوی رستەوە جگە لە رستەی تر، چی دیکە نابینێت: کاتێك رووەکناس باسی گوڵ دەکات، ناتوانێت خۆی بە باس کردنی چەپکەوە سەرقاڵ بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، گوتار (کۆمەڵە رستەیەکی) رێکە. ئەمەش سێ و دوو هەڵناگرێت. ئەو بەو رێکییەی خۆیەوە وەك پەیامی زمانێك وایە، کە زمانی زمانناسان تێدەپەڕێنێت(٧).

گوتار یەکە و رێسا و سیستەمە، رێسای خۆی هەیە. بۆیە، وا پێویستی کرد کە گوتار بابەتی زمانناسییەکی دیکە بێت، کە شوێنی لەو دیوی رستەوەیە، هەرچەندە ئەویش تەنیا لە رستە پێك هاتووە. زمانناسیی گوتار، لە ماوەیەکی دوور و درێژدا، ناوێکی شکۆداری هەبوو، ئەویش: رەوانبێژی، بەڵام رەوانبێژی، لە پاش چەند کودەتایەکی مێژوویی، بەرەو لای وێژەی جوان پەڕییەوە. وێژە (ئەدەبیات)ی جوانیش لە توێژینەوەی زمانی جیا بووەوە. ئەم کارەش پێویستی کرد سەر لە نوێ پرسەکە بخەینەوە روو: زمانناسیی نوێی گوتار تا ئێستا گەشەی نەکردووە، بەڵام بە لای

کەمەوە زمانناسان بۆ خۆیان پێشنیازیان کرد[٨]. ئەم رووداوەش بێ واتا نییە: ئەگەر گوتار بابەتێکی سەربەخۆ پێك بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ لە گۆشەی زمانناسییەوە توێژینەوەی لە سەر بکرێت. خۆ ئەگەر پێویست بێت، گریمانەیەکی کار بۆ شرۆڤە کردن بخەینە روو، کە ئەرکێکی مەزن دەگرێتە ئەستۆ و کەرەستەی بێ کۆتاییشی هەیە، جا دانایی بڕیار دەدات پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان رستە و گوتاردا، پێشنیاز بکات. ئەمەش مایەی قبوولٚ نابێت، تەنیا مەگەر ئەوەی رێکخستنی شێوەیی بۆ خۆی هەموو سیستەمەکانی ئاماژە رێك بخات، کە هەر چییەك بێت بابەت و رەهەندەکانیان: گوتار بەم جۆرە دەبێتە "رستەیەکی" گەورە (مەرجیش نییە یەکەکانی رستە بن)، رێك وەك ئەوەی بە گوێرەی هەندێك هەلومەرج، رستە بە "گوتارێکی" بچووك دابندرێت. ئەم گریمانەیەش لەگەڵ هەندێك پێشنیازی ئێستای ئەنترۆپۆلۆژیدا، هاوئاهەنگ دەبێت: هەر یەك لە "جاکبسۆن" و "لیڤی شتراوس" ئاماژەیان بەوە داوە، مرۆڤایەتی دەتوانێت خۆی بەوە بناسێت کە توانای ئەفراندنی سیستەمی لاوەکیی هەیە. "بۆ زاوزێ ئاسانترە"" (وەك ئەو ئامرازانەی لە بەرهەم هێنانی ئامرازی دیکەدا بەکار دێن، ئەو جومگەبەندییەی زمان دەوڵەمەندتر دەکات، هەروەها تابۆی چوون بە لای حەرامدا، کە بوار بۆ جیا بوونەوەی خێزانەکان دەرەخسێنێ). زمانناسی سۆڤیەتی گریمانە دەکات کە زمانگەلی دەسکرد بەدەست نەهاتن، تەنیا لە پاش زمانگەلی سروشتییەوە نەبێت: (شتی) گرنگ بە لای مرۆڤەوە ئەوەیە، بتوانێت چەندین رێڕەو بۆ واتا بەکار بهێنێت. زمانی سروشتی یارمەتیدەرە بۆ ئامادە کردنی زمانی دەسکرد. کەواتە رەوایە ئەگەر، گریمانە بکەین کە لە نێوان رستە و گوتاردا، پەیوەندییەکی لاوەکی هەیە، ناویشی دەنێین پەیوەندیی هاوگونجان، بۆ ئەوەی رێز لە سیمای رووکاری پەتیی پێکەوە گونجانیان بگرین.

هەڵبەت، زمانی گشتیی چیرۆك، تەنیا زاری بەرایی زمانناسیی گوتارە[٩]. دواجار ئەو ملکەچی گریمانەکانی گونجانە. چیرۆك بونیاتگەرانە بەشداری لە رستەدا دەکات،

بەلاَم هەرگیز ناتوانێت خۆی لە کۆمەڵە رستەیەکی کورتدا بنوێنیٚ: چیرۆك رستەیەکی گەورەیە، هەر وەك هەر رستەیەکی سەلماندن. ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان بە هێڵکاریی چیرۆکێك دادەندرێت. دەشبینین توخمە سەرەکییەکانی چیرۆك، بەو جۆرەی لەگەڵ چیرۆکدا دەگونجێن، گەورە دەبن و دەگۆڕێن. ئەوە وێڕای ئەوەی گەلێك نیشانەی رەسەنی خۆشی لە نێو ئەواندا هەیە (بە زۆرییش ئالۆزن): کات، دیاردە، شێواز، کەس (کارەکتەر). ئەوەشی دەخەینە سەر، خودی (بکەران)یش، لە ناکۆکییان لەگەڵ بەڵگەی کردەنیدا، بواری ملکەچ بوون بۆ نموونەیەك لە نموونەکانی رستە نادەن. سیستەمی نموونادنی بکەران کە "ئا. ج. گریماس"[10] پێشنیازی کرد، لە فرەیی کارەکتەرانی چیرۆکدا، ئەرکەکانی بەرایی شرۆڤەی بنەڕەتی بەدی دەکات، بۆیە ئەو گونجانەی لێرەدا پێشنیازی دەکەین، تەنیا بەهایەکی دۆزینکارانەی نییە: ئەو، یەکبوونی ناسنامەی نێوان زمان و وێژە دەخوازێت (باوەکوو ئەو گونجانە بۆ چیرۆك گوازەری پەسندیش بێت): لەبەر ئەوەی، چی دی مومکین نییە وا وێنای وێژە بکەین، کە هونەرێکە لە هەموو لایەکەوە پەیوەندیی خۆی بە زمانەوە فەرامۆش دەکات، بە تایبەتی لە پاش ئەوەی وەك ئامراز بەکاری هێنا بۆ گوزارشت کردن لە بیرۆکە و هەڵچوون یان جوانی. زمان واز لە یاوەریی گوتار ناهێنێت، بەوەی ئاوێنەی تایبەتی خۆی دەخاتە بەر دەستی: ئایا وێژە، بە تایبەتی ئەمڕۆ، هەر لە مەرجەکانی خودی زمان، زمانێك دروست ناکات؟[11]

**ب- ئاستەکانی واتا:**

زمانناسی، هەر لە سەرەتاوە، چەمکێکی یەکلایی کراوە بە شرۆڤەی بنیاتگەرانەی چیرۆك دەدات. ئەوەشی لیٚ چاوەڕوان نەدەکرا، تەنیا لەبەر ئەوە نەبێت راستەوخۆ هەڵوەستە دەکات لە سەر ئەوەی بنەڕەتە لە هەموو رێچکەیەك لە رێچکەکانی واتادا، واتە رێکخستنی. ئەو بواریش دەرەخسێنێت تا ئەوە روون بکرێتەوە، کە چیرۆك هەر تەنیا کۆمەڵێك دەستەواژە نییە، ئەو هەروەها قەبارەی زۆر

و زەوەندی توخمەکانیش پۆلێن دەکات کە دەچنە نێو پێکهاتەی چیرۆکەوە. ئەم چەمکە، چەمکی "ئاستی پەسن"ـە.[١٢]

دەکرێ رستە، وەك دەزانین، زماننناسانە پەسن (وەسف) بکرێت، بەرەو چەندین ئاست دەبردرێت (دەنگ "فۆنەتیك"، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، رێچکەبەندی). دەشبینی ئەم ئاستانە دەچنە نێو پەیوەندییەکی ریزبەندانەوە. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە ئەگەر هەر ئاستێك یەکەی تایبەتی خۆی هەبێت، پەیوەندیی ئاڵوگۆڕانەی دەگمەنی هەبێت و بە سەر هەر یەکەشیاندا پەسنێکی سەربەخۆ دەسەپێنێت، ئیدی دەبێ درکی پێ بکەین کە هەر ئاستێکی ئەوان بە تەنیا ناتوانێت واتا بەرهەم بهێنێت. هەر یەکە سەر بە ئاستێکی دیاری کراوە، واتای نابێت تەنیا مەگەر بتوانێت تێکەڵ بە ئاستێکی بەرزتر بێت: دەنگ هەرچەندە دەکرێ خۆبەخۆ بە تەواوی پەسن بکرێت، ئەو هەرگیز هیچ شتێك ناگەیەنێت. ئەو بەشداری لە واتادا ناکات، تەنیا مەگەر کە تێکەڵ بە پەیڤ دەبێت. خودی پەیڤیش ناچارە تێکەڵ بە رستە بێت.[١٣]

تیۆریی ئاستەکان (وەك ئەوەی "بنفینیست" رای گەیاند) دوو نموونە لە نموونەکانی پەیوەندی پێشکەش دەکات: یەکەمیان دابەشکارە (ئەو کاتە دەبێت کە پەیوەندییەکان لە هەمان ئاستدا بوون)، دووەمیان تێکەڵکارە (ئەو کاتە دەبێت ئەگەر لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دی بردرا). ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە پەیوەندیی دابەشکارانە بەس نییە بۆ روون کردنەوەی واتا، کەواتە، بۆ ئەوەی شرۆڤەی بونیاتگەرانە بکەین، دەبێ هەر لە دەسپێکەوە، جیاوازی لە نێوان چەندین پلەی پەسنکاریدا بکەین، هەروەها دەبێ ئەو پلانەش بخەینە نێو روانگەیەکی ریزبەندی (تێکەڵی)یەوە.

ئاستەکان پرۆسەن[١٤]. ئاساییە زماننناس هەرچەندی بچێتە پێش، مەیلی بە لای پتر پات کردنیدا بچێت. هەڵبەت شرۆڤەی گوتار هێشتا ناتوانێت کار بکات تەنیا لە ئاستی بەراییدا نەبێت. هەرچی رەوانبێژییە، ئەوە بە رێکاری خۆی، دوو هێڵکاری: رێکخستن و روونبێژیی بۆ گوتار داناوە[١٥]. لەم رۆژگارەی خۆشماندا دەبینین، "لیڤی

شتراوس: شتراوس" له شرۆڤەی خۆیدا بۆ بنیاتی ئەفسانه، دەست نیشانی کردووه کـه ئەو یەکانەی گوتاری ئەفسانه پێك دەهێنن، واتایەکیان نابێت تـەنیا مەگـەر دەسـته دەسته کۆ ببنەوه. ئەو دەستانەش دەبێ له نێو خۆیاندا تەبا بن[16].

"تۆدۆرۆف"یش، به پشت بەستن به جیاکارییەك که فۆرمالیستانی رووس کردیان، پێشنیازی کار کردن له دوو ئاستی گەورەدا دەکات، ئەوان بۆ خۆشیان دابـەش دەبنـه سەر: "مێـژوو" (سـەلماندن)، کـه لـۆژیکی کـردار و رێسـای کەسـان لـەخۆ دەگرێـت. "گوتار"، کـه کاتـەکانی چـیرۆك و رەوت و شـێوازەکانی دەگرێتـه خـۆ[17]. ژمـارەی ئاسته پێشنیاز کراوەکانی هەر چەندێك بن، هەروەها ئەو پێناسانەی که دراون، ئێمـه ناتوانین گومان بکەین که چیرۆك ریزبەنـده پلەیـه. جـا ئەگـەر ئەمـە وا بێـت، ئیـدی تێگەیشتن له چیرۆك تەنیا ئەوه نییه لوغزی دیرۆك هەڵوەشێنینەوه. کارەکه پێویستی بەوەیـه کـه تێیـدا بـه "نهۆمـان" ئاشـنا بـین، هـەروەها زنجـیرەی ئاسـۆییانەی داوی گێڕانـەوه، بخەینـه سـەر تـەوەری سـتوونیانەی نـاوەوه. جـا کـه رەوش وا بـوو، ئیـدی خوێندنەوه (یان گوێ گرتن) له چیرۆك تەنیا واتای ئەوه نییه، که مرۆڤ له پەیڤێکـەوه بۆ پەیڤێکی دی بچێت، بەڵکوو هەروەها له ئاستێکەوه بۆ ئاستێکی دیکەش بچـێت. من تکا دەکەم لێرەدا رێم پێ بدرێت، کـه رێکارێـك بـۆ داکـۆکی کـردن بگرمـه بـەر: "ئیدگار ئـالان پـۆ" لـه چـیرۆکی "نامـەی دزراو"دا، وای شـرۆڤه کـرد کـه شکست خواردنی پشکنەری پۆلیس بەدی هاتووه، که نەیتوانی نامەکه بدۆزێتەوه. ئەو گـوتی که به تەواوی به دوایدا گەڕاوه، هیچ شوێنێکی "له چوارچێوەی پسپۆرایەتیی خۆیدا" پشت گوێ نەخستووه. هەروەها گوتی ئاستی "پشکنین"ی به تێر و پـڕی گەیانـدووه. بەڵام بۆ ئەوەی نامەکه بدۆزێتـەوه، کـه بەدیهیـەتی خـۆی دەپارێزێـت، دەبـوو بـەرەو ئاستێکی دی بپەڕێتەوه. هەروەها زرنگیی پۆلیس بگۆڕێتەوه به زرنگیی ئەو کەسەی نامه دزراوەکەی شاردووەتەوه،. هەروەها، ئەو "پشکنین"ـەی به گوێرەی کۆمـەڵێکی ئاسۆیی له پەیوەندییەکانی گێڕانەوەدا کرا، تەواو نەبوون تـا کـارا بـن. دەبـوو بـەرەو ئاراستەیەکی "ستوونی" بچێت. واتا له "کۆتایی چیرۆکەکه"دا نییـه، بـەڵکوو تێـی

دەپەڕێنێت. هەموو ئەو شتانە بەدیهێن بە ئەندازەی بەدیهیەتی "نامە دزراوەکە"، بۆیە ئەم لەو کەمتر ملکەچی تێهەڵچوونێکی تاك لایەنە نییە.

بەر لەوەی مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستەی، کە بتوانێت لە ئاستی چیرۆك دڵنیا بێت، چەند توێژینەوەیەکی سەر زار هەن بۆ ئەو پێویستن. ئەوەی لێرەشدا پێشنیازی دەکەین، لایەنێکی کاتی پێك دەهێنێت، هێشتا خەسڵەت تێیدا مۆرکێکی فێرکارانەی هەیە. ئەم پێشنیازانەش بوار دەدەن پرسەکان دیاری بکرێن و کۆش بکرێنەوە، بە بێ ئەوەی وەك وای تێ دەگەن لەگەڵ هەندێك شرۆڤەی پێشتردا جیاواز بێت. پاشان ئێمە جیاکارییەك لە نێوان سێ ئاستی کاری گێڕانەوەدا، پێشنیاز دەکەین: ئاستی "ئەرك" (بەو واتایەی پەیڤەکە لە لای برۆب و بریمون هەیە)، ئاستی "کردار" (بەو واتایەی پەیڤەکە لە لای گریماس هەیە، کاتێك لەبارەی کەسانەوە وەك ئەوەی بکەر بن قسە دەکات)، ئاستی "گێڕانەوە" (بە تێکڕای واتای بریتییە لە ئاستی "گوتار" وەك لای تۆدۆرۆف). دەشمانەوێ لە بیرمان بێت کە ئەم سێ ئاستە، بە رایەڵێکی مۆرك ئاوێتەی دوا بە دوای یەکدا، پێکەوە گرێ دراون: ئەرك هیچ واتایەکی نییە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە لە کرداری گشتیی بکەردا جێیەك بگرێت. خودی کاریش ئەو کاتە دوایین واتای خۆی بەدەست دەهێنێت، بەوەی رووداوێکە دەگێڕدرێتەوە، دراوەتە پاڵ گوتارێك کە یاسای تایبەتی خۆی هەیە.

**پەراوێز:**

٦- "بیرۆکە لەبارەی زمانەوە" (زمان و جڤاك) Melanges Jansen، کۆبنهـاگن، ١٩٦١، ل ١١٣.

٧- ئەوە کارێکە براوەتەوە، هەر وەك جاکبسۆن ئەوەی روون کردەوە، لە نێوانی رستە و پاش رستەدا، قۆناغێکی راگوزەر هەیە، بۆ نموونە ناوبەند کاریگەریی تا پـاش رستە درێژ دەبێتەوە.

٨- بڕوانـە هـەمان ژێـدەری پێشـووی بنفینیسـت. بەشـی دەیـەم- هـەروەها ز. س. هـاریس "گوتـاری شـیکاری". گۆڤـاری (Langaga)، ژمـارە /٢٨/، سـاڵی ١٩٥٢، ل (١- ٣٠)- هەروەها ن. ریفێ "زمان، مووزیك، شیعر"، بڵاوکراوەی سوی، ساڵی ١٩٧٢، ل (١٥١- ١٧٥).

٩- ئـەرکی زمانناسـیی گوتـار، پێکهێنـانی نموونەیـە کـە بـۆ گوتـار. دەکـرێ بـە شێوەیەکی کـاتی لـە ئاسـت سـێ نموونـەی مـەزنی گوتـاردا هەڵوەسـتە بکـەین: درکەکار (چیرۆك)، خواسـتەکار (شـیعری لیریـك، گوتـاری دانـایی)، شـاردەکار (نیشانەگەری عەقڵی).

١٠- بگەڕێوە سەر گریماس ١-٣.

١١- دەبێ بە پێشبینییەکەی "مالارمێ" بکەین، کە لەو ساتەدا پێك هـات، کاتێـك بەرهەمێکی زمانناسیی پێشکەش کـرد: "زمـان وا هاتـە پـێش چـاوی ئـەو کـە ئامرازێکە بۆ خەیاڵ کردن، بە دوای میتۆدی زماندا (تا دیـاریی بکـات). زمـان خۆبەخۆ بیر دەکاتەوە. دواجـار وای بـۆ چـوو کـە خـەیاڵ کـردن، رێکـاری خـودی زەینی مرۆڤە. ئەو، هەموو میتۆدەکان بەکار دەهێنێت، کەچی مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر ویست (کۆی بەرهەم، وەشانی بلیاد، ل ٨٥١). دەبێ ئاماژە بەوەش بکـەین کە مالارمێ دانەری کتێبی "خەیاڵ کـردن یـان شیعر"ــە، (ژێـدەری پێشـوو، ل ٣٣٥).

١٢-پرۆسەی پەسنی زمانی، تاك لایەنە نییە. "پەسن دان نە راست و نە هەڵەیە، ئـەو باشـە یـان خـراپ، ئـەو تـا رادەیـەکیش بـە سـوودە". (م. ئـا. ك. هالیـدای، "زمانەوانیی گشتی و زمانەوانیی پراکتیك" توێژینـەوە لـە زمانـەوانیی پراکتیکـی، ١٩٦٢، ل ١-١٢).

١٣-قوتابخانەی پراگ بوو کە ئاستەکانی تێکەڵ کردنی پێشنیاز کرد:
V. j. Vochek. Aprgue School Reader in Linguestics, Indianna Uni. Presse. 1964. p 468.

دوای ئەوە چەند زمانناسێکی دیکە باسی ئەم ئاستانەیان کردووە، بەڵام بە بـڕوای ئێمە ئەو روونتر شی کردنەوەی پێشکەش کردووە.

١٤- بە چەند پەیڤێکی ناڕوون دەڵێین، رەنگە ئاست بریتی بێت لە سیسـتەمێکی هێمایی، یان رێسا.. هتد، دەشبێ بەکاریان بهێنین تا دەستەواژەکان بخەینە روو — E. Bach. Op. cit. p 57-58.

١٥- داهێنان بەشی سێیەمی رەوانبێژییە، پەیوەندیشی بە زمانەوە نییە، چونکە لە سەر شتان نەك لە سەر قسان، هەڵدەگیرێت (بار دەکرێت).

١٦- ئەنترۆپۆلۆژیای بونیاتگەری، ل ٢٣٣.

١٧- گرووپەکانی چیرۆکی وێژەیی، گۆڤاری "ئیسالْ"، ژمارە (٨)، ساڵی ١٩٦٦.

## ٢- ئەرکەکان:

### أ- دیاری کردنی یەکەکان:

یەکەم، دەبێ بە پارچە پارچە کردنی چیرۆك، دەست پێ بکەین، هەروەها بڕگەکانی گوتاری گێڕانەوە دیاری بکەین، کە دەتوانین دابەشی سەر ژمارەیەکی کەم لە چینیان بکەین. هەموو سیستەمێك لە چەندین یەکەی خاوەن چین چینی ناسراو پێك دێت. ئێمەش بە کورتی دەڵێین، دەبێ بچووکترین یەکەکانی گێڕانەوە دیاری بکەین.

بە گوێرەی روانگەی تێکەڵکاری کە لێرەدا دیاری کراوە، شی کردنەوە تەنیا بە دابەش کردنی یەکەکان، لە یەکەم ساتەوە، دەبێ واتا خەسڵەتی یەکبوونی هەبێت، چونکە مۆرکی وەزیفیانەی هەندێك بڕگەی چیرۆك، هەر خۆی یەکەکان دروست دەکات. لێرەوە ناوی "ئەرکەکان" دەردەکەوێت، کە راستەوخۆ بەو یەکانەی بەراییمان داوە. هەر لە شێوەخوازان (فۆرمالیستان)ی رووسەوە، سوورین لە سەر ئەوەی، لە هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی چیرۆکدا یەکەیەك پێك بهێنین، وا خۆی دەنوێنێت وەك ئەوەی سنوور بێت بۆ هەموو پێکەوە بەندییەك. رۆحی هەر کارێك، ئەگەر بشێ بڵێین، لە نێو سیستەمەکەیدا شاراوەیە. ئەمەش بواری پێ دەدات، چیرۆك لە نێو تۆخمێکی دیکەدا بچێنێت، کە دواتر لە هەمان ئاستدا، پێ دەگات، یان لە دەرەوە، لە ئاستێکی دیکەدا: ئەگەر "فلۆبێر" لە چیرۆکەکەیدا "دڵێکی سادە" لە چرکەیەك لە چرکەکاندا پێمان دەڵێت، بە بێ پێداگیرییەکی بەرچاو، کە کچانی جێگری پشکنەر لە شاری "بۆن لیفیك" تووتییەکیان هەیە، لەبەر ئەوەیە چونکە لەوەی دادێت، ئەو تووتییە بایەخێکی مەزنی لە ژیانی "فیلیسیتە"دا دەبێت: ئەو دەستەواژەیەی نیشانە بەو وردەکارییە دەدات (شێوە زمانییەکەی هەر چییەك بێت)، ئەرکێك، یان یەکەیەکی گێڕانەوە پێك دەهێنێت. دەشپرسین و دەڵێین: ئایا هەموو شتێك لە چیرۆکدا ئەرکە؟ ئایا هەموو شتێك واتا لە خۆ دەگرێت، تەنانەت بچووکترین

وردەکارییش؟ ئایا دەکرێ چیرۆك بە یەکجاری بۆ چەندین یەکە، پارچە پارچە بکرێت؟ ئەمەیە کە لە پاش کەمێکی دی دەیبینین.

ژمارەیەك نموونەی ئەرك هەن. ئەمەش کارێکە گومانی تێدا نییە. هۆیەکەش ئەوەیە کە چەندین نموونەی پێکەوە گرێدەر هەن. هیچ نەماوە بیێ لەوەی بڵێین، چیرۆك هەرگیز دروست نەبووە، تەنیا لە ئەرکەکاندا نەبێت. هەموو شتێك لەودا، لە ئاستی جیاجیادا، نیشانەی خۆی هەڵگرتووە. ئەم پرسەش پرسی هونەر نییە (لە لایەن حەکایەتخوانەوە)، ئەو پرسی بنیاتە. هەرچی لە سیستەمی گوتاردا تۆمار کراوە، لەبەر ئەوەیە رێك قابیلی تۆمار کردنە. کاتێك وردەکارییەك لە وردەکارییەکان دەردەکەوێت و لە هەموو ئەرکێك یاخی دەبێت، هیچ واتایەکیشی نییە، ئەمە واتای ئەوە نییە کە واتای بیێ هوودەیی یان بیێ سوودی دەگرێتە خۆ: هەموو شتێك واتای هەیە، ئەگەر نا، خۆ هیچ شتێك واتای نابێت. بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین، هونەر غەڵبەغەڵب (بە گوێرەی واتای پەیڤەکە لە میدیادا)[19] نازانێت. ئەو تەنیا سیستەمە. هەرگیز یەکەیەکی ون نەبووە و ناشبێت[20]، جا ئەو دەزووەی بە یەکێك لە ئاستەکانی چیرۆکدا دەیبەستێتەوە، هەر چەندی درێژ یان خاو یانیش بەهێز بێت[21].

ئەرك (کار) یەکەیەکی ناوەرۆکە. ئەمەش لە روانگەی زمانییەوە بەدیهییە. ئەوەی ئەم دەستەواژەیەش دەیەوێ بیڵێت ئەمەیە، نەك ئەو شێوەیەی کە ئەوی تێدا گوتراوە، چونکە لە یەکەیەکی وەزیفیدا پێکی دەهێنێت[22]. ئەم بەرنیشانە پێکهێنەرە دەتوانێت چەندین نیشانەی جۆربەجۆر، زۆربەی جاریش پێچاوپێچ، بەدەست بهێنێت. ئەگەر پێم بگوترێت کە "جیمس بۆند" لە رۆمانی "گۆڵد فینگەر: پەنجەی زێڕین"دا "پیاوێکی دیت لە تەمەنی پەنجاساڵیدا بوو"، من تێدەگەم کە هەواڵەکە لە یەك کاتدا دوو ئەرك دەگرێتە خۆی، بەڵام لە رووی کاریگەرییەوە چون یەك نین. تەمەنی کەسەکە، لە لایەکەوە، دەچێتە نێو تابلۆیەکەوە کە (تۆ) بە شێوەیەکی دیاری کراوی دەکێشیت (سوودی سەبارەت بە پاشماوەی چیرۆکەکە ناهیچە،

بەڵام پەرت و دواکەوتووە). لە لایەکی دیکەوە، واتای راستەوخۆی دەستەواژەکە، ئەوەیە "بۆند" دوێنەری ئایینەدەی ناناسێت: یەکە پێویستی بە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە (دەست پیێ کردنی هەڕەشە و ناچار بوون بۆ ئاشکرا کردنی ناسنامە). بۆ ئەوەی یەکەکانی بەرایی گێڕانەوە دیاری بکرێن، کەواتە پێویستە سیمای وەزیفیانەی ئەو بڕگانەی دەیانپشکنین، لەبەر چاومان ون نەبن. پێشەکیش قبوولمان نەبێت، کە بە رێکەوت لەگەڵ ئەو فۆرمانە (شێوانە)دا پێك ناگەن، کە لە بەشە جیاجیاکانی گوتاری گێڕانەوەدا، نەریتانە دەیانخەینە روو (کردار، دیمەن، بڕگە، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ،... هتد)، پێك گەیشتنیشی لەگەڵ چینانی "سایکۆلۆژی"دا کەمتر دەبێت (وەك رەفتار، هەست، مەبەست، هاندەر، عەقڵانیەتی کەسان).

لێرەدا کار لەگەڵ ئەوەی پێش خۆیدا جیاواز نییە، زمانی چیرۆك زمانی ئاخافتنی ئاسایی نییە -هەرچەندە لە زۆربەی کاتدا ئەم جۆرە ئاخافتنە رۆنراوە- یەکەکانی گێڕانەوەش بە شێوەیەکی جەوهەری لە یەکەکانی زمانناسی جودان. ئەو، بە دڵنیاییەوە، دەتوانێت پێك بگات، بەڵام پێك گەیشتنەکەی رێکەوت دەبێت نەك بە شێوەیەکی رێك و پێك. جارێکیان کارەکان (ئەرکەکان) بریتی دەبن لە یەکەی بەرزتر لە رستە (کۆمەڵە رستەیەك بە قەبارەی جیاجیا، تا ئەوەی هەموو کارەکە (ئەرکەکە) دەگرێتەوە). هەروەها جارێکی دی، بریتی دەبن لە یەکەی لەو نزمتر (بڕگە، پەیڤ، رەنگە لە پەیڤدا تەنیا هەندێك توخمی وێژەیی هەبن)(٢٣). کاتێك پێمان دەگوترێت "بۆند" یەکێك لە چوار بڵندگۆی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، کاتێك لە نووسینگەی راژەی نهێنیدا پاسەوان بوو، ئەوە رەگی "چوار" بە تەنیا یەکەیەکی وەزیفی پێك دەهێنێت، چونکە سەبارەت بە تێکڕای چیرۆکەکە، ئاراستە بە چەمکێکی پێویست دەکات (ئەوە چەمکی باڵای تەکنۆکراتە). لە واقیعدا، یەکێتیی گێڕانەوە لێرەدا، یەکێتیی زمانی (وشە) نییە. ئەوە قەراغە بەهای ئەوە (وشەی "چوار" لە رووی زمانەوە ناکاتە ژمارە "چوار"). ئەمەش راڤەیە بۆ ئەوەی کە هەندێك یەکەی وەزیفی دەتوانن لە خوارووی رستەوە بن، بەڵام بە بیێ ئەوەی لە گوتار دابپچڕێن. جا

ئەوان لەم حاڵەتەدا، نەك هەر رستە تێدەپەڕێنن، كە لە رووی مادییەوە لـە خـوارووی ئـەودا دەمێننـەوە، بـەڵكوو ئاسـتی دەلالـەتی خـودیش، كـە سـەر بـە زمانناسـییە، تێدەپەڕێنێت، لەمەشدا بە هەموو واتای وشەكە، هەر وەك رستە وایە.

## ب- چینەكانی وشە:

دەبێ ئەم یەكانەی وەزیفی بە سەر ژمارەیەكی كەم لە چینە فۆرمالییەكان دابەش بكەین. خۆ ئەگەر ویستمان ئەم یەكانە دیاری بكەین، بە بێ ئەوەی پەنا ببەینـە بـەر جەوهەری ناوەرۆك (بۆ نموونە جەوهەری دەروونی)، ئەوا ئەمە وا لە سەرمان پێویست دەكات، سەر لە نوێ چاو بە هەمەجۆرە ئاستەكانی واتـادا بخشـێنینەوە: هەنـدێك لـە یەكەكان، یەكەی هاوشانی خۆیان دەكەنە رایەڵ. بۆ ئەوەی یەكەكانی دی تێر بكـرێن، دەبێ بە پێچەوانەی ئەمەوە، بۆ ئاستێكی دی بگوازینەوە. لە ئاكامی ئەوە دوو چینی گەورەی وەزیفی دێنە بەرهەم، هەندێكیان دابەشكارانەن، ئەوانی دیكەش تێكەڵكارن. ئەوانی یەكەم (دابەشكاران) لەگەڵ ئەو ئەركانەدا دەگونجێن كـە "بـرۆب" گوزارشـتی لێ كردن، "بریمۆن"یش لە نوێ بەكاری هێناون، بەڵام ئێمە لێرەدا گـەلێك وردتـر لـەو دوو دانەرە بەكاریان دەهێنینەوە. پێشمان باش بوو هەر ناوی "ئەركەكان"ی لێ بنێین (هەرچەندە یەكەكانی دیكەش هەر وەزیفین). لەو كاتەوە كە "تۆماشیفیسكی"، شـی كردنەوەكەی تێدا كرد، ئیدی بووە ئەو نموونەیەی كە كلاسیكانە نوێنەرایەتیی دەكات. رایەڵ لە كڕینی دەمانچەدا، ئەو چركەیەیە كە بە كـاری دەهێـنین (ئەگـەر بەكاریشـی نەهێنین، ئەوە تۆمار كردنەكە دەگۆڕێت بە ئاماژەیەكی تەفرەدەر). رایەڵ لە بڵندگۆی تەلەفۆنیش لەو چركەیەدا خۆی مەڵاس داوە كە دای دەنێتـەوە. هـەروەها، رایـەڵ لـە بردنی تووتی بۆ ماڵی "فیلیستێ"، رووداوی ئاخنینی پووش و خوداپەرستییە.

هەرچی دووەمین مەزنە چینی یەكەكانـە، ئـەوە خـاوەن خەسـڵەتی تێكەڵكارییـە، هەموو "بەڵگەكانیش" لە خۆ دەگرێت (بە واتای گشتیی پەیڤەكە)[٢٤]. لەم رەوشەدا، یەكە بە ئاراستەی كاری تەواوكار و بەرهەمدا ناچێت، بەڵكوو بـەرەو چـەمكێكی تـا

رادەیەك بڵاودا دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ واتای چیرۆك پێویستە، کاتێـك بەڵگـەکان ئاسایی دەبن، ئیدی تایبەت بە کەسان دەبن. ئەو زانیاریی تێدایە کـە پەیوەنـدیی بـە ناسنامەکەیانەوە هەیە، هەروەها ئاماژەی تێدایە کە ژینگەکەیان دەخاتـە روو، هـەتا دوایی. تێبینی دەکەین کە پەیوەنـدیی نێـوان یەکـە و رایەڵەکـەی، لـەم حاڵەتـەدا، چ پەیوەندییـەکی وەزیفیـی نییـە (بـە زۆری ژمارەیـەك نیشـانە، ئاراسـتە بـە خـودی بەرنیشانە دەکات، لەگەڵ ئەوەی سیستەمی پەیدا بـوونی لـە گوتـاردا، بـە زەروورەت گونجاو نییە)، بەڵام پەیوەندییەکی ئاوێتەکارانەیە. بۆ ئەوەی حاڵی بین لەوەی بەڵگـەی تۆمار کراو دەیگەیـەنێت، دەبـێ بـۆ ئاسـتێکی بـەرزتر بچـین (کـرداری کەسـان، یـان گێڕانەوە)، چونکە لێرەدا بەڵگەمان بۆ روون دەبێتەوە. ئەو توانا کارگێڕییەی لە پشت "بۆند"ـەوەیە، بە ژمارەی ئامێری تەلەفۆنەکان پێوانە دەکرێت، هیچ کاریگەرییەکیان بە سەر ئەنجامی ئەو کردارانـەوە نییـە، کـە لـە کـاتی قبـووڵ کردنـی تەلەفۆنەکـەدا، "بۆند" نقومی نێویان دەبێـت. ئـەو واتـای خـۆی وەرناگرێـت، تـەنیا لەسـەر ئاسـتی نموونەی گشتیی بکەران نەبێت (بۆند لە تەك سیستەمدا دەوەستێت). بەڵگەکانیش بە کردەنـی بـریتین لـە یەکـەی نیشـانەیی. ئەمـەش بـۆ پەیوەنـدیی تـا رادەیـەك مـۆرك ستوونیانەی دەگەڕێتەوە. هەروەها نیشانەییە، چونکە بە پێچەوانەی ئەرکەکانە. ئـەو ئاراستە بە بەرنیشانە دەکات، نەك بۆ پرۆسەیەك لە پرۆسەکان. راسـتگۆیی بەڵگـەش "باڵاترە"، خۆ رەنگە هەندێك جـاریش گریمانـەیی بێـت. ئـەو کـە دەکەوێتـە دەرەوەی بڕگەی دیارەوە (رەنگە ناوی "خەسڵەتی" کەسایەتی نەهێندرا بێـت، بـەڵام هەمیشـە هـەر دەسـت نیشـان کـراوە)، ئیـدی ئـەو راسـتگۆییەکی نموونەییـە. دەشـبینین، بـە پێچەوانەی ئەوە، راستگۆیی ئەرکەکان هەرگیز راستگۆییەکی "دوورتر" نییە، چونکە راستگۆییەکی رۆنراوە[٢٥]. بەم جۆرە، ئەرك و بەڵگە جیاوازییـەکی دیکـەی کلاسـیك دادەپۆشێت: هەرچی ئەرکە، لەبەر ئەوەیە، چونکە رایەڵی درکە دەگرێتە خۆ، هەرچی بەڵگەشە، لەبەر ئەوەیە چونکە رایەڵی خواستە دەگرێتە خۆ. یەکەمیان لەگەڵ ئەرکی کرداردا دەگونجێت، دووەمیشیان لەگەڵ ئەرکی کەینوونەدا[٢٦].

دەبێ ئەم دوو چینە مەزنەی یەکەکان، واتە ئەرك و بەڵگەکان، ڕێ بە پۆلێنێکی دیاری کراوی چیرۆك بدەن. هەندێك چیرۆك زۆر بە گوڕ وەزیفین (ئەرك بەجێ گەیەنەرن) "وەك حەکایەتی میللی"، هەندێکی دیکەش، بە پێچەوانەی ئەوە، بە گوڕ بەڵگەدەرن "وەك ڕۆمانی دەروونی". لە نێوانی ئەم دو جەمسەرەشدا، زنجیرەیەکی تەواو لە شێوەی ناوەند هەن کە ملکەچی مێژوو، جڤاك، سێکسن. بەڵام ئەمەش هەموو شتێك نییە: لە نێو هەر چینێك لەم چینە مەزنانەدا، دەکرێ دەمودەست دوو چینی ژێرەوەی یەکەی گێڕانەوە دیاری بکەین.

بۆ ئەوەی لە ئاست چینی ئەرکەکاندا هەڵوەستە بکەین، دەبێ بزانین هەموو یەکەکان هەمان بایەخیان نییە. هەندێکیان بەشێکی ڕاستەقینەی چیرۆك (یان بڕگەیەکی چیرۆك) پێك دەهێنن. هەندێکی دیکەشیان چی دی ناکەن، بێ لە پڕ کردنەوەی بۆشایی گێڕانەوە، کە ئەرکەکان- جومگەکان لە یەکدی جیا دەکاتەوە: دەبا ئەوی یەکەمیان ناو بنێین "ئەرکی بنەڕەتی" (یان ناوك). با ناوی ئەوی دووەمیشیان "ئامرازەکان" بێت، ئەویش بە هۆی خەسڵەتی تەواوکارانەیانەوە. بۆ ئەوەی ئەرکێك لە ئەرکەکان بنەڕەتی بێت، هێندە بەسە کە ئەو کردارەی ئەو بە ئاراستەیدا دەچێت، کە دەرگایەك لە دەرگاکان بە دوای یەکدا هاتنی لۆژیکیانەی چیرۆك بکاتەوە (یان بپارێزێت یان دابخات). بە کورتی دەکرێ بڵێین، پێویستە ئەرك گومانێك لە گومانەکان بکاتەوە یان دابخات. خۆ ئەگەر لە بڕگەیەك لە بڕگەکانی چیرۆکدا "زەنگی تەلەفۆن لێی دا"، دەکرێ وەڵام بدەینەوە یان وەڵامیش نەدەینەوە. هەڵبەت ئەمە وا دەکات چیرۆك بە دوو ڕێی جیاوازدا بڕوات. بە پێچەوانەی ئەوە دەبینین، هەمیشە دەکرێ، کە لە نێوانی دوو ئەرکی بنەڕەتدا هەڵسوکەوت بکەین، بۆ تۆمار کردنی بە خۆدا هاتنەوە، کە بە بێ ئەوەی گۆڕان لە خەسڵەتی بە دوای یەکدا هاتندا بکرێت، لە دەوری ناوکێك یان یەکێکی دی کۆ دەبنەوە. ئەو بۆشاییەی کەوتووەتە نێوان "زەنگی تەلەفۆنەکە" و "هەڵگرتنی لە لایەن بۆندەوە"، دەکرێ

تـەژی بێـت لـە بـیٚ شـومار وردە بەڵگـە، یـان پەسـنی ورد، وەك: "بۆنـد بـەرەو نووسینگەکە چوو، دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، ملپێچەکەی بەستا"... هتد.

ئەم ئامرازانە هەر بە وەزیفی دەمێننەوە، مادام لەگەڵ ناوکدا لـە پەیوەندیـدان. هەڵبەت لەم حاڵەتەدا ئەرکەکەی سووك، یـەك لایـەن و مشـەخۆرانە دەبێـت. لێـرەدا مەبەست جۆرێك لە ئەرکە (کارە)، کە ریزبەندی مێژوویی تێیدا تەنیا ریزبەندە (ئێمە پەسنی ئەوە دەکەین، کە دوو چرکەسـاتی مێـژوویی لـە یەکـدی جیـا دەکاتـەوە)، لـە کاتێکدا ئێمە لە رایەڵی نێوان دوو ئەرکی بنەڕەتیدا، جۆرێك لە ئەرکی سەربار بەکار دەبەین. ئەو لە یەك کاتدا لە رووی لۆژیك و مێـژووەوە ریزەبەنـدە، بۆیـە ئامرازەکـان تەنیا یەکەی دوای یەکن، کەچی ئەرکی بنەڕەتی لە یەك کاتدا لۆژیکی و دوا بە دوای یەکە.

هـەموو شـتێك داوای بیرکردنـەوە دەکـات لـەوەی، کـە گـوڕ و تـینی چـالاکیی گێڕانەوە، خۆی لە تێك پەڕینی دوا بە دوای یەکدا هـاتن و ئـەو لۆژیکـەی بەرهـەمی ئەوە، مەلاس داوە. ئێمە دەشبینین، لە کاتێکدا چیرۆك دەخوێنینـەوە، ئـەوەی پاشـتر دێت، ئەوە بە هۆی "ئەو"ەوە بووە. چیرۆکیش لەم حاڵەتەدا، بریتی دەبێت لە، پیـادە کردنێکی میکانیکیانـەی هەڵـەی لـۆژیکی، کـە لۆژیـك بـە نـاوی ئـەم بەرکێشـەیەی دادێت، ئاشکرا و شەرمەزاری دەکات: "لە پاش ئەوە، بـە هـۆی نزیکیـی لەمـەوە". رەنگە ئەم بەرکێشەیە ببێتە هێما بۆ قـەدەرێك، کـە لـە ئاکامـدا چـیرۆك هـەر تـەنیا "زمانەکەیەتی". "پلیشانەوەی" لۆژیك و کاتایەتی، پەیکەری ئەرکە بنەڕەتییەکانی تەواوی دەکەن. دەکریٚ لە دەسپێکدا ئەم ئەرکانە شتێك نەگەیـەنن (هـیچ واتایـەکیان نەبێت). ئەوەی پێکیان دەهێنێت دیمەن (بایەخ، قەبارە، دەگمەنی، یـان گـوڕ و تـینی کـرداری دەر دراو) نییـە، بـەڵکوو، ئەگـەر گونجـاوە بڵـێین، سەرکێشـی: ئەرکـە بنەڕەتییەکان بریتین لە چرکەساتەکانی سەرکێشی لە چیرۆکدا.

ئامرازەکـان، لـە نێـو خاڵـەکانی دوا بـە دوای یەکـدا هـاتن و "ئاراسـتەکەرانی سەنترال"دا، ناوچەی ئـارام، وچـان و خۆشـگوزەرانییان هەیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەو

خۆشگوزەرانییە بێ سوود نییە: ناوەند، لە روانگەی مێژووەوە دەتوانێت ئەرکێکی سستی هەبێت، بەڵام هیچ نییە. خۆ رەنگە (هەمبەر بە ناوکەکەی) دووبارە بێت، هیچ بەشدارییەکیش لە ئابووریی نامەدا ناکات، بەڵام کارەکە بەم جۆرە نییە. هەڵبەت هەر تۆمار کردنێك لە رواڵەتدا وەك زیادە دێتە پێش چاو، هەردەم ئەرکێکی نیشانەگەرانەی هەیە: ئەو رەنگە پاڵێك بە گوتارەوە دەنێت یان گوڕی پێ دەدات، یان پاشی دەخات. رەنگە پوختە بکات، یان رەخنە بگرێت. هەروەها ئەو هەندێك جار تەفرەش دەدات[٢٧]. لەبەر ئەوەی تۆمار کراو هەمیشە وا دێتە پێش چاو، کە قابیلی تۆمار کردنە، ئەوا ناوەند، بێ وەستان، پەشێویی دەلالەتی گوتار بەخەبەر دێنێت. ئیدی بێ پسانەوە لەبارەیەوە دەگوترێت: ئەو واتای هەبوو، واتاشی دەبێت. بەم جۆرە ئەرکی چەسپاوی ناوەند، بە جیاوازیی رەوش، ئەرکێکی وریاکەرانە دەبێت (بە گوێرەی ئەو پەیڤەی جاکبسۆن بەکاری هێنا). ئەو، بەریەك کەوتنی نێوان گێڕەر و گێڕدراوە دەپارێزێت. دەبا بڵێین ئێمە ناتوانین ناوك فڕێ بدەین بە بێ ئەوەی چیرۆك بڕووخێنین، هەروەها، ئێمە ناتوانین ناوەند فڕێ بدەین بە بێ ئەوەی گوتار بڕووخێنین.

سەبارەت بەوەی پەیوەندیی بە چینی دووەم لە چینەکانی گێڕانەوە (نیشانەکان)، چینی تێکەڵ بوونەوەوە هەیە، ئەو یەکانەی ئەو تێیاندایە بەندن بە فاکتەرێکی هاوبەشی نێوانیانەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناکرێ تێر بکرێت (تەواو بکرێت) تەنیا لە ئاستی کەسایەتی یان گێڕانەوەدا نەبێت. چونکە ئەو بەشێك لە پەیوەندییەکی چەسپاو پێك دەهێنێت[٢٨]، دووەمین پەیڤ واتا شاراوەکەی تێدا راکشاوە. جێی دیمەنێك، یان کەسایەتییەك، یان کارێکی تەواوی تێدا دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین چەند نیشانەیەك لە یەکدی جیا بکەینەوە، کە یان ئاراستە بە خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکان، یان بە هەستێك، یان بە کەشی گومان (بۆ نموونە)، یان بە فەلسەفەیەك دەکات، هەروەها لە نێوان چەندین زانیاری کە بۆ دڵنیا بوون لە ناسنامە بەکار دێن، یان بۆ دیاری کردنی شوێن بە (کات و شوێن)ـەوە، بەکار دێت. بۆ نموونە کە دەڵێین "بۆند" لە نووسینگەی پەنجەرەی کراوەیەوە ئێشك دەگرێت، رێمان پێ دەدات مانگ

ببینین کە لە نێو هەوری مەزندا دەسووڕێتەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە، ئێمە نیشانە بە شەوێکی گەردەلوولاویی هاوین دەدەین. خودی ئەم دەرەنجامەش کەشە بەڵگەیەك پێك دەهێنێت کە ئاماژە بە کەشێکی قورس دەکات، (ئەویش) مایەی بێزارییە و کارێکیشی تێدایە کە هیچی لەبارەوە نازانین.

کەواتە بەڵگە، هەڵگری نیشانەیە. هەرچی زانیارییە، ئەوە هیچ شتێکی لەم جۆرەی نییە، تەنیا مەگەر ئەوە نەبێت کە لە ئاستی چیرۆکدایە: بۆیە، ئەو دەرهاویشتەی رووتە، واتاکانیشی راستەوخۆن. جا لێرەوە، بەڵگەکان پێویستیان بە چالاکیی لێك کردنەوە هەیە: ئەوەی سەبارەت بە خوێنەر مەبەستە، ئەوەیە فێری ناسینی سیما و کەش بێت. هەرچی توخمەکانی هەواڵدەرە، ئەوە هەڵگری زانینێکی ئامادەن، ئەرکەکەشی لاوازە، لەوەدا بۆ نموونە ئەرکەکەی بە هەمان شێوەی ئامێر و ئامرازە، بەڵام بە هەر حاڵ، نەبوو نییە: هەڵبەت هەر چییەك بێت (کەرییەکەی) سەبارەت بە پاشماوەی چیرۆك، ئەوا توخمی هەواڵدەر (بۆ نموونە تەمەنی دروستی کارەکتەر) بۆ دڵنیایی بوون لە واقیعایەتیی چاوگ بەکار دێت، هەروەها لە رەگاژۆ کردنی خەیاڵ لە واقیعدا: ئەمەش پرۆسەیەکی ریالیستانەیە. ئەویش، بەم پەسنەوە، ئەرکێکی هەیە هیچ بەرهەڵستییەکی لە سەر نییە، نەك لە سەر ئاستی چیرۆك، بەڵکوو لە سەر ئاستی گوتاردا(٢٩).

وا دیارە ناوك و ئامراز، بەڵگە و توخمەیلی هەواڵدەر (ناو گرنگ نییە) چینەیلی یەکەمن، کە دەتوانن یەکەکانی ئاستی وەزیفییان لە نێواندا دابەش بکەین. دوو تێبینییش هەن، دەبێ ئەم پۆلێنەیان پێ تەواو بکرێت. یەکەم، دەکرێ یەکەیەك لە یەکەکان لە یەك کاتدا سەر بە دوو چین بێت: خواردنەوەی مەی (لە هۆڵی فرۆکەخانەدا) کردارێکە دەکرێ وەك ناوەندێك بۆ تۆمار کردن بەکار بێت (سەرۆك) "چاوەڕوان بە". بەڵام هەر ئەوە، لە هەمان کاتدا، بەڵگەیە بۆ ژینگەیەکی دیاری کراو (نوێخوازی، پشوو، یادگاری،... هتد). بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین: دەکرێ هەندێك یەکە تێکەڵ بن. هەر جووڵەیەکی لەم جۆرە، دەکرێ لە چڕ کردنەوەی چیرۆکدا

پەیڕەو بکرێت. لە رۆمانی (گۆڵد فینگەر: پەنجەی زێڕین: Gold Finger)دا، لەبەر ئەوەی دەبوو "بۆند" ژووری نەیارەکەی بپشکنێت، ئەوا لە لایەن هاوبەشەکەیەوە مۆڵێکی پێ درا: تۆمار کردن چەمکێکی رووتە (بنەڕەتییە). دەشبنین کە ئەم وردەکارییە لە فیلمەکەدا گۆڕاوە. بۆند، بە گاڵتەوە، پرێسکەی خزمەتکارەکە دەڕفێنێت، ئەویش بەرهەڵستی ناکات. لێرەدا تۆمار کردن، تەنیا وەزیفی نییە، بەڵکوو نیشانەدەریشە. ئەو ئاماژە بە سیمایەکی کەسایەتیی بۆند دەکات (گاڵتەجارییەکەی، سەرکەوتوویی لەگەڵ ژناندا). هەروەها دەبێ، دووەم، تێبینی بکەین (دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەمە) ئەو چینانەی دی کە قسەمان لەبارەوە کردوون، دەکرێ ملکەچی دابەش کردنێکی دیکە بن، کە بە هەر حاڵ، زیاتر لەگەڵ نموونە زمانییەکەدا بگونجێت.

ئامراز و، نیشانە (دەلالە) و، توخمگەلی هەواڵدەر، لە یەك سیمای هاوبەشی نێوانیاندا کۆ دەبنەوە: بەرانبەر بە ناوك کشانێك پێك دەهێنن. ناوکیش (ئەمەش دوای کەمێك دەیبینین) کۆمەڵێکی بە کۆتا هاتووە لە پەیڤی کەم، لۆژیك هەڵێدەسووڕێنێت. ئەو لە یەك کاتدا پێویست و بەسیشە. یەکەکانی دیکەش دێن تا ئەو پەیکەرە بەخشراوە پڕ بکەنەوە، ئەویش بە پێی شێوازێکی زیاد بوون کە لە رووی بنەماوە بێ کۆتاییە. رەنگە بزانین، چی بە سەر ئەو رستەیەدا دێت کە لە چەند دەستەواژەیەکی سادە پێك هاتووە، کاتێك تەشەنە کردن و، سازان و، داپۆشین، هەتا دوایی، تا بێ کۆتایی ئاڵۆزی دەکات. هەڵبەت نموونەی چیرۆکیش وەك نموونەی رستە وایە، قبووڵیەتی کە تا بێ کۆتایی رۆڵی ناوەند بگێڕێت. "مالارمێ" بایەخی بەم نموونەیە لە نموونەکانی ژینگە دا، جا چامەکەی: "هەرگیز زاری تاوڵە هەڵنادرێت" لە سەر ستایلی ئەو بوو، دەشتوانین بە هەموو "گرێیەکانی" و "تیرەکانی" و "پەیڤە-گرێیەکانی" و "پەیڤە- هەڵکۆڵدراوەکانی"یەوە بە باشی لێی رابمێنین، وەك ئەوەی لە دروشمێك بۆ هەموو چیرۆکێك و هەموو قسەیەك رادەمێنین.

## ج- سینتاکسی ئەرکی:

چۆن و بە چ ڕێسایەك، ئەم یەکە جۆربەجۆرانە یـەك بـە دوای یەکـدا بـە درێـژایی بڕگەی گێڕانەوە، دزە دەکەن؟ کامانەن ڕێساکانی دانانی ئەرکی؟ توخمەکانی هەواڵدەر و نیشانەکان دەتوانن لە نێوانی خۆیاندا، ئازادانە پێکەوە بگونجێن. لە وێنـەی کەسـی (پۆرترێت)دا نموونەیەکی ئەمە دەبینی. ئـەو، بـە بـێ ناچـار کـردن، دەرهاویشـتە بـۆ ڕەوشی مەدەنی و ڕەنگ و ڕووی سیمای کارەکتەر، بە تەنیشت یەکەوە دادەنێت.

سەرباری ئـەوە، پەیوەندییـەکی نـاوەکی هەیـە کـە ناوەنـد و نـاوك دەکاتـە یـەك: ناوەند، بە زەرووڕەت، هەبوونی کارێکی سەرەکی دەگرێتە خۆ، کە پێیەوە بەندە، نەك بە پێچەوانەوە. هەرچی (ئەرك)ی سەرەکییە، ئەوا پەیوەندییەکی هاریکـاری دەیکاتـە یـەك. ئـەرکێکی لـەو جـۆرە ئـەرکێکی دی لـە هـەمان جـۆر، پێویسـت دەکـات، پێچەوانەکەشی بە پێچـەوانەوە. دەبـێ بـۆ چـرکەیەك لـە ئاسـت ئـەم ئەرکـەی دوایـی هەڵوەستە بکەین: یەکەم، چونکە تەلاری چیرۆك دیاری دەکات (فراوان کـردن قـابیلی لادان و قرتاندنـە، نـاوك وا نییـە). دووەم، چـونکە ئەوانـەی سـەرقاڵ کـردووە کـە توێژینەوە لە لای ئەوان لە سەر بەخشینی بنیاد بە چیرۆك، ڕۆنراوە.

پێشتر ئاماژەمان پێ دا، چیرۆك لە ڕێـی بنیاتەکەیـەوە بـە تایبـەت، بریتییـە لـە تێکەڵەیەکی بەدوادا هاتن و بەرهەمی لۆژیك، هەروەها زەمەن و لۆژیك. دەکرێ بڵێین ئەم بەدحاڵی بوونە، پرسی سەرەکی لە تان و پۆی چیرۆکدا پێك دەهێنێت. جا ئایا لـە پشت زەمەنی چیرۆکەوە لۆژیکێکی نازەمەنی هەیە؟ ئەم خاڵـە توێـژەرانی سـەردەمی نوێیی کردە دوو کەرتـەوە. "پـرۆپ"، وەك دەزانـین، بـە شـرۆڤەکەی خـۆی ڕێگـای لـە بەردەم توێژینەوەکانی ئێستادا کردەوە، (ئەو) بە ڕەهایی سوورە لە سەر ئـەوەی نـابێ سیستەمی بەدوای یەکدا هاتن کورت بکرێتەوە: زەمەن لە ڕوانگەی ئـەوەوە واقیعـە، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە بە لای ئەوەوە پێویستە چیرۆك لە چوارچێوەی زەمەندا ڕەگاژۆ بکرێت. وێڕای ئەوە، خودی ئەرستۆ - کاتێك جیاوازیی کرد لـە نێـوان تراژیـدیا (کـە یەکبوونی کردار دیـاریی دەکـات) و مێـژوو (کـە فرەیـی کـردار و یـەکبوونی زەمـەن

دیاریی دەکات)- پێی وا بوو، لۆژیك وەپێش بەدوای یەکدا هاتن دەکـەوێت[٣٠]. هـەر ئەمەشە کە توێژەرانی هاوچەرخی وەك (لیڤی شتراوس، گریماس، بریمۆن، تـۆدۆرۆف) دەیکەن. هەر هەموویان (هەرچەندە لەبارەی خاڵی دیکەوە ناکۆکن) دەچنە ژێر چەتری دەستەواژەکەی (شتراوس)ـەوە: "سیستەمی یەك بە یەکی بەدوای یەکدا هاتن لە نێـو بنیـاتی تۆمـارێکی نازەمەنـدا دەتوێتـەوە"[٣١]. شـرۆڤەی هەنووکـە بـە لای ئـەوەدا دەچێت، بە کردەنی بەدوای یەکدا هاتن لە نـاوەرۆکی گێڕانـەوەدا لا ببـات، هـەروەها بیخاتە ژێر رکێفی ئەوەی "مالارمیێ" ناوی نا تایبەتمەندیی زمانی فەرەنسی "تەرەقە بەراییەکانی لۆژك"[٣٢]. یان دەکرێ زۆر وردتر بڵێین -لێرەشدا بە لای کەمەوە مایـەی ئومێدمانە- ئەو ئەرکە بەرجەستە دەبێت لە گەیشتن بـەوەی پەسـنێکی بونیاتگەرانـە بـە وەهمـی دوا بـەدوای یەکـدا هـاتوو بـدرێت. لـۆژیکی گێڕانـەوەش ئـەرکی روون کردنەوەی زەمەنی گێڕانەوەی دەکەوێتە ئەستۆی. بە دیوێکی دیکەدا دەتـوانین بڵـێین، زەمەنیەت هەر تەنیا چینە بنیاتێکە لە چینەکانی چیرۆك (گوتار). لەوەشدا هەر وەك زەمـەن وایـە، زەمـەنی تێـدا نییـە تـەنیا بـە شـێوەی سیسـتەم نـەبێت. هەرچـی لـە گۆشەنیگای چیرۆکەوەیە، ئەوەی پێی دەڵێین "زەمەن" نییـە، یـان نییـە مەگـەر وەك ئـەرك (وەزیفـە) نـەبێت، لەمەشـدا ئـەو هـەر وەك هـەر توخمێکـە لـە توخمـەکان لـە سیستەمی سیمیائیدا: زەمەن بە هەموو واتای وشەکە سەر بە گوتـار نییـە، بـەڵکوو (سەر بە) مەرجەع (چاوگ)ـە. چیرۆك و زمانیش تەنیا زەمەنێکی سیمائییان هەیـە. هەرچی زەمەنی "هەقیقی"یە، ئەوا وەهمێکی چاوگی و "واقیعییە"، هەڵبـەت هـەر وەك قسـەکانی (پـرۆپ) پیشـانی دەدەن. ئیـدی دەبـوو رەخنـەی بونیاتگەرانـە لـەم دەسپێکەوە چارەسەری بکردبایە[٣٣].

کەواتە ئەو لۆژیکە چییە کـە ئەرکـە سـەرەکییەکان دەخاتـە سـەر چـیرۆك؟ هـەر ئەمەشە کە خۆمانی پێوە ماندوو دەکەین لە پێناو دامەزراندنیدا، هـەر ئـەوەش بـوو کە تا ئێستا بە درێژی گفتوگۆمان لەبارەوە کرد. لـەبارەی ئـەم مـژارەوە، ئامـاژە بـە (ئا. ج. گریماس، ك. ل. بریمۆن، ت. تۆدۆرۆف) لە ژمـارە (٨)ی گۆڤـاری "ئیسـالٚ"ی

ساڵی ١٩٦٦تان دەکەین. ئەوان باسی لۆژیکی ئەرکەکانیان کردووە. وەك سەرنجیش دەدەین، سێ ڕەوتی سەرەکی پەیدا بوون. تۆدۆرۆف پیشانی دان. هەرچی ڕەوتی یەکەمە، ئەوا هی (بریمۆن)ـە. کە ڕەوتێکە بە ناو لۆژیکدا ڕۆ چووە. مەبەستیش لەو، دووبارە گێڕانەوەی (کاریگەری)ی کاروانی "ئەگەرەکان"ـە، کە ئەم کەسە یان ئەوی دی لە هەر خاڵێك لە خاڵەکانی مێژوودا[٣٤]، بە شێوەیەکی قەدەری ملکەچی دەبێت، هەروەها مەبەست ڕوون کردنەوەی ئەوەیە کە دەکرێ ناوی لێ بنێین لۆژیکی وزە[٣٥]. ئەوە کە دامێنی کەسایەتییەکان دەگرێت، لەو چرکەساتەی دەخوازێت تێیدا بجوولێتەوە. هەرچی ڕەوتی دووەمە، ئەوا نموونەکەی زمانییە (لیڤی- شتراوس، گریماس): بایەخی سەرەکیی توێژینەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە لە چێوەی ئەرکەکاندا دژبەریی نموونەییانە بدۆزێتەوە. ئەم دژبەرییانەش لەگەڵ بڕوای جاکبسۆن لەبارەی "شیعرییەت"ـەوە یەك دەگرێت، چونکە ئەو بە درێژایی گرێچنی چیرۆکەکە "کشاوە" (وێڕای ئەوە ئەو پەرەسەندنە نوێیانەش دەبینین، کە بە هۆی ئەوانەوە گریماس نموونایەتیی ئەرکەکانی ڕاست کردەوە یان تەواو کرد). هەرچی ڕەوتی سێیەمیشە، ئەوا تۆدۆرۆف پوختەی کرد. ئەو کەمێك جیاوازە، چونکە شرۆڤە لە ئاستی کردار دادەنێت (واتە کەسایەتییەکان)، هەوڵیش دەدات ئەو ڕێسایانە دابنێت کە بە هۆیانەوە چیرۆك ژمارەیەك لە دراوەپاڵان پێك دەهێنێت، هەروەها گۆڕان و وەرچەرخانیان.

لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، لە نێو ئەم گریمانانەی کاردا هەڵبژێری بکەین. ئەمەش دژ بە یەکی نییە، بەڵکوو کێبڕکێکارییە. بە هەر حاڵ، لەم کاتەدا پێگەشیان، لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکی تەواودا، گەڵاڵە دەبێت. تەنیا تەواوکارییەك کە بوار بە خۆمان دەدەین بیخەینە سەری، ئەوەیە کە پەیوەستە بە ڕەهەندەکانی شرۆڤەوە. جا ئەگەر نیشانەکان و توخمەکانی هەواڵدەر و ئامرازەکان وەلاوە بنێین، ئەوا ژمارەیەکی زۆر لە ئەرکی سەرەکی دەمێنێتەوە (نەمازە ئەگەر پرسەکە پەیوەندیی بە ڕۆمانەوە هەبوو نەك بە حەکایەت). هەروەها زۆر لەوان بەو

شرۆڤانەی باسمان کردن، ناکرێ کۆنترۆڵ بکرێن. من هەتا ئەم چرکەساتەی ئێستا بایەخم بە جومگە مەزنەکانی چیرۆك داوە. بۆیە دەبێ پەسنێکی ورد ئامادە بکەین تا هەموو یەکەکانی چیرۆك و هەموو بڕگە هەرە وردەکانی روون بکەینەوە. ئەوەش بڵێین، ناکرێ ئەرکە سەرەکییەکان لە رێی بایەخیانەوە، دیاری بکرێن، بەڵکوو لە رێی جۆری پەیوەندیی (ناواخنکارانەی دووپاتانە)یانەوە: "تەلەفۆن کردنێك"، هەرچەندە پووچیش بێتە بەر چاو، لە لایەکەوە، کۆمەڵێك ئەرکی سەرەکی (زەنگ، بەرز کردنەوە، قسە کردن) لە خۆ دەگرێت. هەروەها ئەو بە لایەکی دیکەدا یەك پارچە وەردەگیرێت، دەبێ ئێمەش بتوانین بە جومگە مەزنەکانی حەکایەتەوە، بە لای کەمەوە بەوانەی لێیەوە نزیکتر و نزیکترن، بیبەستینەوە. بەم جۆرە، رووپۆشی وەزیفیانەی چیرۆك سیستەمێك بۆ ئاڵوگۆڕ دەسەپێنێت، یەکەی سەرەکیی ئەو بۆی نییە تەنیا ئەوە نەبێت، کە کۆمەڵێکی بچووك لە ئەرك گەڵاڵە بکات. ئێمە لێرەدا (دوای بریمۆن) ناوی دەنێین "دوا بەدوای یەکدا هاتوو(*)".

دوا بە دوای یەکدا هاتن بریتییە لە رێچکە بەستنی لۆژیکیانەی ناوکەکان. پەیوەندیی هاوکاریشە کە دەیانکات بە یەك[٣٦]. بە دوای یەکدا هاتن دەکرێتەوە، کاتێك پەیڤێك لە پەیڤەکانی پێشینەی هاوکاریی نامێنێ، داشدەخرێت کاتێك، کە پەیڤێکی دیکە لە پەیڤەکانی هیچ ئەنجامێکی نابێت. دەبا نموونەیەك بهێنینەوە، بە مەرجێك بە ویستی خۆمان پووچ بێت: ئێمە داوای کالایەك دەکەین، دەگاتە دەستمان، بەکاری دەبەین، جا نرخەکەی دەدەین. وەك شتێکی بەدیهی، ئەم ئەرکانە بە دوای یەکدا هاتنێکی داخراو پێك دەهێنن. چونکە ناکرێ داوا پێش بخەین، یان ئەوەی نرخ دان دوا بخەین، بە بێ ئەوەی لە کۆی پێکەوە گونجاو (بەکار بردن) دەربچین. لە واقیعدا بە دوای یەکدا هاتن هەمیشە ناوی هەیە. کاتێك پرۆپ، پاشان بریمۆن ئەرکە مەزنەکانی حەکایەتیان دیاری کرد، ئیدی هەر لە پێشدا بەم پەیڤانە ناویان نان: (فێڵ کردن، خیانەت، خەبات، گرێبەست، تەفرەدان.. هتد). مرۆڤیش ئەو بوارەی لە بەردەمدا نییە، خۆی لە پرۆسەی ناونانی بە دوای یەکدا هاتنی پووچ لا

بدات. ئەمەش دەکرێ ناوی بنێین "بە دوای یەکدا هاتنانی بچووك"، ئەمیش بە زۆری گەردیلەی هەرە ورد لە تانوپۆی گێڕانەوە پێك دەهێنێت. ئایا ئەم ناونانە تەنیا لە بازنەی پسپۆرایەتیی شرۆڤەکاردایە؟ بە گوتەیەکی دی، ئایا ئەو زمانێکی وەسفکاری رووتە؟ بەڵێ بێ گومان ئەو وەهایە، چونکە چارەسەری سیستەمی چیرۆك دەکات، بەڵام دەشتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین، کە ئەو بەشێکە لە زمانێکی وەسفکار، لە بوونیدا وەپێش خودی خوێنەر (گوێگر)یش دەکەوێت، یەکسەر لۆژیکی کردارەکان دەگرێتە دەست، وەك ئەوەی لۆژیکی ناوی بێت: بخوێنەوە، واتە ناوی لێ بنێ. گوێش بگرە، هەر تەنیا واتای درك کردن نییە بە زمانێك، ئەو هەروەها دەکاتە بنیاتنانیشی.

ناونیشانی بە دوای یەکدا هاتنەکان بە رادەیەکی زۆر هاوچوونە لەگەڵ "پەیڤەکان- رووپۆش"ی ئامێرەکانی وەرگێڕان. ئەو بە شێوەیەکی جێ ڕەزامەندی، گەلێك جۆرە واتا و سێبەرەکانیان دادەپۆشێت. زمانی ئەو چیرۆکەی لە ناخمدایە، یەك کەڕەت ئەم گۆشە سەرەکیانەی تێدایە: ئەو لۆژیکە داخراوەی بە دوای یەکدا هاتنێك دەهێنێتە ئاراوە، ئەوا لۆژیکێکە زۆر توند و تۆڵ گرێدراوی ناوی خۆیەتی. هەروەها هەر ئەرکێکیش "ئەفراندنێك" دەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی هەر لەگەڵ چرکەساتی پەیدا بوونی لە سەر ئەو ناوەی پیشانی دەدات، تەواوی پرسی تەفرەدان بسەپێنێت، رێك وەك کە فێری بووین، لە هەموو ئەو چیرۆکانەی کە لە نێوماندا زمانی چیرۆکیان پێك هێنا.

بە دوای یەکدا هاتن، هەرچەندی بایەخەکەی یەکجار کەمیش بێت، هەمیشە چرکەساتەیلێك لە مەترسی لە خۆ دەگرێت. ئەمەش وا نەدەبوو، بەڵام لە ژمارەیەکی کەم لە ناوك پێك دێت (واتە ئەو بە کردەنی لە ژمارەیەك لە "نێرەری ناوەندی" پێك دێت). ئەمەش پاساو بە شرۆڤە دەدات، رەنگە پووچ بێتە پێش چاو، کە بە دوای یەکدا هاتنی کردارەیلی بچووك، لە یەکێك لە بە دوای یەکدا هاتنەکان بار بکەین. ئەو کردارانەی نمایش کردنی سیغارە جگەرەیەکی لێ پێك دێت (نمایش، پێش،

داگیرسێنە، بکێشە). بە دروستی، هەر خاڵێك لەو خاڵانە، ئەگەرە دەستاودەست کردنێك دەگرنە خۆ. ئەمەش واتای ئەوەیە، لە واتادا ئازادی دەگرێتە خۆ. دیبۆن، کە هاوبەشی جیمس بۆندە، ئاگری چەرخی خۆیمان پێشکەش دەکات. بەڵام جیمس بۆند رەتی دەکاتەوە. واتای ئەم لق لیێ بوونەوەیە، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی غەریزی جیمس بۆند لە بۆمبێك دەترسێت.

کەواتە، بە دوای یەکدا هاتوو، بریتییە لە یەکەیەکی هەڕەشە لیێ کراوی لۆژیکی. هەر ئەمەشە بە لای کەمەوە کە پاساوی دەداتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی تۆکمە دامەزراوە. خۆ ئەگەر بە دوای یەکدا هاتوو بە سەر ئەرکەکانیدا داخرا، هەروەها چووە بن باری ناوێکەوە، ئیدی هەر بۆ خۆی یەکەیەکی نویێ پێك دەهێنێت کە بۆ کار ئامادەیە، وەك ئەوەی یەکەیەکی سادە، بە دوای یەکدا هاتووی دیکەی فراوانتر بێت(٣٧). بە دوای یەکدا هاتوویەکی بچووك بە نموونە دەهێنینەوە: دەستێکی درێژ کرد، تەوقەی لەگەڵ کرد، وازی لیێ هێنا. ئەم سڵاوە دەبێتە ئەرکێکی سادە. ئەو لە لایەك، رۆڵی رێبەری هەیە (ساردی لە دیبۆن و بێزاری لە بۆند)، بە شێوەیەکی گشتی، لە لایەکی دیکەوە، دەبێتە وشەگەلێك بۆ بە دوای یەکدا هاتوویەکی فراوانتر (نزیك بوونەوە، وەستان، لێپرسینەوە، سڵاو، نزیك بوونەوە). هەروەها ئەویش بۆ خۆی دەتوانێت ببێتە بە دوای یەکدا هاتوویەکی بچووك. بەم جۆرە، تۆڕێکی تەواو لە ئاڵوگۆڕ پیێ کردن، بنیات بە چیرۆك دەدات. ئەویش بە دەسپێك لە قاڵبی بچووك و بە کۆتایی هێنان بە ئەرکی مەزن. ئەوەی لێرەدا ئامانجمانە، وەك ئەوەی کە روونە، لە هەرەم ئاراییەکدا قەتیس دەبێت، کە لە ئاستی ئەرکدا هەر بە ناوخۆ دەمێنێتەوە. شرۆڤەی ئەرکی بە کۆتا ناگات، تەنیا لە پاش ئەوە نەبێت کە هێدی هێدی چیرۆك توانیی فراوان بێت، ئەویش بە دەسپێك لە سیغارەکەی دیبۆن، تا دەگاتە شەڕەکەی جیمس بۆند لەگەڵ گۆڵد فاگنەر: لێرەدا هەرەم بەر ئەو ئاستەی دادیێ (ئاستی کردار) دەکەوێت. لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە بە دوای یەکدا هاتووان سینتاکسێکی

ناوەکییان هەیە، هەروەها لە نێو خۆیاندا سینتاکسێکی (ئاڵوگۆڕ پێ کردن)یان هەیە.
بەم جۆرە یەکەمین ئەڵقە لە ئەڵقەکانی گۆڵد فاگنەر شێوەی درەختی وەردەگرێت:

داوا

| ژوان | تکا | | گرێبەست |
|---|---|---|---|
| نزیك بوونەوە | لێپرسینەوە | سڵاو | مانەوە |
| دەست بردن | تەوقە کردن | | وازهێنان |

یارمەتی

| | | |
|---|---|---|
| چاودێری | دیلی | سزا |

ئـەم نمـایش کردنـە، وەك روون و ئاشـکرایە، نمـایش کردنێکـی شـرۆڤەکارانەیە. خوێنـەریش هێڵـە بـە دوای یەکـدا هـاتووی پەیڤـەکان دەبـینێ، بـەڵام ئـەوەی دەبـێ هۆشـداریی لـەبارەوە بـدەین، ئەوەیـە پەیڤـەکانی ژمارەیـەك بـە دوای یەکـدا هـاتن، دەتوانن تێك بچڕژێنە نێو یەك. هەر لەگـەڵ تـەواو بـوونی بـە دوای یەکـدا هاتنێـك، دەبینی یەکەمین پەیڤی بە دوای یەکدا هاتنێکی نـوێ دەردەکـەوێت. بـە دوای یەکـدا هاتووان دژیەکانە شوێن ئاڵوگۆڕ دەکەن(٣٨). هەرچی بنیادی چیرۆکە، ئـەوا ئەرکیانـە ریزەبەند دەبێت. بەم جۆرە، چیرۆك لە هەمان کاتدا "گرێ دەدات" و "هیوا"شە. بـە کردەنی، چوونە سەر یەکی بە دوای یەکدا هاتووەکان، رێ بە خۆیان نادەن دیاردەیـەك لە دیاردە بنەڕەتییەکانی دابـڕان، لـە نێـو یـەك کـاردا رایـان بگرێـت. تـەنیا مەگـەر هەنـدێك قـەبارە (یـان "پـەل و پـۆ")ی رەق کـە پێکـی دەهێـنن، بـە رێکارێـك بگەڕێندرێنـەوە بـۆ ئاسـتێکی بـاڵاتری کردارەکـان (کەسـەکان). چیرۆکەکەی (گۆڵـد فاگنەر) لە سێ دیمەنی لە رووی وەزیفییەوە سەربەخۆ، پێك دێت. لەبەر ئـەوەی لـق و پـۆی وەزیفیانـەی دوو جـار لـە گەیانـدن دەوەسـتن: لەوانـە بـە نموونـە، ئێمـە هـیچ

پەیوەندییەکی پێکەوە گرێ دراو لـە نێـوان دیمـەنی مەلەوانگەکـە و دیمـەنی (گـۆرت کنوکس)دا نابینین. بەلاّم لە بەرانبەردا بەردەوام بوونی پەیوەندیی فاکتەرەکە دەبینین، چونکە کەسەکان (هەروەها بنیـاتی پەیوەنـدییان) لـە هـەردوو دیمەنـدا هـەر خۆیـان و هەمان شتن. ئێمە لێرەدا سیمای داسـتان دەزانـین (کۆمـەلێك چـیرۆکی جۆربـەجۆرە): داستان لە ئاستی ئەرکیدا چیرۆکێکی تێـك شـکێندراوە، بـەلاّم لـە ئاسـتی فاکتـەردا یەکگرتووە (خۆ رەنگە ئەم شتە لە ئۆدیسەدا یان لە شانۆی برێختدا بگۆڕێت)، بۆیـە، دەبێ ئاستی ئەرکەکان بـەرز رابگیرێـت (کـە بەشـی هـەرە گـەورەی بڕگـەی گێڕانـەوە پێشکەش دەکات) بە گواستنەوەی بۆ ئاسـتێکی بـەرزتر، کـە پـێ بـە پـێ یەکـەکانی ئاستی بالاّتر واتای خۆیانی لێ هەلّدەهێنجن. ئەم ئاستەش ئاستی کردارە.

**پەراوێز:**

١٨- هەروەها بڕوانە تۆما شفسکی "بابەت" (١٩٢٥)، لە کتێبی "تیۆریی ئەدەب"، بڵاوکراوەی سوی، ١٩٦٥. لە کاتێکی نەختێك درەنگدا بڕۆب وا پێناسەی ئەرك (وەزیفە) دەکات: "کرداری کارەکتەرە، کە دیاری کراوە لە روانگەی ئەو واتایەی بە ناو گرێکەدا بڵاو بووەتەوە". (مۆرفۆلۆژیای حەکایەت: بڵاوکراوەی سوی، ١٩٧٠، ل ٣١). لە پێناسەکەی تۆدۆرۆڤیشدا دەبینین: (واتای "یان ئەرکی" توخمێك لە توخمەکانی کار، لە چوونە نێو پەیوەندی لەگەڵ توخمانی دیکەی کار و تێکڕای کاردا، دەردەکەوێت). پاشان ئەو دیاری کردنانە هاتن کە "ئا. ج. گریماس" گوتوونی، یەکەی بە گوێرەی پەیوەندییەکانی لە چوارچێوەی خشتەی هەڵبژاردندا پێناسە کردووە، بەڵام هەروەها بە شوێنی لە نێو ئەو یەکەی پێکهاتەدا، کە بە خۆی پاژەیەکی لێ پێك دەهێنێت.

١٩- ئیدی بەم جۆرە ئەو "ژیان" نییە. ئەمەیان هەر تەنیا پەیوەندیی "شێواو" و "شڵەژان" دەزانێت، (ئەوەیە کە ناکرێت پاشی وی ببینین) دەکرێ لە هونەردا هەبێت، بەڵام هەبوونی لەوێدا (لە نێو هونەردا) توخمێکی دیاری کراوە (وەك واتو). جا ئایا ئەو شڵەژانە لە یاسای نووسراودا نادیارە؟ نووسین بە شێوەیەکی قەدەری روونە؟

٢٠- ئازادیی تۆمار کردن لە وێژەدا، بە لای کەمەوە، دەبێتە مایەی بەرپرسایەتییەکی بەهێزتر لەوەی لە هونەری "پێوانەیی"دا هەیە، وەك سینەما (ئەویش بە هۆی سیمای رووتەڵانەی زمانی گۆ کراوەوەیە).

٢١- ئەرکێتیی یەکەی گێڕانەوە تا رادەیەك راستەوخۆیە (واتە لەبەر چاوە). ئەمەش بە پێی ئەو ئاستە دەبێت کە خۆی تێیدایەتی: کاتێك یەکەکان لە هەمان ئاستدا داندراون (بۆ نموونە لە حاڵەتی پەشۆکاندا)، ئیدی ئەرکێتی هەستیارتر دەبێت. کاتێکیش ئەرك لە ئاستی گێڕانەوەدا پڕە، ئیدی کەمتر هەستیار دەبێت: دەقێکی

هاوچەرخ، لە ئاستی تەنزدا سست واتا دەبێت، هێزێکی مەزن بۆ واتا نادۆزێتەوە مەگەر لە ئاستی نووسیندا نەبێت.

٢٢- "یەکەکانی سینتاکسی (لە دەرەوەی رستەدا) یەکەی ناوەڕۆکن". بڕوانە کتێبەکەی گریماس "نیشانەناسیی بونیاتگەری"، بلاو کراوەی لارووس، ساڵی ١٩٦٦. کەواتە چوونە نێو ئاستی ئەرکییەوە، بەشێك لە واتای گشتی پێك دەهێنێت.

٢٣- "نابێ لە پەیڤەوە دەست پێ بکەین، وەك ئەوەی لە توخمێکی ناقابیل بە کەرت بوون، لە هونەری وێژەوە دەست پێ دەکەین، وەهاش دەستی بۆ ببەین وەك چۆن دەست بۆ بەردێك دەبەین کە لە دروست کردنی تەلاردا بەکاری دەهێنین. پەیڤ شی دەبێتەوە بۆ توخمە پەیڤی زۆر وردتر". تینیانوف، لە تۆدۆرۆفەوە لە گۆڤاری "Langages"، ژمارە (١)، ساڵی ١٩٦٦، لاپەڕە (١٨).

٢٤- دەکرێ ئەم ناونانە، هەروەها ناونانی دیکەی دوای ئەویش، کاتی بن.

٢٥- لە کۆتاییدا، ئەوە رێگر نابێت، لەوەی کشانی پێکهاتەی ئەرکەکان بتوانێت پەیوەندیگەلی نموونەیی نێوان ئەرکی جیاجیاش بگرێتەوە. ئەم شتەش لە کاتی (لیڤی شترواس) و (گریماس)ـەوە پەسندە.

٢٦- ناکرێ ئەرکەکان بۆ کار (کردار) بچووك بکەینەوە. هەروەها ناکرێ بەڵگەکانیش بۆ جۆر (سیفەت) بچووك بکەینەوە. هەندێك کار هەن بەڵگەن، چونکە ئاماژە بە خەسڵەت یان ژینگەیەك دەدەن.

٢٧- فالیری قسەی لەبارەی "دیزە بە دەرخۆنە" کردەوە. رۆمانی پۆلیسیش ئەم جۆرە یەکە "تەفرەدەرە" زۆر بەکار دەهێنێت.

٢٨- (ریڤێ) توخمی سێیەم وا ناو دەبات، کە هەر توخمێکە هێندەی کە کاتی پارچە مووزیکێك درێژە دەکێشێت، ئەویش درێژە دەکێشێت (لەوانە کاتی شادیی باخ، هەروەها سیمای تایبەتی تاك ژەنین).

٢٩- (ج. جینیت) جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لە جۆرەکانی وەسفدا دەکات: ئاراییشی و مەعنەوی (بڕوانە "سنووری چیرۆك" لە کتێبەکەیدا "وێنە ٢"، بلاو

کردنەوەی سوی، ساڵی ١٩٦٩). دەبێ وەسفی نشانەدەر گرێدراوی ئاستی چیرۆك بێت. هەروەها دەبێت وەسفی ئاراییشی گرێدراوی ئاستی گوتار بێت. ئەم شتەش ئەوە راڤە دەکات کە وەسفی ئاراییشی (پارچەیەکی) رەوانبێژیی هونەری بووە، تا ماوەیەکی درێژیش: لە رەوانبێژیی نوێدا وەسف مەشقێکی یەکجار وردە.

٣٠- الشعرية، ١٤٥٩، A.

٣١- ریمۆن لە گۆڤاری "ئیسال"، ژمارە (٤)، ساڵی ١٩٦٤دا، باسی کردووە.

٣٢- ئەوەی پەیوەندیی بە کتێبی (کۆبەرهەم)ـەوە هەیە، بلاو کراوەی بلیاد، ل ٣٨٦.

٣٣- فالیری، وەك هەمیشە، بە بەرچاو روونییەکی وردەوە، بەڵام وەبەر نەهێندراو، لەبارەی زەمەنی گێڕانەوەوە رایگەیاند و گوتی: "باوەڕ هێنان بە زەمەن، وەك بکەر و ڕێ نیشاندەر، زادەی میکانیزمی زەین و گوتاری لێکدراوە". گۆڤاری (Tel Quel)، ژمارە (٢)، لاپەڕە (٣٤٨). ئێمەش ئاماژە بەوە دەکەین کە وەهم بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی هەمان گوتار.

٣٤- ئەم وێنا کردنە دیدێکی ئەرستۆمان وەبیر دەهێنێتەوە: هەڵبژاردنی عەقڵانیانەی گردارگەلێك کە دەبێ بکرێن، کردن دادەمەزرێنێت، واتە زانستی کردارەکی کە کارێکی تایبەتمەند بۆ بکەر ناهێنێتە بەرهەم، ئەویش بە پێچەوانەی هۆزانەوە. ئێمە لە ڕێی ئەم پەیڤانەوە دەڵێین، شرۆڤە هەوڵ دەدات مومارەسەی ناوەکیی چیرۆك دووبارە دامەزرێنێتەوە.

٣٥- ئەم لۆژیکەی بە شێوەی نۆرەیی دامەزراوە (بزانە ئەمە یان ئەوە)، دەستی هەبووە لە روون کردنەوەی پێشکەوتنی دراما، کە چیرۆك بە قەڵای قایمی ئەو دادەندرێت.

٣٦- لای (هیلمسلیف) پەیوەندیی ناواخنکاری دووپاتانە، واتە: هەبوونی دوو پەیڤ ئەمیان ئەویان دەخوازێت.

٣٧- رەنگە، تەنانەت لە ئاستی بێ کۆتایی بچووکیشدا، ناکۆکییەك لە نموونە تەوەری هەڵبژاردن، یان لە نێوان دوو پەیڤ، یان بە لای کەمەوە لە نێوان دوو جەمسەر لە جەمسەرەکانی دوا بە دوای یەکدا هاتن ببینین: دوا بە دوای یەکدا هاتن "نوشتێك پێشکەش دەکات" کە تەوەری هەڵبژاردن ئاسان دەکات، بەم جۆرەی دادێ دەیخاتە روو: مەترسی/ ئاسایش، ("چچیڤلۆڤ" لە شرۆڤەکەیدا بۆ خولی "شرلۆك هۆلمز"دا ئەمەی رون کردەوە) مەزەندە/ وریایی/ مەیلی شەڕانی/ مەیلی دۆستانە.

٣٨- فۆرمالیستانی رووس بەو هەستیان بەو دژیەکییە کرد. نموونەکەشیان کێشا. هەڵبەت کارەکە پێویست بە وەبیر هێنانەوەی بنیاتی سەرەکیی "سەراوبنی" رستەش دەکات.

**٣- کردارەکان:**

**أ- بەرەو دۆخێکی بنیاتگەرانەی کارەکتەرەکان:**

چەمکی کارەکتەر، لە شیعرییەیی ئەرستۆدا، شتێکی لاوەکییە. بە تەواوی ملکەچی چەمکی کردارە. ئەرستۆ دەڵێ رەنگە چەندین حەکایەتی خورافی بە بێ سیمای کارەکتەر هەبێت، بەڵام، سیمای کارەکتەر بە بێ حەکایەتی خورافی نابێت. تیۆریزەکارانی کلاسیکیش (فیسیۆس) ئەم بۆچوونەیان هەبووە. کارەکتەریش، کە تا ئەو ساتە هەر تەنیا ناو و فاکتەری کردار بوو، دواتر چڕ بوونەوەیەکی دەروونیی گرتە خۆ[٣٩]. پاشان بوو بە تاکێك و (بوو بە) "کەسێك". بە کورتی، ئەو بووە بوونەوەرێکی تەواو، تەنانەت ئەگەر هیچ کارێك لە کارەکانیش نەکات، هەروەها بەر لەوەی هیچ رەفتارێك بکات[٤٠]. کارەکتەرتیش دەستبەرداری ئەوە بوو کە ببێتە پاشکۆی کردار، راستەوخۆ جەوهەرێکی دەروونیی بەرجەستە کرد. خۆ دەکرێ ئەو جەوهەرانە ملکەچی خشتەیەك بن، شێوەی هەرە روونیشی لە لیستی "بەکار هێندراون"ـە لە شانۆی بورژوا (کچی بەناز، باوکی جوامێر،.. هتد). شرۆڤەی بونیاتگەرانە، لە پەیدا بوونییەوە، زۆر خۆی لەوە بە دوور گرت، کە چارەسەری کارەکتەر بکات وەك ئەوەی جەوهەر بێت، تەنانەت ئەگەر کارەکە پەیوەست بوو بە پۆلێنیشەوە. هەر وەك تۆدۆرۆفیش گوتی، ئەوا تۆماشیفیسکی نکوڵیی لەوە کرد، کە کارەکتەر هیچ بایەخێکی گێڕانەوەی هەبێت. پاشان لە زبریی ئەم بۆچوونەی کەم کردەوە. هەرچی پرۆپە، بە بێ ئەوەی پەنا بۆ رێچکەیەك ببات، کە رێ لە شرۆڤە کردنی کارەکتەرەکان بگرێت، ئەوا دەیکاتە نموونەیەکی سادە، کە لە سەر بنەمای دەروونناسی دانەمەزرا بێت، بەڵکوو بە گوێرەی یەکبوونی ئەو کردارانەی، کە چیرۆك بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت (پێدەری شتانی سیحراوی، یاریدەدەر، خراپەکار،... هتد).

له سەردەمی (پرۆپ)ـەوە کارەکتەر وازی لەوە نەهێناوە کە هەمان بابەت بە سەر شی کردنەوەی بنیاتگەرانەی چیرۆکدا بسەپێنێت. کارەکتەرەکان[٤١]، بە یەکـەم لایـەن (بە چاو پۆشین لەو ناوەی لێـی دەنـێین: درامـی، کەسـایەتی، فاکتـەر) هێڵکارییـەکی پێویست بۆ وەسف کردن پێك دەهێنێت. ئەو "کردارانەی" گێڕدراونەتەوە، هەر لەگەڵ ئەوەی دەکەونە دەرەوەی ئەوەوە، لەوە دەوەستن کە ببنە درك پێ کراو. دەکرێ بڵێین لە جیهاندا یەك چیرۆك نییە بە بێ کارەکتەر، یان بە لای کەمـەوە، بـە بـێ "بکـەران". بەڵام ئەو "بکەرانە"، لە لایەکی دیکەوە، ئەوان گەلێ فـرەن، ناشـکرێ وەسـف کـراو نەبن، هەروەها بە ناوی زاراوەگەلی کارەکتەرەکان پۆلێن کراو نـەبن، لەوەشـدا گـرنگ نییە ئەگەر روانین بۆ کارەکتەرەکە روانین بێت بۆ فۆرمێکی مێژوویی پەتی و پارێزگار بێت، لە هەندێك جۆری دیکەدا (کە بە راستی دەیانناسین). لـە ئەنجامـدا دەبـێ ئـەو حاڵەتە فراوان بووە بپارێزین کـە هێنـدە فـراوان دەبێـت هـەموو چـیرۆکێك بگرێتـەوە (حەکایەتی میللی، دەقی هاوچەرخ) کە بکەری تێدایە، بـەڵام نـەك کارەکتـەر، واتـە دەبێ رای بگەیەنین کە"کارەکتەر" هەر تـەنیا عـەقڵانیـەتێکی رەخنەییـە، سـەردەمی ئێمە بە سەر بکەرانی گێڕانەوەیدا دەسەپێنێت. شرۆڤەی بونیاتگەرانە خەمی گەورەی نەکردووەتەوە ئەوەی، کە کارەکتەر بـە زاراوەگـەلی جەوهەرگـەلی دەروونیـی پێناسـە بکات، ئەو تا ئێستا لە رێی گریمانەی هەمەجۆرەوە ئەرکی زۆری کێشاوە، بـۆ ئـەوەی کارەکتەر وەك بوونەوەرێك پێناسە بکات، نەك وەك بەشـدارێك. بـە لای بریمۆنـەوەش، هـەموو کارەکتـەرێك دەتوانێـت ببێتـە بکـەری بـە دوای یەکـدا هـاتووی کـردارە تایبەتـەکانی خـۆی (فێـڵ، تـەفرەدان). کاتێـك یـەك بـە دوای یەکـدا هاتوویـەك دوو کەسایەتیی دەوێت (ئا ئەمەش رەوشە ئاساییەکە)، ئەوا ئەو بـە دوای یەکـدا هـاتووە دوو ناو دەگرێتە خۆی (ئەوەی سەبارەت بە هەندێکیان فێڵە، ئەوا تەفرەدانە سەبارەت بە هەندێکی دیکەیان). لە ئەنجامیشدا، هەر کارەکتەرێك، با لاوەکیـیش بێـت، ئـەوا ئەو پاڵەوانی بە دوای یەکدا هاتووی تایبەتی خۆیەتی.

کاتێـك تـۆدۆرۆف رۆمـانێكی دەروونـی (پەیوەندیگـەلی ترسـناك)ی شـی کـردەوە (شرۆڤە کرد)، ئیـدی ئـەو نـەك لـە کەسـایەتی- کارەکتـەرەکانـەوە، بـەڵکوو لـە سـێ پەیوەندیی مەزنەوە دەستی پێ کرد، کە کارەکتەرەکان دەکرێ تێیاندا بـن. نـاوی ئـەو پەیوەندییانەشی نا "دیرەگە" سەرەکییەکان (ئەڤین، گەیاندن، یارمەتی)، چونکە ئـەم پەیوەندییانە بە شی کردنەوە ملکەچی دوو جۆرە رێسا دەبن: ئەوان ملکەچی داتاشـین دەبن، کاتێك مەبەست روون کردنەوەی پەیوەنـدیی دیکەیـە، ملکەچـی کـردار (کـار) دەبن، کاتێك مەبەست وەسف کردنی وەرچەرخاندنی ئـەم پەیوەندییانەیـە لـە رێـڕەوی چیرۆکدا: زۆر کارەکتەر لە رۆمانی "پەیوەندیگەلی ترسـناك"دا هـەن، بـەڵام "ئـەوەی لەبارەیەوە دەیڵێین" (دیرەگەکانی) دەست لە خۆیان هەڵدەگرن، ئیـدی دەبـینی دەچـنە نێو پۆلێنەوە[٤٢]. دواجار گریماس پێشنیازی کرد، کە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە وەسف و پۆلێن بکات، نەك بەو جۆرەی کە هەن، بەڵکوو بە گوێرەی کرداریان (ئیـدی لێـرەوە ناویان لێ نرا فاکتەر). ئەویش لەبەر ئەوەی لە سێ مەزنـە تـەوەری دەلالیـدا بەشـدار دەبن، کە بە هەر حاڵ لە رستەدا دەیبینین (پاڵدراو، بەرکار، خسـتنە سـەری پـاڵنراو، ئاوەڵکاری خستنە سەر). ئەو تەوەرانەش بریتین لە گەیاندن، ئارەزوو (یان خواسـتن) و ئەزموون[٤٣]. لەبەر ئەوەی ئەم بەشداری کردنە جووت ریز دەبەستن، ئەوا جیهانی بـێ کۆتـایی کارەکتـەرەکانیش، ئـەویش دەچـێتە بـن بـاری خشـتە بنیاتێـك (دراوە پـاڵ/ دیرەگ، پێدەر/ وەرگر، یارمەتیدەر/ دژکار) "ئەو خشتەیە"ش بە درێژایی چـیرۆکەکە لەبەر چاو گیراوە. خۆ ئەگەر فاکتـەر چین دیـاری بکـات، ئـەوا دەتوانێـت نوێنـەرانی جیاجیا بگرێتە خـۆ، کـە بـە گـوێرەی رێسـاگەلی زاووزێ، ئـاڵوگۆڕ، یـان پێویسـتی، دەجوولێنەوە.

ئەم سێ چەمکە لە چەندین خاڵدا هاوبەشن. گرنگترینیـان، دەبـێ ئەمـە دووبـارە بکرێتەوە، لە دیاری کردنی کارەکتەردا بەرجەستە دەبێت، ئەویش لـە رێـی بەشـداری کردنی لە ناوچەیەکی کردارەکاندا. ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم ناوچانە بە ژمـارە کـەم و نموونەیین، قابیلی پۆلێن کردنیشـن. هـەر لەبـەر ئەوەشـە لێـرەدا ناومـان نـان ئاسـتی

دووەمی وەسف، هەرچەندە ئاستی کارەکتەرەکان ئاستی کردارەکانە. کەواتە لێرەدا نابێ لەو وشەیە وا تێبگەین کە مانای وردی ئەو کردارانەیە کە تەونی ئاستی یەك پێك دەهێنن، بەڵکوو واتای ئەم جومگە گەورانەی مومارەسەیە (ئارەزووی کرد، پەیوەندیی کرد، خەباتی کرد).

## ب- پرسی پاڵدراو:

ئەو پرسانەی پۆلێن کردنی کارەکتەرەکانی چیرۆك ورووژاندنی، هێشتا چارەسەر نەکراون. هەڵبەت ئێمە، بە دڵنیاییەوە، لەوەدا کۆکین، کە کارەکتەرە جیاجیاکانی چیرۆك دەتوانن ملکەچی رێساکانی ئاڵوگۆڕ بن، هەروەها هەمان وێنەش، لە نێو خودی کارەکەدا، دەتوانێت کارەکتەری جیاجیا هەڵمژێت[٤٤]. هەڵبەت نموونەی فاکتەر، کە لە لایەکی دیکەوە گریماس پێشنیازی کرد (کە تۆدۆرۆفیش لە روانگەیەکی دیکەوە بەکاری هێنا)، وا دیارە بەرگەی ئەزموون کردنی ژمارەیەکی زۆری چیرۆك دەگرێت، ئەو وەك هەر نموونەیەکی بونیاتگەرانە شێوەیەکی رەوای هەیە. هەڵبەت لەم شێوەیەدا بەهاکەی کەمتر دەبێت لە چاو ئەوەی لە وەرچەرخانی رێکدا دێتە دی (شاردنەوە، تێکەڵی، تەشەنەسەندن، گۆڕینەوە)، کە بە دەنگیانەوە دێت، بەم جۆرە هیوایەك دەدات بە هەبوونی نموونەیەك بۆ فاکتەرە چیرۆك[٤٥]. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك دەسەڵاتێکی پۆلێنکاریی دەبێت (هەر ئەمەشە حاڵی فاکتەرەکانی گریماس)، ئەو روون کردنەوەیەکی خراپ لەبارەی فرە بەشدارییەوە دەدات. ئەمەش لەو کاتەوە دەبێت، کە بە زاراوەگەلی روانگە ئەم بەشداری کردنە شرۆڤە دەکرێت. کاتێك رێز لەو روانگانە دەگیرێت (بە هەمان شێوەی وەسف لە لای بریمۆن)، ئەوا رێچکەی کارەکتەرەکان بە بەشکراوەییەکی زۆر دەمێنێتەوە. هەر بۆیە، ئەو کورت کردنەوەیەکی تۆدۆرۆف پێشنیازی کرد، خۆی لە هەردوو گرفتەکە دەبوێرێت. بەڵام، هەتا ئەم رۆژگارەی ئێمەش، هەر تەنیا بۆ یەك چیرۆك گونجا. دەکرێ هەر هەموو ئەمە بە خێرایی هاوڕێتم بن، وەك دیارە، ئەو گرفتە راستەقینەیەی پۆلێن کردنی

کارەکتەرەکان دەیخاتە روو، گرفتی پێگەیە، (واتە بوون)ـە، کـە لـە هـەر قالّبێـك لـە قالّبەکانی فاکتەردا دراوەتە پالّی، بە چاو پۆشین لە شێوە (فۆرم). ئاخۆ لـە چـیرۆکێك لە چیرۆکەکان، دراوەتە پالّ (پالّەوان) کێیە؟ ئایا چـینێکی دیـاری کـراو لـە نوێنـەران هەن یان نا؟ رۆمانەکەمان ئێمەی راهێناوە، کە بە شێوەیەك لـە شـێوەکان، هـەروەها هەندێك جاریش بە شـێوەی شـەپۆل (نـەرێنی)، جـەخت بکەینـە سـەر کارەکتـەرێکی دیاری کراو لە نێو کارەکتەرانی دیکەدا. هەلّبەت جیاکاری دەگونجێ رووپۆشێکی باش بێت بۆ هەموو وێژەی گێرِانەوە.

بەم جۆرە، گەلێ زۆر چیرۆك دوو نەیار بەکار دەهێـنن، "کردارەکانیـان" یەکسـان دەبن. ئەم شتەش دەبێتە مایەی ئەوەی، دراوە پالّ بە کردار چەند پات ببێتەوە، ئیدی ناتوانین لە رێی ئالّوگۆرِەوە، کورتتری بکەینەوە. رەنگە لێرەدا شێوەیەکی دێرین و بـاو هەبێت، دروست وەك ئەوەی چیرۆك، ئەویش بە جووت کەسان ئاشنا بوو بێت، کـە لـە هەندێك زماندا باوە. ئەم دووانەیەش گرنگە، نەمازە کە چـیرۆك لـە بنیـاتی هەنـدێك یاریی (زۆر نوێ) نزیك دەکاتەوە، کە دوو نەیاری هاوشان بە یەك حەز دەکـەن شـتێك بەدەسـت بهێـنن، کـە ناوبـژیوانێك خسـتوویەتییە روو. ئـەم نەخشەکێشـییە قـالّبی فاکتەرمان وەبیر دێنێتەوە، کە گریماس پێشنیازی کرد. لەمەشدا شتێك نییـە مایـەی سەرسورِمان بێت، ئەگەر ویستمان قەناعەت بێنین کە گەمەش، بەوەی زمانە، ئەویش لە هەمان بنیاتی هێماییە. ئەو بنیاتەی لە زمـان و لـە چـیرۆکدا دەیبیـنین: گەمـەش رستەیەکە[٤٦]. کەواتە، ئەگەر بۆ چینێکی نوێنەران پاراستمان (ئـەو بابـەتی هـەولّ و ئارەزوو و کردارە)، ئیـدی بـە لای کەمـەوە، پێویسـتە ناسـکی بکـەین. ئەمـەش بـە ملکەچ پـێ کردنـی ئـەم فاکتـەرە بـۆ خـودی چەشـنەکانی کەسـەکە، مەبەستیشـمان چەشنەکانی دەروونی نییە، بەلّکوو بنکەییەکان. جارێکی دیکـەش دەلّێینـەوە، دەبـێ لە زماناسی نزیك ببینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین پاساوی کەسی، وەسف و پۆلێن بکـەین (من/تۆ) یان ناکەسانە (ئەو)ی تاك، یان دووانە یان کۆی کارەکان (کردارەکـان). خـۆ رەنگـە توێژینـەوەی بنکـەیی کـەس (کـە دەکـرێ لـە ئاوەلّنـاوی کەسـیمان نزیکـی

بکەینەوە) هەر خۆی کلیلی ئاستی کردارەکی دەدات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم چەشنانە ناکرێ دیاری بکرێن، تەنیا لە ئاست پاساودانەوەی گوتارەوە نـەبێت، نـەك لـە ئاسـت پاسـاودانەوەی واقیعـەوە[٤٧]، ئـەوا کارەکتـەرەکان، بـەوەی یەکەیـەکن لـە یەکـەکانی ئاستی کردارەکی، (ئەو یەکەیە) واتای خۆی (درك پێ کراوی خـۆی) نابینێـت، تـەنیا ئەو کاتە نەبێت کە دەچنە نێو سێیەمین ئاست لە ئاستەکانی وەسـف. ئەمەیـە کـە لێـرەدا نـاوی دەنـێین ئاسـتی گێڕانـەوە (لـە بەرانبـەر ئاسـتی ئەرکـەکان و ئاسـتی کردارەکان).

**پەراوێز:**

٣٩- دەبێ لە بیرمان نەچێت کە تراژیدیای کلاسیك، تا ئێستا تەنیا ئەکتەران دەناسێت، نەك کارەکتەران.

٤٠- "کەس- کارەکتەر" بە سەر رۆمانی بورژوادا زاڵە: لە رۆمانی (شەڕ و ئاشتی)دا، راستەخۆ (نیکۆلا ریستۆ) دەبینین، کە لاوێکی باش و راستگۆ و ئازا و قایمە، هەروەها میر (ئەندریێ)ش وەك کەسێکی بنەچە رەسەن و نابوغرا.. هتد، دەبینین. ئەوەی بە سەر ئەو کارەکتەرانەدا دێت، هەر ئەوە کە ئەوان دەخاتە پێش چاو، بەڵام دروستیان ناکات.

٤١- ئەگەر یەکێك لە رەوتە هاوچەرخەکانی وێژە چڕە هێرشی خۆی کردە سەر کارەکتەرە، ئەوە لە پێناو رووخاندنی ئەودا نییە (ئەمە شتێکی مەحاڵە). ئەو کە ئەم کارە دەکات دەیەوێ لە "کەس" رامالێ، ئەمەش شتێکی جودایە. رۆمانێکیش کە بە رواڵەت بەدەرە لە کارەکتەر، وەك رۆمانی (کارەسات) لە نووسینی (فیلیپ سۆلێر)، بۆ ئەوەیە کەس لە بەرژەوەندیی زمان دوور بخاتەوە. بەڵام دەست ناگرێت بە سەر گەمەیەکی سەرەکیی فاکتەرەکاندا هەمبەر بە خودی کردەی ئاخافتن. ئەم وێژەیە، هەمیشە، "دراوە پاڵ" دەناسێت. بەڵام ئەم "دراوە پاڵە" لە ئێستا بە دواوە دەبێتە پاشکۆی ئاخافتن.

٤٢- وێژە و واتا، لارووس، ١٩٦٧.

٤٣- نیشانەناسیی بونیاتگەری، لارووس، ١٩٦٦، ل ١٢٩.

٤٤- شیکاری دەروونی ماوەیەکی زۆر پشتی بەم پرۆسانەی خۆگونجاندن بەست. (مالارمێ)ش پێشتر لەبارەی شانۆنامەی (هاملێت)ی شکسپیرەوە گوتی: "هەبوونی ئەکتەرانی لاوەکی پێویستە، چونکە هەموو شتێك لە نیگاری نموونەییانە (ئایدیالانە)ی دیمەندا لە جمیندایە، ئەویش بە گوێرەی ئالوگۆڕێکی هێماییانەی نموونەکان لە نێوانی خۆیاندا، ئەوەی پەیوەندیی بە یەك وێنەوە هەبێت". (کریۆنە لە شانۆدا، بلیاد، ل ٣٠١).

٤٥- بۆ نموونـه بڕوانـه: ئـەو چیرۆکانەی تێیانـدا پاڵپشـتە (المسـند) و دراوە پـاڵ (المسند الیە) لە یەك کارەکتەردا تێکەڵ بە یەکدی دەبن، ئەوانە چیرۆکێکن بریتین لـە گەڕان بە دوای خود و بە دوای ناسنامەدا (کەری زێڕین). چیرۆکیش هەیە بکەر تێیدا پەیدۆزی شتانی دوای یەك هاتوو دەکات (مەدام بوڤاری).

٤٦- ئەو شرۆڤەیەی (ئیکۆ) لەبارەی (جـیمس بۆند)ـەوە لـە گۆڤـاری (ئیسـاڵ)، ژماە (٨)دا نووسیی، تێیدا ئاماژە بە گەمە دەکات نەك بە زمان.

٤٧- بڕوانە ئەو شرۆڤانەی (بنفینیست) لەبارەی کەسانەوە لە کتێبەکەیدا (پرسـە گشتییەکانی زماناسی)دا کردوونی.

## ٤- گێڕانەوە:

### أ- گەیاندنی گێڕانەوە:

مادام ئاڵوگۆڕ ئەرکێکی گەورەی هەیە (لە نێوانی بدەر و سوودمەندا دابەش دەبێت) کە لە نێو چیرۆکەکەدایە، ئیدی چیرۆك بە شێوەی چونیەکی، دەبێتە بارمتەی گەیاندن بەوەی کە بابەتە: چیرۆك نێرەری هەیە، هەروەها پێشوازیکەریشی هەیە. رەنگە بشزانین کە "من" و "تۆ" لە گەیاندنی زمانیدا، هەر یەکەمان گریمانەی ئەوی دیکەمان دەکات. سەبارەت بە چیرۆکیش هەمان شتە، ئەو بە پێی هەبوونی چیرۆکخوان و بە بێ گوێگر (یان خوێنەر) ناکرێ هەبێت. خۆ رەنگە ئەمە ئاسایی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر خراپ بەکار هێندرا. بە دڵنیاییەوە، بە دوور و درێژی واتای نێرەر راڤە کرا (ئێمە توێژینەوە لە "دانەر"ی رۆمانەکە دەکەین، بە بێ ئەوەی لە خۆمان بپرسین کە ئەو هەر بۆ خۆی "چیرۆکخوان"ـەکەشە)، بەڵام کاتێك دەچینە لای خوێنەر، دەبینین تیۆریی وێژە بە حەیاترە. پرسەکەش، لە واقیعدا پەیوەندیی بە ئاشکرا کردنی پاڵنەرەکانی چیرۆکخوانەوە نییە، هەروەها پەیوەندیی بە ئاشکرا کردنی ئەو کاریگەریانەشەوە نییە، کە گێڕانەوە لە لای خوێنەر بەدییان دەهێنێت، بەڵکوو لە وەسفی ئەو سیستەمەدایە کە تێیدا بە درێژایی خودی چیرۆکەکە، چیرۆکخوان و خوێنەر واتایان هەیە. بۆ یەکەمین جار ئاماژەکانی چیرۆکخوان وەك ئەوەی بیندراو بن، دێنە پێش چاو، تەنانەت بە ژمارە لە ژمارەکانی خوێنەر زیاترن (زۆربەی جار چیرۆك پتر دەڵێ "من" لەوەی بڵێ "تۆ"). لە راستیدا نیشانەکانی دووەم زۆر بە سادەیی پتر لە ژمارەکانی یەکەم مانۆر دەکەن. بەم جۆرە، هەر جارێك کە چیرۆکخوان لە "پێشکەش کردن" دەوەستێت، ئەوە رووداوگەلێك دەگرێتە خۆ کە زۆر چاك دەیانناسێت، بەڵام خوێنەر نایانزانێت، ئەویش بە هۆی کەم و کورتییەکەوە کە واتای خۆی هەیە، خوێندنەوە ئاماژەیەك دێنێتە بەرهەم. خۆ ئەگەر ئەمە وا نەبوایە، ئیدی هیچ واتایەك لەمەدا نەدەمایەوە کە چیرۆکخوان هەواڵێك بدات و مەبەستیشی خۆی

بێت: "لیۆ خاوەنی ئەو قوتووە بوو"[٤٨]. ئەمەیە رۆمانێك بۆمانی باس دەكات، كە لە سەر بنەمای كەسی یەكەم دامەزراوە: ئێمە لەمەدا ئاماژەیەك بۆ خوێنەر دەبینین. ئەمەش لەوە نزیك دەبێتەوە كە جاكبسۆن ناوی ناوە ئەركی هۆشەچووی گەیاندن. لەبەر ئەوەی ئێمە خشتەیەكمان نییە، جا ئێستا نیشانەكانی پێشوازی (هەرچەندە گرنگیشن) وەلاوە دەنێین، بۆ ئەوەی لەبارەی ئاماژەكانی گێڕانەوەوە قسەیەك بكەین.

بدەری چیرۆك كێیە؟ هەتا ئێستا سێ چەمك راگەیەندراون، كە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە. چەمكی یەكەم، پێی وایە كەسێك چیرۆك دەنێرێت (بە واتای تەواوی دەروونیانەی ئەم زاراوەیە). ئەو كەسەش ناوێكی هەیە، كە دانەرە. تێیدا (كارەكتەر) و هونەری تاك، كە بە تەواوی جووتن، بە بێ وەستان ئاڵوگۆڕ دەكرێن. نووسەر، جاربەجار دەست دەداتە قەڵەم تا چیرۆك بنووسێت. چیرۆك (هەروەها رۆمانیش) لەم حاڵەتەدا لەوە زیاتر نییە، گوزارشتێكە لە "من"ێك كە لەوەوە (چیرۆك یان رۆمانەوە) دەردەچێت. هەرچی چەمكی دووەمە، وا لە چیرۆكخوان دەكات كە ببێتە جۆرێك لە جۆرەكانی هەمەكە هۆشیاری. ئەم هۆشیارییەش بە رواڵەت تایبەتی نییە، چونكە چیرۆكخوان لە روانگەیەكی باڵاوە چیرۆك رەوانە دەكات[٥٠]. ئەمەش واتای ئەوەیە، ئەو لە نێو كارەكتەرەكانیدایە (چونكە بە هەموو ئەو شتانەی لە ناخیاندا روو دەدەن، ئاشنایە)، لە هەمان كاتدا لە دەرەوەشیاندایە (چونكە هەرگیز لەگەڵ كارەكتەرێكدا پتر لە ئەوانی دی، جووت نابێت). هەرچی چەمكی سێیەمە، ئەو كە لە هەمووان نوێترە (هینری، جیمس و سارتەر نوێنەرایەتیی دەكەن). ئەم چەمكە ئەوە بە سەر چیرۆكخواندا دەسەپێنێت كە چیرۆكەكەی لەو سنوورەدا رابگرێت، تێیدا كارەكتەرەكانی دەتوانن سەرنجی بدەن و بیناسن: هەموو شتێك دروست وا بەڕێوە دەچێت، وەك ئەوەی كارەكتەرێك رۆڵ لەگەڵ ئەوانی دیكەدا ئاڵوگۆڕ بكات، تا ببێتە نێرەری چیرۆكەكە. هەڵبەت ئەم سێ چەمكە بێزاركەرن. ئەویش لەبەر ئەوەی وا دێتە پێش چاو، كە وەك ئەوەی چیرۆكخوان و كارەكتەرەكان وەك كەسانی واقیعی ببینێت، "زیندوون"، (ئێمەش توانای چەسپاوی ئەم ئەفسانە وێژەییە

دەزانین)، وەك ئەوەی چیرۆك لە بنەڕەتدا لە ئاستی مەرجەعیی خۆیدا دیاری بکرێت (ئەمەش کۆمەڵە چەمکێکی "ریالیستییە").

سەبارەت بە بۆچوونی ئێمەش، لە بنەڕەتدا کارەکتەرەکان "بوونەوەری کاغەزین". دانەری "ماددیانە"ی چیرۆکیش، ناکرێ لە هیچ شتێکدا تێکەڵ بە چیرۆکخوانەکە بێت[51]. ئاماژەکانی چیرۆکخوان ئاماژەی وابەستە بە چیرۆکن، دەکرێ لە ئەنجامدا، بە شیکاری ئاماژەکی (سیمیۆلۆژی) پێی بگەین. بەڵام بڕیار بدەین کە خودی دانەر (جا چ خۆی رابگەیەنێت، یان خۆی بشارێتەوە، یان سڕایەوە) گەمە بەو ئاماژانە دەکات، کە لە نێو کتێبەکەیدا دەیاننێژێت، ئەمە پێویست دەکات گریمانەی ئەوە بکەین، کە لە نێوانی "کەس" و زمانەکەیدا ئاماژە پەیوەندییەك هەیە وا لە دانەر دەکات بە تەواوی پشتی پێ ببەسترێت، واش لە چیرۆك دەکات ئامرازە گوزارشتێك بێت لەبارەیەوە: ئەوەی (لە چیرۆکدا) قسە دەکات، ئەوە نییە کە (لە ژیاندا) دەنووسێت، ئەوەی دەشنووسێت ئەوە نییە کە "بوو"[52].

لە راستیدا، گێڕانەوە بە هەموو واتای پەیڤەکە (یان سیستەمی هێماییانەی چیرۆکخوان) هەر تەنیا دوو سیستەم لە سیستەمەکانی ئاماژە دەناسێت، لەوەشدا هەر وەك زمان وایە: کەسی و نەکەسی. ئەم دوو سیستەمەش، بە زەروورەت سوود لە نیشانەکانی زمانی، ئەوانەی گرێدراوی کەس "من"ن وەرناگرێت، هەروەها ئەوانەش کە گرێدراوی غەیرە کەسیش "ئەو"ن. چیرۆك هەن، یان بە لای کەمەوە دیمەن هەن بە شێوازی کەسی سێیەم نووسراون. لەگەڵ ئەوەشدا، پاساوی راستەقینەیان بۆ کەسی یەکەم دەگەڕێتەوە. جا چۆن دەکرێ لەبارەی ئەمەوە بڕیار بدەین؟ هێندە بەسە کە دووبارە چیرۆکێك (یان بڕگەیەکی) "ئەو" لە شێوەی "من"دا بنووسینەوە. مادام ئەم پرۆسەیە نابێتە مایەی هیچ رماندنێك لە گوتاردا، تەنیا گۆڕینی راناوگەلی بنکەیی نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێمە لە سیستەمی کەسدا دەمێنینەوە: لە راستیدا، سەرەتای رۆمانی "گۆڵد فینگەر" هەر هەمووی (جیمس بۆند) دەیگێڕێتەوە، هەرچەندە بە راناوی نادیاریش نووسراوە. بۆ ئەوەی پاساو بگۆڕێت، دەبێ نووسین

ئەستەم بێت. بەم جۆرە دەبینین کە رستەی: "پیاوێکی بینی لە تەمەنی پەنجا ساڵێدا بوو، سیمای هێشتا گەنجانە بوو،... هتد". ئەمە بە تەواوی رستەیەکی کەسییە، وێڕای ئەوەی راناوی "ئەو"یش هەیە ("من، جیمس بۆند، سەرنجم دا،.. هتد")، بەڵام ئەم دەستەواژەیەی گێڕانەوە کە دەڵێت: "زرینگانەوەی بەفر لە سەر شووشە، وا دیارە سروشێکی کتوپڕ بە بۆند دەبەخشێت"، ناکرێ کەسی بێت، ئەویش بە هۆی هەبوونی کاری (وا دیارە). ئەم کارە بووە ئاماژەیەکی نەکەسی. ئەم ئاماژەیەش، وەك دەبینین، (راناوی ئەو) نییە. بە دڵنیاییەوە، نەکەسی رێڕەوی نەریتیانەی چیرۆکە. لەبەر ئەوەی زمان سیستەمێکی زەمەنیی تایبەت بە چیرۆکی دامەزراندووە (جەخت دەکاتە سەر رابردووی نادیار)[٥٣]، هەروەها ئاراستە کراوە بۆ ئەوەی ئێستای ئەو کەسە تێپەڕێنێت کە قسە دەکات. بنفینیست دەڵێ: "لە چیرۆکدا هیچ کەس قسە ناکات". لەگەڵ ئەوەشدا، رستەی کەسی (بە شێوەگەلی تا رادەیەك خۆگۆڕەوە) پەیتا پەیتا چیرۆکی تەنییەوە. لەبەر ئەوەی گێڕانەوە بار کراوە کە گوزارشت لە هەلومەرجی شوێن و کات بکات، "ئا ئەمەیە پێناسەی رێچکەی کەسی". هەروەها ئێمە ئەمڕۆ چیرۆك فرە باو دەبینین، بە ریتمێکی زۆر خێرا تێکەڵ دەبن. بە زۆرییش ئەمە لە سنووری خودی رستەدا دەبێت، واتە لە سنووری کەسی و نەکەسیدا. نموونەشمان بۆ ئەوە، ئەم رستەیەیە کە لە رۆمانی "گۆڵد فینگەر" وەرمان گرتووە:

| | |
|---|---|
| چاوانی | کەسی |
| شینێکی خۆڵەمێشییە | نەکەسی |
| چڕ کرابوونە سەر چاوانی دبون کە | |
| نازاندرێت چ رواڵەتێك دەگرێت. | کەسی |
| چونکە ئەم روانینە چەسپاوە بریتییە لە تێکەڵەیەك | |
| لە بێگەردی و گاڵتەجاڕی و کەم کردنەوەی سەنگی خود. | نەکەسی |

بەدیهییە، تێکەڵ بوونی سیستەمەکان لە هەستدا شوێنی ئاسانکاری دەگرێتەوە. رەنگە ئەم ئاسانکارییەش بگاتە ئاستی چەواشە کردن. رۆمانێکی پۆلیسی لە رۆمانەکانی "ئاگاتا کریستی" (سەعات بیست و پێنج و پێنج خولەك) پەنهان ناپارێزێت، تەنیا مەگەر فێڵ لە کەسی چیرۆکخوان بکات. کارەکتەرەکە لە ناوەوەڕا وەسف دەکرێت، کەچی هەر خۆی بکوژەکە بوو[٥٤]: هەموو شتێك بەڕێوە دەچێت وەك ئەوەی لە یەك کەسدا، ویژدانێك هەیە بۆ شایەدی، هاوشانی گوتارە، ویژدانێکیش بۆ بکوژ، هاوشانی چاوگە: دەرگای خولاوەی زێدەڕۆ کە کەوتووەتە نێوان دوو سیستەمەوە، تەنیا (ئەو)ـە کە رێ دەدات لوغز هەبێت. کەواتە تێدەگەین، لە جەمسەرەکەی دیکەی وێژەدا، هەیە وردیی سیستەمی هەڵبژێردراو، دەکاتە مەرجێکی پێویست بۆ کار، بەڵام ناتوانێت تا کۆتایی سەرپەرشتی بێت.

ئەم وردییەی -کە هەندێك لە نووسەرانی هاوچەرخ بە دوایدا دەگەڕێن- بە زەروورەت خواستێکی جوانخوازی (ستاتیکی) نییە. رۆمانی دەروونی، یان ئەوەی وا ناوی دەبەین، وا باوە خەسڵەتی تێکەڵی هەیە کە دوو سیستەم دەیکەن، دوا بە دوای یەکدا ئاماژەی نەکەسی و کەسی کۆ دەکەنەوە، دەروونناسییش، کە لە راستیدا ئەمەیە چاوگی دژبەرییەکە، ناتوانێت بە یەك سیستەمی پەتی لە سیستەمەکانی کەس رازی بێت، چونکە ئەگەر هەموو چیرۆکەکە تەنیا درایە پاڵ پاساوەتیی گوتارەوە، یان ئەگەر پێمان باش بوو بڵێین: ئەگەر هەموو چیرۆکەکە خرایە نێو کار (کردار)ی گوزارشتەوە، ئەوکات خودی ناوەرۆکی کەس دەکەوێتە بەر هەڕەشەوە. کەسی دەروونی (لە چاوگە سیستەمیدا) هیچ پەیوەندییەکی بە کەسی زمانییەوە نییە. ئەمەش، نە بە ئامادەکاری، نە بە مەبەستەکان یان سیماکان، ناناسرێتەوە، بەڵکوو بە شوێنی دیاری کراوی لە نێو گوتاردا. ئێمەش ئەمڕۆ هەوڵ و کۆشش دەکەین، بۆ ئەوەی، قسە بە دەوری ئەم فۆرمە کەسەدا بمانخولێنێتەوە. کارەکە پەیوەستە بە کودەتایەکی گرنگەوە (هەستێك لە لای خەڵك دروست بووە، کە ئیدی کەس رۆمان نانووسێت). ئامانجی ئەم کودەتایەش گواستنەوەی چیرۆکە لە

سیستەمێکی پەتیی دووپاتکەرەوە (کە تا سەردەمی ئێستا سەرقاڵی کرد بوو) بۆ سیستەمێکی بەجێ گەیاندن، کە بە گوێرەی ئەو واتای قسە بریتی دەبێت لە خودی کرداری گۆ کردنەکەی[٥٥].

کاری "نووسیی" ئیدی ئەمڕۆ واتای "گێڕایەوە" ناگەیەنێت. ئێمە دەڵێین: ئێمە دەیگێڕینەوە. هەموو چاوگەکەشی (ئەوەی دەیلێین) بار دەکەینە سەر کاری ئەم دەستەواژەیە. لەبەر ئەو هۆیەشە، بەشێك لە وێژەی هاوچەرخ چی دی وەسف نییە، بەڵکوو تێپەڕە(!) لە قسە کردندا هەوڵ دەدات ئێستایەکی زۆر روون بێت، بە چەشنێك هەموو گوتارەکە لەگەڵ ئەو کارەی دەینووسێت، جووت بێت، ئەمەش نەدەبوو، تەنیا لەبەر ئەوە نەبێت کە عەقڵی یەکەم (لۆگۆس) هەموو دادەکشێت -یان درێژ دەبێتەوە- سەر فەرهەنگ[٥٦].

**ب- رەوشی چیرۆك:**

کەواتە، ئاماژەکانی گێڕانەوە جێی ئاستی گێڕانەوەیان گرتەوە. هەروەها ئاماژەکان تێکرای ئەو پرۆسانەشیان گرتەوە، کە لە گەیاندنی گێڕانەوەدا گەیاندنی وابەستە بە نێرەر و پێشوازیکەر، ئەرك و کار (کردار) دووبارە رەگاژۆ دەکات. پێشتر نوێژینەوە لە هەندێك لەم ئاماژانە کرا. ئێمەش لە وێژەی زارەکیدا هەندێك لە سیستەمەکانی خوێندنەوە دەناسین (شێوەگەلی سەنگین، رێوڕەسمی باوی پێشکەش کردن). هەروەها دەزانین "دانەر" ئەوە نییە کە جوانترین چیرۆك دادەهێنێت، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بە باشی ئەو سیستەمە کۆنترۆڵ دەکات، کە لەگەڵ گوێگراندا پێکەوە تێیدا هاوبەشن: هەروەها لە ئاستی گێڕانەوەشدا لەم جۆرە وێژەیەدا زۆر روونە، رێساکانیشی زۆر ناچارانەن. ئەم باسەش دەگاتە ئاستێك کە تێیدا زەحمەت دەبێت وێنای "حەکایەتێك" بکەین، کە بەند نەبێت لە سەر هێماگەلێکی رێکخەری چیرۆك "هەبوو نەبوو، ...هتد". سەبارەت بە وێژەی نووسراویشمان، ئەوا لە کاتێکی زووەوە بە "شێوەکانی گوتار" گەیشتین (کە ئەوان لە واقیعدا گێڕانەوە ئاماژەن): پۆلێنێك بۆ

ڕێکارەکـانی دەسـت تێـوەردانی دانـەر هەیـە، ئـەفلاتوون داینـاوە، پـاش ئـەوەش "دیۆمید" قسـەی لـەبارەوە کـردووە[٥٧]. هـەروەها ڕێکخسـتن بـۆ سـەرەتا و کۆتـایی چیرۆکیش هەیـە، پێناسـەیەکیش هەیـە بـۆ هـەموو جۆرەکـانی شـێوازی "دەربـڕین" خستنە ڕوو (قسەی ڕاستەوخۆ، قسەی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو ئەو پەشێویانەی کە تێیدایەتی، قسەی ناڕوون)[٥٨]. هەروەها توێژینەوە لەبارەی "بۆچوونەکانەوە" هەیـە، ...هتد. هەموو ئەو توخمانە بەشێکی ئاستی گێڕانەوە پێك دەهێنن. هەڵبەت دەبـێ، کۆبـەکۆی نووسـینیش بخەینـە سـەر ئەمـە. ڕۆڵـی ئـەو لـە "گواسـتنەوەی" چـیرۆکدا بەرجەستە نابێت، بەڵکوو لە ڕاگەیاندنیدا.

یەکەکانی ئاسـتی خـوارەوە، بـە کردەنـی، ئاوێتـە بـە ڕاگەیانـدنی چـیرۆك دەبـن: ناوەرۆك و شێوە تایبەتییەکانی گێڕانەوە (ئەرك و کردار) لە شێوەی کۆتـایی چـیرۆکدا هەڵدەکشێت. ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە ڕێکخسـتنی گێڕانـەوە، دوایـین ئاسـتە کـە شرۆڤەکەمان دەتوانێ پێی بگات. تەنیا مەگەر لە (بابەت- چـیرۆك)دا دەرچـوون ڕوو بدات، واتـە ئەگـەر لـەو ڕێسـا گرێـدراوەی دای دەمـەزرێنێت، پێشـێلکاری بکرێـت. گێڕانەوەش، بە کردەنی، ناتوانێ واتاکەی بەدەست بهێنێت، تەنیا لەو واقیعەوە نەبێت کە بەکاری دەهێنێت. هەرچی دەرەوەی گێڕانەوەشە، ئەوا جیهان دەست پـێ دەکـات، واتـە سیسـتەمەیلی دی (جڤـاکی، ئـابووری و ئایـدیۆلۆژی) دەسـت پـێ دەکـەن، کـە سـنوورەکەیان تـەنیا چـیرۆك نییـە، بـەڵکوو توخمگەلـە لـە مـاددەی دیکـە (ڕووداوی دیرۆکی، دیاریکاری، ڕەفتارکاری، ..هتد). هەروەها زمانەوانی کە لە ئاست سنووری ڕستەدا هەڵوەستە دەکات، ئەوا دەبینین شرۆڤە کردنی چـیرۆکیش لـە ئاسـت سـنووری گوتاردا هەڵوەستە دەکـات، بۆیـە، دەبـێ لـە پـاش ئـەوە تێپـەڕین بـەرەو زانسـتێکی دیکەی ئاماژە. جا لەبەر ئەوەی زمانەوانی ئەم جۆرە سنوورە دەناسێت، ئیدی بـوونی خۆی کـردە بـەدیهی -یـان ڕۆچـووە نێـوی- و نـاوێکی بـۆ داڕشـت کـە "ڕەوش"ـە. "هالیدای" پێناسەی "ڕەوش"ی (لە ئاسـت ڕسـتە)دا کـرد، کـە کۆمەڵـە بویـەرێکی

ناهاوبەشی زمانییە[٥٩]. هەرچی "بیێتۆ"یە، وا پێناسەی کرد کە "کۆمەڵە بویەرێکە، وەرگر لە چرکەساتی راوێژە کردار و بە جیا لەوە، دەیزانێت"[٦٠].

هەر بەم جۆرە، دەتوانین بڵێین، هەموو چیرۆکێك سەر بە "رەوشە چیرۆك"ێکە، هەروەها پەیوەندیدارە بە کۆمەڵێك رێورەسم کە بە گوێرەی ئەوان چیرۆك بەکار دەبات. لە کۆمەڵگاکانی، وەك دەڵێن، "دێرین"دا، دەبینین رەوشی چیرۆك فرە پوختە[٦١]. بەڵام لەم رۆژگارەی ئێمەدا، ئەوا وێژەی پێشەنگ خەون بە رێورەسمێکی خوێندنەوەوە دەبینێت. بە لای "مالارمێ"وە، (وێژە) دیمەنی نایابی هەیە. ئەو دەیویست بە گوێرەی رێکارێکی دیاری کراوی دانەرانە، کتێب بۆ جەماوەر بخوێندرێتەوە. لە لای "بیتور"یش خوێندنەوە نموونەیەکی چاپە. هەوڵیشی دا ئاماژە تایبەتەکانی خۆی هاوپێچی کتێب بکات، بەڵام سەبارەت بەوەی کە باوە، ئەوا کۆمەڵگاکەمان، هەرچەندی بکرێ، زۆر بە وردی پوختەکاریی رەوش لە چیرۆکدا، دەشارێتەوە. چی دی لە توانامانـدا نییە رێکارەکانی گێڕانەوە بژمێرین. ئەو رێکارانەی هەوڵ دەدەن ئەو چیرۆکەی دادێت کەوی بکەن، وێڕای وەها خۆ نیشاندان کە دەرفەتی ئاسایی دەدرێتێ وەك پاڵنەر و پاڵپشتێك بۆ ئەو. ئەگەر بۆمان هەیە بڵێین، ئەوا ئەو رێکارانە دووبارە چیرۆك دادەخەنەوە. نامە رۆمان هەن، قسەش هەیە کە دەستنووس دۆزراونەتەوە، دانەرێکیش هەیە حەکایەتخوان دەگێڕێتەوە، فیلمیش هەیە چیرۆکەکەی دەخاتە پێشی پێشەکییەوە. دوور کەوتنەوە لە راگەیاندنی ئەم تەکنیکە، کۆمەڵگای بورژوا و ئەو کولتوورە جەماوەرییەی بەرهەمی ئەوە، ژەهراوی دەکات. کۆمەڵگای بورژوا، هەروەها کولتووری جەماوەر پێویستیان بە ئاماژەگەلێکە کە مۆرکی ئاماژەیان نەبێت. ئەم کارەش، ئەگەر قسەمان بە راست بگەڕێت، بێ لە دیاردەیەکی لابەلای بونیادگەرانە، چی دیکە نییە. جا هەرچەندی بێزەوەر و پووچیش بێت، کە ئەمڕۆ مرۆڤ دەست بۆ رۆمانێك ببات و بیکاتەوە، یان دەست بۆ رۆژنامە یان بۆ شاشەیەك ببات، ئەوا کەس ناتوانێت رێ لەم کارە سادەیە بگرێت، کە راستەوخۆ، بە تێکڕا پوختەکاریی گێڕانەوەمان لە لا دروست بکات. چونکە ئێمە

پێویستمان پێیەتی. بەڵام خۆ ئاستی گێڕانەوەش ڕۆڵێکی شلەژاوی هەیە، لە کاتێکدا ئەو لە تەنیشت ڕەوشی چیرۆکدایە (هەندێك جاریش لە خۆی دەگرێت)، ئەوا لە ساتی لەبەر یەك هەڵوەشانی چیرۆك (بەکار بردنی)دا، ئەو بە ڕووی جیهاندا دەکرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کە ئاستەکانی پێشوو بەرز ڕادەگیرێن، چیرۆك دادەخرێ و بە تەواوی گەڵاڵەی دەکرێت، بەوەی قسەی زمانێکە کە چاوی بڕیوەتە زمانی تایبەتی خۆی و هەڵیشی دەگرێت.

**پەراوێز:**

٤٨- ئەگەر تەماشای رستەی "زل گورزێك لە بانكۆك" بكەین، ئەوا دەبینین بەرانبەر بە خوێنەر وەك "چاو ترووكانێك" كار دەكات، یان وەك ئەوەی ئاورێكی لێ بدەینەوە. بە پێچەوانەی ئەویش، ئەم رستەیەی دادێ دەبینین: "بەم جۆرە هەر ئێستا لیو دەرچوو". ئەوە ئاماژەیەكە بۆ حەكایەتخوان، چونكە ئەم دەستەواژەیە بەشێكە لە بیركردنەوەی و "كەسێك" دەیكات.

٤٩- تۆدۆرۆف، پێشتر ئاماژەی بۆ كراوە. هەردوو وێنەی حەكایەتخوان و خوێنەر چارەسەر دەكات.

٥٠-"كەنگێ لە روانگەی نوكتەیەكی بالاوە دەنووسین؟ خودا لە بانی سەرەوە دەیان بینێت". (فلۆبیر، پێشەكی بۆ ژیانی نووسەرێك، لوسوی، سالی ١٩٦٥، ل ٩١).

٥١- جیاكارییەكە هەیە لەم كارەی بە لای ئێمەوە گرنگە. لە رووی مێژووییەوە، قەبارەیەكی زەبەلاح لە چیرۆكی بێ دانەر هەیە (چیرۆكی زارەكی، حەكایەتی میللی، سەربردە كە حەكایەتخوان دەیگێڕێتەوە... هتد).

٥٢- (ج. لاكان) دەڵێ: "ئەو دراوە پاڵەی لە كاتی قسە كردندا دەیلێم، ئایا هەر خۆیەتی كە هاتووەتە ئاخاوتن؟"

٥٣-بنفینیست. پێشتر ئاماژەی بۆ كراوە.

٥٤- نموونەی شێوازی كەسی بریتییە لە: "تەنانەت بۆ (بیرنابی)یش دەركەوت كە لەوە ناچێ هیچ شتێك گۆڕا بێت". ئەم شێوازە لە چیرۆكی "كوژرانی رۆجێ ئەكروید" زبرترە، چونكە بكوژ زۆر ئاشكرا دەڵێ: من.

٥٥- ئەوەی پەیوەندیی بە بەجێ گەیاندنەوە هەیە، بڕوانە (تۆدۆرۆف) كە پێشتر ئاماژەی بۆ كراوە. دەستەواژەی "شەڕ راگەیاندرا" نموونەیەكی نەریتیانەیە بۆ بەجێ گەیاندن. ئەو (وەسف)ی شتێك ناكات، بەڵام واتاكەی لە خودی دركەكەیەوە

هەڵدەهێنجێت (ئەمەش بە پێچەوانەی دەستەواژەی "پاشا شەڕی ڕاگەیاند"ـە، کە وەسفی و دووپات کراوەیە).

٥٦- سەبارەت بە ناتەبایی نێوان عەقڵی یەکەم (لۆگۆس) و فەرهەنگ، بڕوانە (جیرار جینیت) کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

٥٧- (حەکایەتخوان هیچ دەست تێوەردانێکی لە گوتارەکەدا نەکردووە: شانۆش نموونەیەکە بۆ ئەوە). (قسە تەنیا مافی شاعیرە: وەك پەند و شیعری فێرکردن). (هەروەها تێکەڵ کردن لە نێوان دوو ژانری وێژەشدا هەیە، وەك داستان).

٥٨- H.sorensen,in Melanges jansen. P. 150.

٥٩- هالیدی، پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، ل ٦.

٦٠- ل. ج. بیوتو: "چەند بنەمایەکی سیمیۆلۆژی"، منشورات موتون، ١٩٦٤، ص ٣٦.

٦١- حەکایەت، وەك (ل. سیباج) دەڵێ، بۆی هەیە لە هەموو کات و شوێنێکدا بگێڕدرێتەوە، بەڵام ئەمە چیرۆکی ئەفسانەیی ناگرێتەوە.

## ٤- سیستەمی چیرۆك:

دوو پرسی سەرەکی هەن کە لە پێناسە کردنی زماندا بەشدار دەبن. (زمانیش) بە هۆی ئەوانەوە بەرجەستە دەبێت. یەکەمیان: جومگەبەندی یان دابڕدابڕ کردن. ئەم پرسەش یەکەکانی لیٚ دەکەوێتەوە (بنفینیست ناوی لەوە نا فۆرم). دووەمیش: ئاوێتە کردنە. ئەم پرسەش پێشوازی لەم یەکانە دەکات لە نێو یەکەی باڵادا (ئەمەش واتایە). ئەم پرسە دوو هێندە لە زمانی چیرۆکدا هەیە. ئەویش لەبەر ئەوەی ئەویش، جومگەبەندی و ئاوێتە بوون، فۆرم و واتای هەیە.

### أ- لادان و فراوان بوون:

دوو دەسەڵات هەن کە دەبنە سیمای بنەڕەتیانەی فۆرمی چیرۆك. یەکەمیان: بریتییە لە کشانی ئاماژەکان بە درێژایی چیرۆکەکە. دووەمیشیان: بریتییە لەوەی فراوان بوونی چاوەڕوان نەکراو بخرێتە نێو ئەم لادانانەوە. ئەم دوو دەسەڵاتەش دەردەکەون وەك ئەوەی ئازادی بن. بەڵام تایبەتمەندیی چیرۆك لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە "ئەم لادانانە"[٦٢] بۆ نێو زمان بگوازرێنەوە.

لادان لە زماندا هەیە. (بالی) لە کاتی توێژینەوەی لە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی، لەم بابەتە (لە لادان)ی کۆڵییەوە. سەرنجی ئەوەشی دا، کە ئەگەر ئاماژەکانی (نامەکە) بە تەك یەکەوە نەبوون، هەروەها ئەگەر هێڵی (لۆژیکیانەی) شڵەژا (وەك ئەوەی پاڵپشتار وەپێش پاڵپشتێر بکەوێت)، ئیدی جۆرێك لە لەدەست دانی سیستەم هەر دەبیٚ روو بدات[٦٣]. لەدەست دانی سیستەمیش فۆرمێکی زەقی هەیە، لەو کاتەشدا بەرەو رووی دەبینەوە کاتێك خودی بەشەکانی ئاماژە، بە درێژایی ریزبەندی نامەکە ئاماژەی دیکەیان لیٚ دەکەوێتەوە (بۆ نموونە: نەریٚ (هەرگیز نا) و (لێی بورد) لە رستەی: "هەرگیز لێمان نابووری"). جا بەوەی کە ئاماژەکە تێك

شکێندراوە، ئەوا دەلالەتەکەی دابەشی سەر چەندین نیشانە دەبێت، کە هەر نیشانەیەك لەوانی دی دوور دەبێت.

وەك سەرنج دەدەین، ئەگەر هەر یەکەیان بە جودا وەربگرین، ئەوا ناکرێ لێی حالّی بین. لە ئاستی وەزیفیشدا ئەمەمان بەدی کرد. دروست هەر ئەوەشە لە چیرۆکدا روو دەدات. یەکەکانی دەستەواژەیەك، هەرچەندە لە ئاستی خودی دەستەواژەکەدا یەك هەمەك پێك دەهێنن، بەلاّم بۆژوور کردنی یەکەی دیکە، کە لە دەستەواژەی دیکەوە هاتوون، دەبێتە مایەی لە یەکدی جیا کردنەوەیان. گوتیشمان کە بنیاتی ئاستی ئەرکی بنیاتێکی هەلاّتووە(٦٤). خۆ ئەگەر بە دوای زاراوەکانی (بالی)دا بچین، دەبینین بەراوردێکی کرد لە نێوان زمانگەلی تێك هەڵکێش کە نەبوونی سیستەم تێیاندا بالاّدەستە (وەك ئەڵمانی) و زمانگەلی شیکاری، کە زۆر زۆر پابەندی هێڵە لۆژیکن و واتا دەگمەن دەکەن. بە گوێرەی ئەو بۆچوونەی ئەو، وای دەبینێت کە چیرۆك زمانێکی فرە تێك هەڵکێش پێك دەهێنێت، لە بنەڕەتیشدا وا دەبێت، کە خەسڵەتی تێکەڵ کردن و رووماڵ کردنی هەیە. هەر خالێك لە خالەکانی چیرۆك لە هەمان کاتدا بە چەندین ئاراستەدا تیشك دەدەنەوە: کاتێك جیمس بۆند، لە چاوەڕوانی گەیشتنی فڕۆکەدا، داوای پەرداخێك مەی دەکات، ئیدی ئەو (مەی)یە بە شتێکی بەرجەستە دادەندرێت، بەهایەکی فرە واتاش بە خۆوە دەگرێت. ئەم کارەش بریتییە لە هێما گرییەك کە چەندین بەرنیشانە لەخۆ دەگرێت (نوێخوازی، دەوڵەمەندی، بۆشایی). بەلاّم بۆ ئەوەی بریتی بێت لە یەکەیەکی ئەرکی، ئیدی داوا کردنی مەیەکە ناچارە بە چەندین بەدیل (ئەلتەرناتیف)دا گوزەر بکات، لە نزیکەوە بەرەو نزیکتر (بەکار بردن، چاوەڕوانی، گەشت،... هتد)، ئەویش بۆ ئەوەی واتای کۆتایی خۆی بدۆزێتەوە: هەر چیرۆکێك لە چیرۆکەکان یەکە "وەردەگرێت"، بەلاّم چیرۆکەکە ناچەسپێت تەنیا بە لادانی یەکە و تیشکەکانی نەبێت.

لادانی گشتێندراوی زمان، خەسڵەتی تایبەتی خۆی بە چیرۆك دەبەخشێت. دیاردەی لۆژیکی پەتی، لەبەر ئەوەی بە زۆری بەندە بە پەیوەندییەکی دوورەوە،

هەروەها لەبەر ئەوەی جۆرێك لە متمانەی درك پێ كراو دەبزوێنێت، ئەوا بێ وەستان، واتای ئەو رووداوانە دەگۆڕێت كە لە رەشنووسە پەتی و سادەكەیدا گێڕدراونەتەوە. هەڵبەت لە "ژیان"دا ئەگەر دیدارێك ببێت، دەگمەنە كە دوای روودانی دانیشتن، فەرمووییەكی راستەوخۆ بۆ جێگیر بوون لە شوێنێكی بە دوادا نەیەت. لە روانگەیەكی گونجانكارانەوە، ئەم یەكە پێكەوە گرێدراوانە لە چیرۆكدا، دەتوانن لە یەكدی جیا ببنەوە. ئەویش لەو كاتەدا ئەگەر زنجیرەیەكی درێژ لە خاڵی گرێدانی هاتە نێوەوە، كە سەر بە ناوچەی ئەركی فرە جودان. بەم جۆرە چەشنێك لە زەمەنی لۆژیكی دروست دەبێت، زۆر كەم پەیوەندیی بە زەمەنی واقیعییەوە دەبێت. لە كاتێكدا زۆر بە توندی پلیشانەوەی رواڵەتیانەی یەكەكان بەردەوام دەبێت، ئەویش لە بن باری ئەو لۆژیكەی، ناوك و بە دوای یەكدا هاتن دەكاتە یەك.

هەرچی زەوقسازییە، ئەوا هەر تەنیا فۆرمێكی تایبەتە، یان -ئەگەر بمانەوێت- شێوەیەكی روو لە هەورازە لە شێوەكانی لادان: ئەو، بە لایەكدا، بە دوای یەكدا هاتن بە كراوەیی دەهێڵێتەوە (لە رێی پەنا بردنە بەر مەزن كردنی دواكەوتن و دووبارە كردنەوەی دەست پێ كردن)، ئەوا هاریكار دەبێت بۆ بەریەككەوتن لەگەڵ خوێنەر (گوێگر)دا، واتە دەست بە ئەركێكی هۆشداریانەی بەرچاوەوە دەگرێت. هەروەها ئەو، لە لایەكی دیكەوە، هەڕەشەی بە دوای یەكدا هاتنێكی هێشتا ناتەواوی لێ دەكات، هەروەها (هەڕەشەی) خشتەیەكی نەكراوەش (وەك ئەوەی هەر بە دوای یەكدا هاتنێك دوو جەمسەری هەبێت، ئێمەش باوەڕمان وایە). ئەمەش واتای ئەوەیە كە بە لۆژیكێكی پەشێو هەڕەشە لە خوێنەر دەكات، بەڵام خۆ هەر ئەو پەشێوییەیە كە بە بێزاری و لەزەتەوە، بەكار دەبرێت (نەمازە كە دواجار چاك كردنی هەر بەردەوام دەبێت). كەواتە، زەوقسازی گەمەیە لەگەڵ بونیاتدا، لەبەر ئەوەی ئاوهایە، ئیدی بۆی نووسراوە سەركێشیی پێوە بكات و ستایشیشی بكات، ئەگەر ئەم قسەیە هی كردن بێت: ئەو نائارامییەكی راستەقینەی درك پێ كراوە. جا ئەو كە بریتییە لە سیستەم بە شل و خاوییەكەیەوە (نەك ریزبەندەكە)، ئەوا بیرۆكەی خودی زمان تەواو دەكات.

ئەوەی وا دێتە بەر چاو کە پتر سۆزبزوێنە، ئەو کارەش وا دێتە پـێش چـاو کـە هـزری زۆرترە. زەوقسازی دامەنی "زەین" دەگرێت نەك هەناو[٦٥].

ئەوەی دەتوانیٚ جودا بێت، دەشتوانێت سادە بێـت. لەبـەر ئـەوەی نـاوکی ئـەرکی ناوکێکی داکشاوە، ئەوا بریتییە لە زێدە فەزا، کە دەکریٚ تا نیمچە بـیٚ کۆتـایی، پـڕ ببێتـەوە. جـا بـەم جـۆرە، دەتـوانین بۆشـاییەکان بـە ژمارەیـەکی زۆر لـە ناوەنـد پـڕ بکەینەوە، بـەڵام لێـرەدا نموونەیـەکی نـویٚ بـۆی هەیـە بێتـە نـاوەوە (دەسـت لـە کـار وەربدات). بەم جـۆرە، ئـازادیی ناوەنـد دەتوانێـت چارەسـەرێکی بـۆ بدۆزێتـەوە، بـەو چەشنەی ناوەرۆکی ئەرك پێویستیەتی (هەندێك ئـەرك بـە شـێوازێکی باشـتر لـە هـی دیکە دەخرێنە بەردەمی ناوەندە، بۆ نموونـە وەك چـاوەڕوانی)[٦٦]، بـەوەی کـە بابـەتی چیرۆکەکەش پێویستیەتی (نووسین توانای بڕگە دوالیزمی هەیـە -کەواتـە هـەر وا لـە دۆزینەوەی ناوەندیشدا- بەرزتر لەوەی لە فیلمدا دەیبینین)، ئێمە دەتوانین جووڵەیەکی لە گەڕدا رابگرین، بە شێوەیەکی ئاسانتر لـە راگـرتنی هـەمان جووڵـە ئەگـەر هـاتوو بیندراو بێت[٦٧]. لەبەر ئەوەی توانای ناوەندی چیرۆك هاوبەندە لەگەڵ توانـای ئـەو لـە پەناداندا. ئەرك، بە لایەکدا (خواردنی ژەمێکی چەور)، دەتوانیٚ دەستگری لە هەموو ئەگەرە ناوەندەکاندا بکات، کە (وردەکاریی ژەمەکەیان) بە سەردا تێپـەڕ دەبێـت[٦٨]. هەروەها، لە لایەکی دیکەوە، دەکریٚ بـە دوای یەکـدا هاتنێـك کـورت بکەینـەوە بـۆ ئاستی ناوکەکەی، بە بیٚ ئەوەی واتای چیرۆك بڕووخێنین: چیرۆك دەتوانیٚ بـەدی بێـت، تەنانەت ئەگەر بڕگەی پێکهاتە هەمەکییەکەی ئەوەنـدە کـورت بکەینـەوە کـە تـەنیا فاکتەرێکی تێدا بمێنیٚ، هەروەها بۆ ئەرکە مەزنەکانی. لەمەشدا کاری ئەو هـەر وەك کاری ئەو ئەرکە یەکانەیە، کە لە هەڵایسانی پلە بە پلەوە پەیدا دەبن[٦٩]. دەکریٚ بـە شێوەیەکی دی بڵێین چیرۆك خۆی دەبەخشێتە کورت کردنەوە (ئەمـەش جاران خـەڵکی وا راهات بوون ناوی بنێن سەلماندن). رەنگـە بـۆ یەکـەم جـار پێمـان وا بێـت، دەشـیٚ کارەکە سەبارەت بە هەر گوتارێك هەر وەها بێت، بەڵام کارەکە وا نییە. هەر گوتـارە لە کورت کردنەوەدا نموونەی تایبەت بە خۆی هەیە. شـیعری لیریکـی، بـۆ نموونـە[٧٠]،

لەبەر ئەوەی هەر تەنیا خوازەیەکی فراوانە بۆ یەك واتا، جا کورت کردنەوەی لە بەخشینی ئەم واتایەدا دەبێت. ڕەنگە کاریگەریی ئەم پرۆسەیە ناسنامەی چامە ون بکات (کورت کردنەوە واتە چڕ کردنەوەی هۆزانە لیریکییەکان بۆ واتاکانیان کە ئەڤین و مەرگە). جا لێرەوە، ئەو باوەڕە دێتە گۆڕێ کە ئێمە دەتوانین چامەیەك کورت بکەینەوە. پێچەوانەی ئەمەش دەبینین، کە کورت کردنەوەی چیرۆك (ئەگەر لە سەر پێوەری بونیاتگەرانە ڕۆنرا بوو) تاکایەتیی پەیام دەپارێزێت. بە شێوەیەکی دی دەڵێین: چیرۆك قابیلی وەرگێڕانە بە بێ ئەوەی زیانی بنەڕەتیانەی پێ بگات، بەڵام ئەوەی قابیلی وەرگێڕان نییە، تەنیا لە دوایین ئاستدا نەبێت، واتە لە ئاستی گێڕانەوەدا، دیاری ناکرێت، بە زەحمەتی لە ڕۆمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ فیلم. لەبەر ئەوەی ئەم فیلمە، چارەسەری تاکە کەسی ناناسێت تەنیا لە حاڵەتێکی گەلێك دەگمەندا نەبێت. هەروەها، دوایین ئاستی گێڕانەوە، واتە نووسین، ناتوانێت لە زمانێکەوە بچێتە سەر زمانێکی دی، یان ئەوەتا خراپ دەگوزارێتەوە.

ئامادەیی چیرۆك بۆ وەرگێڕان زادەی زمانە بنیاتەکەیەتی. خۆ ئەگەر بە ڕێگایەکی پێچەوانەدا بچین، ئەوا دەکرێ[٧١] ئەو بنیاتە بدۆزینەوە، بە مەرجێك ئەو تۆخمانەی قابیلی وەرگێڕانن، جیایان بکەینەوە و پۆلێنیان بکەین، هەمان شت لەگەڵ توخمەکانی دیکەشدا بکەین کە قابیلی وەرگێڕان نین: هەبوونی (ئێستای) ژمارەیەك لە ئامازەناسیی جۆربەجۆر و کێبڕکێکار (وێژە، سینەما، کۆمیدی، ئیزگە) ڕەنگە ڕێی ئەم شرۆڤەیە زۆر ئاسان بکات.

### ب- لاسایی کردنەوە و واتا:

دووەمین پرسی گرنگ لە زمانی چیرۆکدا تێکەڵ کردنە: ئەوەی لە ئاستێکدا جیا دەکرێتەوە (بۆ نموونە لە یەکێك لە بە دوای یەکدا هاتنەکاندا) بە زۆری دەکرێ لە ئاستێکی باڵاتردا گرێ بدرێتەوە (لە بە دوای یەکدا هاتنێکی هەرەمیی پلە باڵادا، یان بەرنیشانەیەکی هەمەکیی سەر نیشانەی بڵاو، یان لە کرداری چینێك لە

کارەکتەر). چیرۆك لە رووی ئالۆزییەوە دەکرێ لەگەڵ رێکخستنێکی ئۆرگانیدا بەراورد بکرێت، کە توانای تێکەڵ کردنی گەڕانەوە بەرەو دوا (فلاش باك) و بازدان بەرەو پێشی هەیە. دەکرێ بە شێوەیەکی وردتر بڵێین: تێکەڵ کردن بە شێوەیەکی گۆڕاو بوار بە قەرەبوو کردنەوەی ئالۆزی دەدات. ئەو بە شێوەیەکی رواڵەتیانە لە یەکەکانی ئاستێك لە ئاستەکاندا، بە سەریدا زاڵ نابێت. هەر ئەویشە بوار بە ئاراستە کردنی تێگەیشتنی توخمگەلی دابڕاو و بەدەم یەك و پێکەوە گونجاو دەدات (دروست وەك کە برگەی رۆنراوە دەیدات، کە تەنیا یەك رەهەند دەناسێت: ریزبەستن). ئەگەر یەکەی واتا ناو بنێین "هاوشان"، وەك کە (گریماس) کردی (وەك ئەوەی مۆرکی خۆی بە ئاماژە و رێڕەوەکەی دەبەخشێت)، ئیدی دەڵێین تێکەڵ کردن فاکتەرێکە بۆ هاوشانی: هەر ئاستێکی (تێکەڵکاری) هاوشانەکەی خۆی دەداتە یەکەکانی ئاستێکی بالاتر، هەڵبەت رێ لە "لار بوونەوەی" واتاش دەگرێت، ئەگەر لە گۆڕانی نێوان ئاستەکان نەگەین. وێڕای ئەوە، تێکەڵ کردنی خۆی بە شێوەیەکی رێك و ئارام پێشکەش ناکات، وەك ئەوەی سیستەمێکی جوانی ئەندازە بێت، یان وەك ئەوەی ئاماژە بە هەندێك قەبارەی ئالۆز دەکات، ئەویش لە رێی چونیەکە لاملییەوە بۆ توخمگەلی سادە و بێ شومارەوە. بە زۆری خودی یەکە دەتوانێت دەست بە سەر دوو پەیوەندیی دووسەرەدا بگرێت، یەکەمیان لە ئاستی (ئەرکی بە دوای یەکدا هاتندا) دەبێت. دووەمیشیان لە ئاستێکی دیکەدا دەبێت (بەڵگەی ئاماژە کردنە بە فاکتەر).
چیرۆك خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات، وەك ئەوەی زنجیرەیەك توخمی بە هێزی تێك ئالۆسکاوی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بێت، بۆیە لەدەست دانی رێکخستن، خوێندنەوە "ئاسۆییانە" ئاراستە دەکات، بەلام تێکەڵ کردن، خوێندنەوەیەکی "ستوونی"ی لێ دەکەوێتەوە. وەك ئەوەی کارەکە جۆرێك لە قوتووی بونیاتگەرانەی تێدا بێت، بە ئەگەرە گەمەگەلێك دەچێت کە وەستانی بۆ نییە. هەڵبەت کەوتنی هەمەجۆری ئەو ئەگەرانە "زیندوویی" و وزە دەبەخشێتە چیرۆك. لە سەر ئەو بنەمایە، هەموو یەکەیەك لە رێی دەرکەوتن و قووڵیی خۆیەوە، درکی پێ دەکرێت.

جا بەم جۆرە چیرۆکەکە دەڕوات: بنیات پەرت و بڵاو دەبێتەوە، خۆشی ئاشکرا دەکات کە ئەم دوو ڕێیە کێبەرکێ دەکەن، هەروەها یەك دەگرن. بەم جۆرە ئاست دەبێتە سێیەم، واز لەوەش ناهێنێت کە وا بێت.

به دڵنیاییەوە، لە چیرۆکدا ئازادی هەیە (وەك چۆن هەموو خوێنەرێك لە ئاست زمانەکەیدا ئازادیی هەیە)، بەڵام ئەو ئازادییە وەك نامەیەکی دیاری کراو دادەبەزێندرێت. لە نێوانی سیستەمدا، کە بە زمان پاڵپشتی کراوە و، سیستەم کە بە چیرۆك پاڵپشتی کراوە، ئەگەر قسەکەمان دروست بێت، بۆشاییەك هەیە: ئەویش ڕستەیە. ئەگەر ویستمان پەی بە تێکڕای چیرۆکێکی نووسراو ببەین، ئەوا دەبینین لە دەسپێکی هەرە ڕێکخراوی خۆیەوە دەست پێ دەکات (ئاستی یەکە بچووکەکەی دەنگ، یان جیاوازیی دەنگ). پێ بە پێش فراوان دەبێت تا دەگاتە ڕستە. جا لێرەدایە ئەوپەڕی ئازادیی ڕۆنان. پاشان بە دەسپێك لە کۆمەڵە ڕستەیەکی بچووکەوە (دەستەواژەی بچووك)، سەر لە نوێ چەمانەوە دەست پێ دەکات، (ئەم ڕستانەش) هێشتا ئازادن، تا دەگاتە کار (کردار)ـە مەزنەکان، کە سیستەمێکی دیاری کراو، پێك دەهێنن. بەم جۆرە، داهێنانەیەتیی چیرۆك لە نێوان دوو سیستەمدا دێتە دی (یان بە لای کەمەوە لە ڕواڵەتی ئەفسانەییانەی ئەوەوە بۆ ژیان)، واتە سیستەمی زمانی و سیستەمی زمان تێپەڕ. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی دژبەریش بێت، هونەر (بە واتای ڕۆمانتیکیانەی پەیڤەکە) یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دەستەواژەگەلی دوور و درێژ. هەرچی خەیاڵە، ئەوا بریتییە لە کۆنترۆڵ کردنی سیستەم. (پۆ) دەڵێ: "لە ئاکامدا، دەبینین مرۆڤی بلیمەت تەژی دەبێت لە شتی خەیاڵکرد، مرۆڤی خەیاڵکردیش هەرگیز شتێکی دیکە نییە بێ لە شرۆڤەکارێك"(٧٢).

کەواتە دەبێ لە غرووری ریالیزمایەتیی چیرۆك کەم بکەینەوە. (جیمس بۆند) کاتێك لەو نووسینگەیەی کە پاسەوانیی تێدا دەکات تەلەفۆنێکی بۆ دەکرێت، ئەوا "خەون دەبینێت" هەروەك دانەرەکە پێمان دەڵێت: "تەلەفۆن کردن لەگەڵ هۆنگ

کۆنگدا هەمیشە خراپە، بەدەست هێنانیشی زەحمەتـە". هەڵبـەت نـە "خەونەکـەی" بۆند، نە خراپیی تەلەفۆن کردنەکە هەواڵـە راسـتەقینەکە پێـك نـاهێنن. رەنگـە ئـەم ئەگەرە رووداوێکی "زیندوو" بێت، بـەڵام هەواڵـە راسـتەقینەکە، ئەوەیـە کـە دواتـر چەکەرە دەکات، کە خۆی لە دیاری کردنـی شـوێنی تەلـەفۆن کردنەکـە مـەڵاس داوە، واتە لـە دیـاری کردنـی هـۆنگ کۆنگـدا. بـەم جـۆرە، لاسـایی کردنـەوە، لـە هـەموو چـیرۆکێکدا، وەك خـاوەن ئەگـەرە مۆرکێـك دەمێنێتـەوە[٧٣]. ئـەرکی چـیرۆك لـەوەی پێشوودا نییە، بەڵکوو لە پێکهێنانی دیمەنێکدایە کە سەبارەت بە ئێمە وەك لوغزێـك دەمێنێتەوە، بەڵام بەوە ئاشنا نییە کە سەر بە سیستەمی لاسایی کردنەوە بێت.

ریالیستایەتیی بەدوای یەکدا هاتن لە ریزبەستنی ئاساییانەی ئـەو "کردارانـە"دا نییە کـە پێکـی دەهێـنن، بـەڵکوو لـەو لۆژیکەدایـە کـە تێیـدا بەرجەسـتە دەبێـت و سەرکێشی دەکات و بەسی لێ دەکات. دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە بڵێین، سەرنجدان لە واقیع بنەچـەی بـەدوای یەکـدا هـاتن نییـە، بـەڵکوو بنەچـە بریتییـە لـە زەروورەتـی هەمەرەنگی، تێپەڕاندنی یەکەمین شێوە کە پێشکەش بـە مـرۆڤ دەکرێـت، واتـە ئـەو دووبارە کردنەوەیە. ئەویش لەبەر ئەوەی بەدوای یەکدا هاتن، بە شێوەیەکی سەرەکی، هەموو (گشت)ـە، هیچ شتێك لە نێویدا دووبارە نابێتەوە. لێرەشدا لۆژیك بەهایـەکی نووسیارانەی هەیە، کە چیرۆك خاوەنی بەشێکیەتی. مرۆڤ هەمیشە دەتوانێـت بـەوەی دەیزانێت و بەوەی تێیدا ژیاوە، چیرۆك بئاخنێت. خۆ ئەگەر ئەمـە واش نـەبێت، ئـەوا بە لای کەمەوە، لە چوارچێوەی شێوەیەکدا دەبێت، کە دووبارە بوونەوە کپ دەکـات و نموونەیەکیش بۆ نەبڕانەوە بە دەستەوە دەدات.

چیرۆك وامان لێ ناکات کە ببینین، چونکە لاسایی ناکرێتەوە. ئەو ورووژانـەی لـە کاتی خوێندنەوەی رۆمانێکدا گڕمان تێ بەر دەدات، ورووژانی "دیتنی" شتێك نییـە (ئێمە لە واقیعدا هیچ نابینین)، بەڵکوو ئەوە ورووژانی واتایە، واتە ئەو سیستەمێکی بـاڵای پەیوەندییـە. ئـەویش خـاوەنی ورووژان و هیـوا و هەڕەشـە و سـەرکەوتنەکانی خۆیەتی: واتە ئەوەی لە چیرۆکدا "روو دەدات"، لـە رووی چـاوگە روانگـەوە شـتێکی

دەقاودەق نییـە[٧٤]. ئـەوەی روو دەدات تـەنیا زمانـە، ئـەوە سەرکێشـیی زمانـە کـە ئاهەنگ بە بۆنەی هاتنەکەیەوە هەرگیز نابڕێتەوە. خـۆ ئەگـەر هـیچ شـتێك لـەبارەی بنەچەی چیرۆکەوە نازانین، وەك چۆن هیچ شتێك لەبارەی بنەچەی زمانەوە نازانین، ئەوا دەکرێ بە شێوەیەکی ماقوولانە گریمانە بکەین، کە چیرۆك هاوسـەردەمی مۆنۆلۆگـە، ئا ئەمەشە وەك دەردەکەویت، پێشە ئەفراندنێکە بـۆ دیـالۆگ. ئـەوەی نیشانەشـە بـۆ ئەمە، بەدەر لە ئارەزووی سەپاندنی گریمانە پێکهێنەرەکە، ئەوەیە مرۆڤی بچـووك لـە هەمان چرکەدا (واتە کە لـە تەمـەنی سـێ ساڵیدا دەبێـت) رسـتە و چـیرۆك و گرێـی ئۆدیب "دادەهێنێت".

**پەراوێز:**

٦٢- ڤالێری دەڵێ: "رۆمان لە فۆرمدا لە خەون نزیك دەبێتەوە. ئەوەی ئەم رۆمان یان ئەوی دی دیاری دەكات، هەر خۆی مەرجە لەم مۆڵكایەتییە سەیرەدا: ئەویش ئەوەیە هەموو خزانەكانی رۆمان، هەڵبەت سەر بە ئەون".

٦٣- شارل بالی: زمانەوانیی گشتی و زمانەوانیی فەرەنسی، بێرن، چ- ٤، ساڵی ١٩٦٥.

٦٤- كلۆد لیڤی شتراوس (ئەنترۆپۆلۆژیای بونیاتگەری، ل ٢٣٤): "پەیوەندییەك هەیە كە لە خودی گوزرەكەوە (الرزمە) پەیدا دەبێت. دەشتوانێت لە ماوەی دوور دووردا پەیدا بێت، ئەویش لەو كاتەدا كە دوا بەدوای یەك تەماشای دەكەین". (گریماس)یش جەختی كردە سەر لە یەك دووریی ئەركەكان (واتاناسیی بونیاتگەرانە).

٦٥- (ج. ب. فای) سەبارەت بە (بافومێ)ی (كلۆسفیسكی)یەوە دەڵێ: "زۆر دەگمەنە كە خەیاڵ كردن یان چیرۆك ئەوەی حەتمی و هەمیشەییە نەدۆزێتەوە، واتە بیر كردنەوە لە ژیان".

٦٦- بە گوێرەی لۆژیك، چاوەڕوانی تەنیا دوو ناوكی هەیە: هەرچی یەكەمیانە، چاوەڕوانییەكی سەنگینە. هەرچی دووەمیشە، ئەوا چاوەڕوانییەكی دروستە یان پووچەڵ. بەڵام ناوكی یەكەم، دەتوانێت بە شێوەیەكی فراوان هەڵگری پاڵنەر بێت. هەندێ جاریش، بۆی هەیە، بە شێوەیەكی نادیاری كراو وا بێت (وەك لە چاوەڕوانیی گۆگۆڵدا): ئەم جارەیان، گەمەیەك لەگەڵ بنیاتدا هەیە. ئەویش گەمەیەكە تا ئەو پەڕەكەی دەڕوات.

٦٧- فالێری دەڵێ: "پرۆست سوێند دەخوات، واشمان لێ دەكات هەست بكەین كە ئێمە دەتوانین بێ شومار سوێند بخۆین، نووسەرانی دی رانەهاتوون ئەو تێپەڕێنن".

٦٨- هەروەها تایبەتمەندی هەیە بە گوێرەی ماددە: وێژە توانایەكی بێ هاوتای شاردنەوەی هەیە، نموونەی تەنانەت لە سینەماشدا نییە.

٦٩- ئەم کورت کردنەوەیە بە زەروورەت لەگەڵ دابڕدابڕ کردنی کتێب بۆ چەندین بەش یەك ناگرێتەوە. بە پێچەوانەوە، وا دیارە بەشەکان رۆڵێکی زیاتر و زیاتریان هەیە لە دروست کردنی دابڕاندا، واتە دروست کردنی زەوق و شەوق (ئەمەش تەکنیکی زنجیرەی درامایە).

٧٠- نیکۆلا ریفێ دەڵێ: "دەکرێ وا لە شیعر بگەین کە زنجیرەیەکی گۆڕینە و لەسەر دەستەواژەکان چاپ کراوە، وەك کە دەڵێین: "خۆشم دەوێی". لێرەشدا ریفێ ئاماژە بە شرۆڤە کردنی ورێنە دەکات، کە فرۆید لەبارەی سەرۆك (شریبر) کردی (پێنج شرۆڤەی دەروونی)".

٧١- هیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان "کەسی" سەرەکیی گێڕانەوە و "کارەکتەر" (یان ئەو خود)ەی دەرهێنەر لە پێشکەش کردنی چیرۆکەکەیدا وێنای دەکات. کامیرا- (من)ی (جووت لەگەڵ چاوی کەسدا) بریتییە لە رووداوێکی نائاسایی لە دیرۆکی سینەمادا.

٧٢- "تاوانی چەند بارەکراوە لە شەقامی مۆرگ"دا وەرگێڕانی بۆدلێر.

٧٣- (جینیت) راستیی پێکاوە کاتێك لاسایی کردنەوەی لە پارچە دیالۆگی گێڕدراوەدا کورت کردووەتەوە. دیالۆگ هەروەها ئەرکێکی درك پێ کراو دەشارێتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە لاسایی کردنەوەوە نییە.

٧٤- مالارمێ (کریۆنە لە شانۆدا، بلیاد، ل ٢٩٦): "بەرهەمی شانۆ ریزبەستنی رواڵەتگەلی دەرەکیی رووداو دەخاتە روو، بە بێ ئەوەی لە چرکەیەدا واقیع بپارێزێت. لە دوا کاتدا هیچ شتێك روو نادات."

## فەرهەنگۆك

لە وەرگێڕانی هەر دەقێکی نوێدا کۆمەڵێك واتا و چەمکی نوێ دێتە نێو زمانی کوردییەوە. ئەو واتا و چەمکانەش ئێمەی وەرگێڕ کۆشش دەکەین زاراوەی نوێیان بۆ دابنێین. هەڵبەت لە دانانی زاراوەی نوێشدا بڕێ جار وەرگێڕ سەرکەوتوو دەبێت، بڕێك جاریش نا. هەر زاراوەیەکی خوێنەر پەسندی کرد، ئەوا لە فەرهەنگی زماندا جێگیر دەبێت، ئەگەر نا وەك گەڵای پاییز هەڵدەوەرێ. زاراوە جێ بگرێت لە نێو زماندا یان نا، ئێمەی وەرگێڕ ناچارین درێژە بە گواستنەوەی واتا و چەمکی نوێ و داڕشتنی زاراوەی نوێ بدەین. کەسانی وەرگێڕیش هەندێك جار زاراوەی جیاجیا دادەڕێژن، ئەمەی دادێ فەرهەنگۆکێکە بۆ هەندێك زاراوەی نوێ کە بۆ گواستنەوەی ناوەرۆکی ئەم دەقە من دامڕشتوون.

| کوردی | عەرەبی |
| --- | --- |
| بەرخوێندنەوە | الاستقراء |
| هەڵهێنجان | الاستنباط |
| هەناوگیری | الاستبطان |
| هەناوگیریی یەکلاییکەرەوە | الاستبطان القطعي |
| گریمانە هەڵهێنجان | الاستنباط الافتراضي |
| نیشانەناسی: سیمیۆلۆژیا | السيميولوجيا: علم الدلالة |
| هاوجۆرەکان | المطابقات |
| خزان | الانزياحات |
| جومگە زمان | اللغة المفصلية |
| میتۆدگەرییەکی بەرخوێندنەوەی پەتی | منهجية استقرائية محضة |
| نیشانەگەری | استدلالي |
| جومگەکاری | التمفصل |
| هاوگونجان | التجانس |
| نیشانە | دال |
| بەرنیشانە | مدلول |
| دۆزینکارانە | كشفية |
| گوێزەرەوە | ناقل |
| ڕێچکەیی | سياقي |
| پات کردنەوە | مضاعفة |
| درکەکار | كنائي |
| خواستەکار | استعاري |
| شاردەکار | اضماري |
| نیشانەگەری عەقڵی | استدلالي عقلي |

| | |
|---|---|
| پێشبینی/حەدەس | حدس |
| دوێنەر | محدّث |
| بەڵگەدەر | دلائلي |
| بەخۆدا هاتنەوە | الاستدراك |
| بەڵگە | دلالة |
| پەشێویی نیشانەدانی گوتار | التوتر الدلالي للخطاب |
| نیشانەکان | دلائل |
| توخمی هواڵدەر | العناصر المخبرة |
| ئامراز | وسيطة: وسائط |
| ناواخنکاری دووپاتانە | التضمينية المضاعفة |
| بەدوای یەکدا هاتن | المتوالية |
| ریزبەند دەبێت | تتسلسل |
| مانۆر دەکات | تراوغ |
| ئەرکی هۆشەچوو | الوظيفة الغيبوبية |
| لوغز | لغز |
| پاساوەتیی گوتار | حجية الخطاب |
| سیستەمێکی دووپاتکەر | نظام تأكيدي |
| رەسەناندن: دووبارە دەڕەسەنێتەوە | تعيد تأصيل |
| دیاریکاری | تعيينات |
| رفتارکاری | سلوكات |
| بویەر | وقائع |
| رۆنیشە زمان | اللغة التقعيدية |
| جومگەبەندی: دابڕدابڕ کردن | التمفصل: التقطيع |
| بۆژوور | ادخال (اسم) |

| | |
|---|---|
| بۆدەر | اخراج |
| بۆژوور کردن | ادخال (فعل) |
| پاڵپشتار: پاڵنراو | المسند |
| پاڵپشتێر: پاڵ پێدراو | المسند اليه |
| نیشانگری | الدلالة |
| یەك هەمەك | كل واحد |
| گونجانکاری | تكييفي |
| ناوك | النوى |
| بەدوای یەکدا هاتوو | المتوالية |
| زەوقسازی | التشويق |
| بڕگە دوالیزم | التثنية المقطعية |
| ریزبەستن | التتابع |
| هاوشان | نظير |
| چونیەکە لاملی | المحاكات التماثلية |